

**بۆ:**

**سارا**

**و**

**بانو**

# پێشەکی

## بۆچی دەبیت عەلمانی بین؟

لە راستیدا بۆ ئەوەی لە مانا مەیدانیەکانی عەلمانیەت بگەین، ناچارین لە سەرەتادا سروشتی ئەو دۆخە سیاسیە بناسینەوە کە سیستەمیکی وەك عەلمانیەتی تیا پیادەدەکریت. ئایا عەلمانیەت وەك سیستەمیك قابیلی خواستنە یاخود پیشتر پیویستی بە لەبارکردنی زەمینەی کلتوری هەیە؟ پرسیاریك کە بۆ سیستەمیکی وەك دیموکراتیەتیش هەمان شتە. پاشان ئایا عەلمانیەت بێ دیموکراتیەت دادەمەزریت، یاخود بە پیچەوانەوە دەکریت دیموکراتیەتیکی هەقیقیمان بێ عەلمانیەت دەستگیر ببیت؟ بەلکو لە نزیککەوتنەوەی وەلامی ئەم پرسیارانەدا شتیکمان بۆ رون بیتەوە.

لە سەرەتادا هەق وایە لەو پەیوەندیە بەیەکداچوە بگەین کە لە نیوان چەمکی دیموکراسی و عەلمانیەتدا هەیە، بێ ئەوەی خۆمان بەوەوە خەریك بکەین کە کامیان پیش ئەوی تریان دەکەون. مادامیك ئیمە دەخوازین لە سروشتی ئۆرگانی ئەو پەیوەندیە بگەین کە ئەم دوانە پیکەوە گریدەدات. لە راستیدا پرسی

عەلمانیەت پرسی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی‌یە، كۆمەڵگەیەك كە ڕێكخستنێكی ئاسۆیی و تەندروستی هەیە. لەو ڕووەوەی كە مەوداكانی دەربڕینی لە بەردەمدا ئاوەڵایەو خاوەنی توێژو گروپی كۆمەڵایەتی جۆراو جۆرە. واتە خاوەنی تەنها ماسكێك نی‌یە، بەڵكو هەر توێژو گروپێك بە پێی پێگەو بەرژەوەندی كۆمەڵایەتی خۆی ڕوخساری تایبەت بە خۆی هەیە. كۆمەڵگەیەك كە بە تەبیعەت ناچار دەبێت بۆ ڕایی كردنی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی خۆی هێزی كۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنێت، یان لانی كەم پێویستی بە نمایندەكردنی جۆراوجۆر ببێت. هەڵبەت ئەگەر بەشێكی ئەم نمایندەییە سروشتێكی كۆمەڵایەتی هەبێت، ئەوا بەشێكی ئەم نمایندەییە فۆرمێكی سیاسی هەیەو پێویستی بە گەلاڵەكردنی حیزبیانە هەیە. حیزبیش بەو مانا تەندروستەی مەبەستمانە، بریتی‌یە لە ڕێكخستن و جڵەوگیركردنی خەون و خەیاڵی گروپێك یاخود توێژێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو و داوتریش بە سیاسیكردنی بە ئاراستەی بەدیهێناندا.

بەم مانایەشە كە فرە حیزبی یاخود فرە نمایندەیی دەرئەنجامێكی سروشتی كۆمەڵگەی مەدەنیە. ڕێگرتنیش لە بە مەدەنی بونی كۆمەڵگە، لە هەمان كاتدا بەرپاكردنی سیستەمی فرە حیزبی هیچ نی‌یە جگە فێڵێك بۆ ڕازاندنەوەی خوانی دەستەڵات. واتە

ئەزمونێکی سیاسی بۆ خۆی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بە مەدەنی نەبونی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەویش بە غەرفکردنی کۆمەڵگە لەناو ئاراستەیەکی جەماوەری تاك ڕوخساردا و قۆرغکردنی هەموو میکانزمە مەدەنیەکانی دەربڕینی و خۆخەملاندن. لە هەمان کاتدا ڕێگەدان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی بەناوی بەرپاکردنی ژیانی فرە حیزبیەوە، ئەمەش بە بۆچونی ئێمە فاولگرتنێکی ئاشکرایە لە پرۆسەی مەدەنیەت و دیموکراسیەت و ئامانجی هەڵسوکەوتێکی لەو جۆرە تەنها بەخشینی شەرعیەتێکی سیاسی کاتیە بە دەستەڵاتداریێتیەك لە ڕێگای بەکارتۆنی کردنی ژیانی فرەحیزبیەوە. مادامێك کە کردنەوەی ئاسۆ کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە و دابین کردنی کەناڵە مەدەنیەکانی تەعبیر لەخۆکردن ڕستێك ئیجرائاتەو پێش بەرپاکردنی سیستەمی فرە حیزبی دەکەوێت، دیارە حیزب بەو پێناسەیەی سەرەوە کە بارکردن و ناردنی خەیاڵ و نیەتی گروپێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕوخسارە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

بێگومان دۆخێکی مەدەنی لەو جۆرەی باسمان کرد، پێویستی بە دیموکراسیەت هەیە وەك سیستەمێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی هەموو ئەو هێزانەی ئەرکی نمایندەکردنی توێژ و گروپەکانیان دەچێتە ئەستۆ. مادامێك کۆمەڵگەیەکت هەیە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە سیماو ڕوخساری جیاواز و فۆرمەلە

بوی تیایەو هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەستی بەسەر کۆی ستراکتۆری کۆمەڵگەدا نەگرتوە، بۆیە دەبێت ژیانی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەش بە میکانیزمێکی سیاسی وەها ڕێکبخرێت کە پانتایی دەستەڵاتی سیاسی بۆ نمایندەیەکی دیاریکراو قۆرغ نەکرێت. تەنها میکانیزمێکیش بۆ پاراستنی دەستکەوتە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە سیستەمی دیموکراسیەتە. ئەو سیستەمەی پانتای حوکمکردن لەبەردەم زیاد لە هێزێکدا ئاوەڵا دەکات و سندوقی هەڵبژاردن دەکاتە مەحەکی باڵادەستی هێزێك بەسەر هێزێکی دیکەدا، بێئەوەی شانسی حوکمکردن لەبەردەم هیچ توێژو گروپێکدا دابخات.

بەڵام هەموو ئەو هیزە سیاسیانەی لە دونیادا هەقی نمایندەکردن بە خۆیان دەدەن، دەخوازن هەڵگری شەرعیەتیکی وەها بن کە لە ریگایەوە دەستکراوەیی خۆیان پیادەبکەن. ئەم تەرحەش زیاتر بۆ ئەو کۆمەلگانە دەشیت کە ستراکتۆریکی مەدەنی نیەو تەنها پەیمانی کۆمەڵایەتی و متمانەی تویژە کۆمەلگەییەکانی بەس نیە بۆ بەخشینی شەرعیەتی نمایندەیی. هەلبەت لە گۆمەلگەی لەو جۆرەشدا هیزە سیاسیەکان مافی فراوانتر و دور مەوداتر بەخۆیان رەوا دەبینن، ئەمەش بیگومان شەرعیەتی زیاتریان لیدەخوازیت. دیارە شەرعیەتی ئاینیش بەهیزترین جۆری شەرعیەتە کە هیزیکی سیاسی لە ساتەوەختیکی کۆمەلگەیدا پەنای بۆ بەریت بە

جۆرێك كە ڕەنگە شەرعیەتێكی لەو جۆرە قەدەری ئەو هێزە سیاسیە لە هەموو ئەو لێپێچینەوەو چاودێریانە بدزێتەوە كە هەموو هێزێكی سیاسی لە واقعی مەیدانیدا پێویستە لەسەری مومارەسە بكرێت.

لێرەوە قسە لەسەر زەرورەتی سیستەمێك دەكەین كە ناوی عەلمانیەتەو یەكێكە لەو كەرەستە ئۆرگانیانەی كۆمەلگەی مەدەنی و دیموكراسیەتی پێ تەواو دەبێت، بەلام چۆن؟

بێگومان بەخشینی شەرعیەتی ئایینی بە هێزێكی سیاسی لەوێدا خەتەرە كە زەمینەیەكی پیرۆزكراو بۆ ئەو هێزە دابین دەكات، لە كاتێكدا زەمینەی كاری سیاسی لە بنەڕەتدا زەمینەیەكی مەیدانی و كۆمەلگەییە بە هەموو ماناكانی كۆمەلگەیی بون كە هەلبەت ئەو ڕێژەیی بون و گۆڕاویە دەگەیەنێت كە بەرژەوندی توێژو گروپە كۆمەلایەتیەكان دەیسەپێنێت. واتە شەرعیەتی ئایینی كە ڕەهەندێكی ئاسمانی هەیەو بە تەبیعەت سروشتێكی پیرۆزكراو و ڕەها بە هەموو ئەو ئایدیایەو نەریتانە دەدات كە دەبنە هەلگری، لە وەختێكدایە كە حیزب نمایندەی ئەو گرێبەندیە كۆمەلایەتیە دەكات كە گروپێكی كۆمەلایەتی دیاریكراو وەك ئەمانەتێكی مەدەنی پێیدەبەخشێت. مەبەست لە ئەمانەتی مەدەنی هەموو ئەو متمانە ڕێژەییە كە لە بنەڕەتدا ڕێژەی بونی بەرژەوەندی گروپ و توێژە كۆمەلایەتیەكان دەیسەپێنێت.

مـادامێك پێكهاتـەی كۆمەڵگـە پێكهاتەیـەكی گـۆڕاو دونیاییـە، بۆیـە نـاكرێت ئایدیایـەكی سیاسـی بـە شـەرعیەتێكی جێگـیرو ئاسمـانی نوێنەرایـەتی بكـات. حـیزبی سیاسـی لـە بنـەڕەتدا داهێـنراوێكی دونیـایی و كۆمەڵگەییە بۆ داكۆكی كردن لە ڕستێك نیەت و نـەرێتی كۆمەڵایەتی دیاریكراو، لە كاتێكدا ئاین بەرژەوەندی دینی و دنیـایی پانتاییـەكی بەشـەری فراوانـی هەیـە بـە هـەند وەردەگرێـت، ئەمـەش لـەوێدا خەتـەرە كـە ئـەو هـێزە سیاسیەی شەرعیەتێكی ئاینی بـە خـۆی دەدات و وەهمـی ئـەوەی لا دروسـت دەبێـت كـە دەتوانێـت لـە یـەككاتدا نمایندەی هەموو كۆمەڵگە بەسەر یەكەوە بكات، ئەمـەش ئەگەر لە بۆچوندا وەهمێكی زەق بێت ئـەوا بێگومـان لـە پراكتیكی سیاسیدا دەكاتە خۆسەپێنی و تۆتالیتاریەت.

لە لایەكی ترەوە ئاین لە ڕوی زەمەنیەوە مەودایـەكی سـەرو مێـژووی هەیـەو بـۆ هـەموو كـات و شـوێنێك دەسـتدەدات، هەڵبـەت هـەڵگرتنی شـەرعیەتی ئـاینی بـۆ حـیزب بیـانوی ڕەهـابوونی دەسـتدەخات و ئـەو تایبەتمەندیە دونیاییانەی لێدەسەنێتەوە كە لە بنـەڕەتدا حیزب خاوەنێتی.

بـەڵام بـا سـەرنجمان بـەلای ڕەنگدانـەوە سیاسـی و مەیدانیەكانی ئەم دۆخەدا بەرین و بزانین لە كوێدا ئـەم شتانە سیستەمی عەلمانیەتمان لێدەكەنە زەرورەتێك.

بێگومـان سیسـتەمی فــرە حــیزبی تەندروسـتترین فۆرمی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەیە، بەوپێیەی لە بنـەڕەتدا کۆمەڵگـە پێکهاتەیەکـە لـە زیـاد لـە توێــژو گروپێکـی کۆمەڵایەتی و هەڵبەت بەرژەوەندیـەك پێك دێت. بـەڵام ڕێکنەخستنی پـەیوەندی نێوان سیاسـەت و ئـاین یـاخود ڕاستر بەخشنیی شەرعیەتی ئاینی بـە پـارتێکی سیاسـی، ڕێگە لـە بـەردەم سیسـتەمی نماینده جۆراوجـۆر یـاخود وردتـر سیسـتەمی فـرە حـیزبیدا دەگرێـت و سـەرلەبەری هەقی نمایندەی کردن تەنها بۆ ئـەو هێزە قۆرغ دەکات، ئەمــەش خەتەرێکــە تەنــها جیاکردنــەوەی ســنورە بەیــەکچوەکانی نێــوان ئــاین و سیاســەت کۆتــایی پێدەهێنێت.

واتـە بـە تەبیعـەت بەخشینی شـەرعیەتی ئـاینی بــە هـێزێکی سیاسـی، داخسـتنی دەرگایــە لەسـەر پێویسـت بوونــی ژیــانی فــرە حــیزبیی و هــێزی جۆراوجــۆر و کردنەوەی دەرگاشە لەسەر ئینفرادیـەتی دەسـتەڵاتخوازی، مـادامێك ئـاین زەمینەیـەکی تاقانــە بــۆ نمـایندەکردن دەستەبەر دەکات. ئەمە لە لایـەك و لـە لایـەکی تـرەوە تـا ئـەو دەقەیـەی شـەرعیەتی ئـاینی تەنـها هێزێکی سیاسـی سەرپشك بکات، کەواتە هەمان هێز نـەك هەر شـەرعیەتی تاقانە بـون بگـرە کۆتـابونیش بـۆ خـۆی مسۆگەر دەکات. واتـە پێـی وا دەبێـت کـە نـەك هـەر نوێنـەری تاقانـەی کۆمەڵگایـە، بـەڵکو نوێنـەری هەمیشەیشـی دەبێـت. لـێرە

بەدواوە ئەوەی پێی دەوترێت ئالوگۆڕی دەستەڵات، چ مەعنایەکی نامێنێت و پانتایی حوکمکردن بۆ هێزێك بە بەردەوامی دەکەێتە سەرپشت. لەمڕووەشەوە دیموکراسیەت وەك سیستەمێکی سیاسی بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەو سەرپێشخستنی سیستەمی عەلمانی پێویستە، بەوپێیەی کە ناکرێت و نابێت گرەو لەسەر جیاکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسی بکەین لە ئاین و سنورە بەیەکداچوەکانی نێوانیان لێبکەینەوە، تا ئەو دەقەیەی هەموو ئەو میکانیزم و کەرەستە ئۆرگانیانەمان لەبەردەمدا نەبێت کە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە واتە بە عەلمانی کردن پێویستمانە.

بۆ نمونە بەرپاکردنی ژیانی فرە حیزبی و ئیجرائاتە مەیدانیەکانی ئەمبوارە و بەگەرخستنی سیستەمی هەلبژاردن لەناو ژیانی سیاسی و کردنەوەی دەرگای یاسایی لەسەر ئالوگۆرکردنی دەستەڵات و دابین کردنی کەناڵە مەدەنیەکانی دەربرین و یاساریژکردنی سەرتاپایی ژیانی سیاسی، زنجیرەیەك تەرتیباتە بۆ ئەوەی سیستەمی عەلمانیەتی پیی بخریتە سەرقاچ یاخود لانی کەم لە پرۆسەی وەرگرتنەوەی شەرعیەتی ئایینی لە هیزە سیاسیەکان، یان بە دەربرینیکی تر دەرهینانی بەرەی پیرۆز لەژیر پیّی هیزە سیاسیەکان نەکاتە دروستکردنی فەوزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی قول یاخود قەیرانیکی متمانەکردن بخولقینیت. بۆیە رەنگە هەلسوکەوتی

پێویست لـەمبوارەدا پێشـتر دروسـتكردن و دابینكردنـی زەمینـەی مـەدەنی و یاسایی متمانـەكردن بێـت، تـاوەكو بۆشـایەك دروسـت نـەبێت لـە پرۆسـەی گواسـتنەوەی ستراكتۆری سیاسیەوە لە ستراكتۆرێكی پیرۆز و ڕەهاوە بۆ ستراكتۆرێكی مەدەنی و ڕێژەیی.

ڕەنگە واقعی سیاسی و كلتوری كوردی هەنوكە لـە هەموو كات پتر پێویستی بەو پراكتیك كردنی سیستەمی عەلمانیـە بێـت، بـە تایبـەت كـە دیـاردەی هـەلگرتنی شەرعیەتی ئاینی لە لایەن چەند هـێزێكی كۆمەڵایـەتی و سیاسیەوە كە هەندێك بە (ئیسلامی سیاسی) نـاوزەندی دەكەن، بۆتە بەشێك لە ژیـانی سیاسـی و كۆمەڵایـەتیمان. بە ئەندازەیەك هەموو ئەو ئیجرائاتە دیموكراسیەی تازە بـە تـازە خراونەتـە گـەڕ، تێكـڕا لـە بـەردەم هەڕەشـەی دیاردەیـەكی لەوجۆرەدایـە. هەڵبـەت بـەرگرتنیش لـە شـەپۆلێكی لـەو شـێوەیە تەنـها بـە پـتر دیموكراتـیزەكردن ژیـانی سیاسـیمان چارەسـەر دەكرێـت. ئەگـەر پرۆسـەی دیموكراتـیزەكردنیش لـە ڕسـتێك نـەریت و ئیجرائـات پێكهاتبێت، ئـەوا تیۆریزەكـردن و وەرگـێڕانی كتێبێكـی لەمجۆرە بەشێكە لەو پرۆسەیە.

**توانا عوسمان**

I

# دیاردەی فێندەمێنتالیزم

**هاشم سالح**: بە درێژایی ئەم ساڵانەی دوایی ئسولێەت بۆتە یەکێك لەو مەسەلانەی جیهانی عەرەبی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، چۆن لەم دیاردەیە تێدەگەیت و هۆکارەکانیشی چۆن لێکدەدەیتەوە؟

**محەمەد ئەرکۆن**: لە چێوارچێوەی ئیسلام خۆیدا ناتوانین لە ئسولێەت تێبگەین، گەر بێتو بە ئسولێەتی ناو ئایینەکانی دیکەی بەراورد نەکەین، ناشتوانین بەشێوەیەکی دروست تاوتوێی بکەین گەر میتۆدە مێژووییەکانمان بەسەردا پراکتیزە نەکرد. بۆ نموونە وەکی ئەوەی لە خۆرئاوادا بەسەر ئسولێەتی مەسیحیدا کرا. کاتی ئەوە هاتوە فیکری عەرەبی یاخود ئیسلامی دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەو شتانە بکات کە لە دەرەوەیدا روودەدەن، بەتایبەتی لە بواری ئەو لێکۆڵینەوە تازانەی بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری ئایینەکان خولدەخوات. مەبەستم ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە پەیوەستە بە واتای دیاردەی ئایین و ئەو ئەرکانەی لە کۆمەڵگەدا رایدەپەڕێنێ.

لێرەوە بانگی موسڵمانان دەکەم تا زیاترو زۆرتر بایەخ بەوە بدەن کە مێژوو فێرمان دەکات. بایەخ بەوە بدەن کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەربارەی دیاردەی ئایین پێمان دەڵێن. بەم پێیە، بۆئەوەی لە دیاردەی ئسوڵیەت تێبگەین، ئەوا ناچار دەبین تا لە رێی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆی بچین. مەبەستم ئەوەیە، پێویستە زانستە کۆمەڵایەتیەکان (یاخود زانستە ئینسانیەکان) بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا جیبەجێ بکەین. وەك چۆن پیش ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا بەسەر ترادسیۆنی مەسیحیدا پراکتیزە کرا.

ئەلبەتە موسلمانە کۆنسێرفاتیف و ئسولیەکان بەرپەرچمان دەدەنەوە دەلین: زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا پراکتیزە نابێ، چونکە بەرهەمی خۆرئاوایە. بەم پییەش موسلمانان پەیوەندییان پییەوە نیە!..

ئەم هەلویستە سلبیە لە زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکان بە تەنها ئسولیەکان ناگریتەوە، بەلکو تا ئیستاش ئەمە هەلویستی زۆربەی زۆری رۆشنبیرانی عەرەب و ئیسلامییە. ئەلبەتە لەناو ئەمەدا چەند حالەتیکی ریزپەر هەیە، مایەی خۆشحالیشە کە چەند حالەتیکی ریزپەر هەیە. بەمجۆرە موسلمانان بەداخراوی لەناو بازنەی ترادسیۆنیکی داخراو بەسەر خۆیدا دەمیننەوە. ئەوان نایانەویت بواری گفتوگۆو مشتومر

بــەرفراوان بکرێــت و دەرگاکــان بخرێنـــە سەرپشــت تــا هەوایـەکی تـازە لێیـان بـدات. ئـەوان نایانــەوێت زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان بەسـەر ترادسـیۆنی خۆمـاندا پراکتــیزە بکرێـت، لـە پێنـاو نوێکردنـەوەی ترادسـیۆن و سـەرلەنوێ تـەئویلکردنی ئیسلامدا، بـەو پێیـەی دیاردەیـەکی ئـایینی مەزنە لە ڕیزی دیاردەکانی تـردا. ئـەوان لـەوە ناگـەن کـە میتۆدی بەراوردکاری لەگەڵ ئەوانی دیدا چەند بەسوودە، بـە مەبەسـتی تێگەیشـتن لـە خـود. جگـە لـە ئیسـلام چـەندەها ئـایینی تـر لـە جیـهاندا هەیـە، ئـەوەتانێ مەسـیحیەت و یەهودیـەت و بوزیــەت و هیندۆسـیەت و.. هتد، هەیە.

کەواتـە ئیسـلام وەکـی دیاردەیـەکی ئـایینی( بەشێوەیەکی ڕەها) جیاواز نیـە لـە تـەواوی دیاردەکـانی دیکە، ئەو دیاردانەی پـەیوەندییان بـەو ئایینانـەوە هەیـە کـە باسمـان لێکـردن. ئەڵبەتـە ئـەو هەڵوێسـتەی لـێرەدا وەریدەگریـن هەڵوێسـتێکی زانسـتییە، ئەمـەش تـەواو پێچەوانەی هەڵوێستی ئیمانی دۆگمایی یاخود هەڵوێسـتی خۆبەدەستەوەدەری ویژدانیە کە بە درێژایی سەدان ساڵ، بە میرات لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

مسوڵمانی تـەقلیدی یـان ئسـوڵی، لـە هیـچ شـتێکدا هەڵوێستی لە هەڵوێستی مەسـیحیەکی تـەقلیدی یـاخود یەهودیـەکی ئسوڵی جیاواز نیـە. لەبەرئـەوەی هەریـەك لەوان لەناو خۆیدا داخراوەو پێیوایە کەوا خـۆی ڕەهایـەو

لە دەرەوەی خۆشیدا هیچ شتێکی تر بوونی نیە، یان وەکی بڵێیی ئەوانەی وەك ئەونین گومڕاو سەرلێشواون .

مەبەستم لە هەڵوێستی خۆبەدەستەوەدەری ویژدانیش، ئەوانەن کە دەیانەوێت تەنها لە ڕێی ئیمانێکی تەقلیدیەوە قسە لەسەر ئیسلام بکرێت، بەدەر لەوە هەموو ئاقارێکی شیکاری ئەقڵانی و زانستی وەلاوە دەنێن. مادامەکیش ئەم ئاقارە باڵادەستە ئیتر مەحاڵە یەك هەنگاو بەرەو پێش بچین. کەواتە وا پێویست دەکات رەخنەی مێژوویی رادیکال بەسەر ئسوڵیەکان و غەیرە ئسوڵیەکانیشدا پراکتیزە بکرێت، واتە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر فیکری تەقلیدیدا جێبەجێ بکرێت.

**هاشم سالح**: هەندێك دەڵێن گوایە ئسوڵیەکان پەیڕەوی ئاقارێك لە ئاقارەکانی ئیسلام دەکەن، هەرچی ئاقاری ئەقڵانی و ئینسانیە (واتە ئاقاری موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان) پشتگوێ دەخەن. رات چیە بەم قسانە؟

**محەمەد ئەرکۆن**: بێگومان، بەڵام ئەو ئاقارە ئسوڵیە (یاخود سەلەفیە)ی لە سەدەی سیانزەوە جێگیر بووەو دەستی بە تەشەنەسەندن کردوە، داهێنان و بەرهەمی ئەمڕۆ نیە. ئسوڵیەکانی ئەمڕۆ رەگ و ریشەیان لە رابردوودا هەیە، تەنانەت وەکی دەبینین رەگ و ریشەیان لە رابردوویەکی دووریشدا هەیە. ئەوان لەسەر زەمینەیەکی سازو لەبار کاردەکەن، یان تۆ بڵێ گەشەدەکەن. زەمینەیەك لەمێژە ئامادەکاری بۆ دەکرێ و

ڕێی بـۆ خۆشـدەکرێت. نـهێنی هـێزو توانـاو تەشـەنەکردنی خـێراو بــە پەلــەیان لێرەدایــە. قوتابخانــە فیقهیــەکان بەتـەواوی لـە وڵاتـانی ئیسـلامیدا بڵاوبوونەتـەوە، لەهـەر وڵاتێکیشدا یەکێك لەو مەزهەبانە پەیڕەو کراوە: لە تورکیا مەزهەبی حەنەفیان پێ پەسەند بوە، لە سعودیە حەنبەلی، لە میسر شافعیو لە مەغریبی گەورەدا مالیکیو لـە ئـێران جەعفەری شیعی و.. هتد.

ئـەم تایبەتمەندێتیـە بەرتەسـك و سـنووردارە بــە پاشەکشەیەك لە فرە ئایدیۆلۆژی و فیکری دادەنرێت کە لە سەردەمی کلاسیکی، یان لە سەردەمی زێڕینی تەمەنی شارستانی عـەرەبی- ئیسلامیدا لـە ئارەدا بـوو. پلورالـیزم بەر لە پێخستنە ناو سەردەمی دووبارەکردنەوەو تەقلیدو جوینـەوەوە (واتـە لـە سـەردەمی داوەشـان و داخسـتنی دەرگای ئیجتیهاد)دا، شـتێکی مومکـین و ڕێپێـدراو بـوو. بۆیە هەر ئەوەندە بەس نیە کە بڵێین ئسوڵیەت لادانێکە لـە ئیسلام یـاخود بڵێـین پـەیوەندی بـە ئیسلامەوە نیـە، لەبەرئەوەی ئەمـە چارەسـەری کێشـەکە ناکات. گرفتەکە لەمە قوڵترەو ئسوڵی و غەیرە ئسـوڵیەکانیش دەگرێتـەوە. ئسوڵیەکان کەسانێکن بێگومـان بـە هـەموو تێکسـتەکانی فیکری ئیسلامی ئاشنانین، بەڵکو تەنها بەو ئاقارە ئاشنان کـە بـە درێژایـی مێـژوو باڵادەسـت بـوە. واتــە ئــاینزا سونیەکان لەلایەك و ئاینزا شیعیەکان لەلایەکی تر، بەڵام هەریـەك لـە مەزهـەبی سونەو شیعە هـەر لــە سـەرەتای

سەدەی سیانزەوە دووچاری چەقبەستنیکی ترسناك هاتن، یـاخود چوونەوەیــەکیکی ترســناکیان بــەخۆوە بینــی، ئەمەش تا سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، واتە تا رۆژگاری ئــەمرۆمان. ئــەم داخرانــە میژووییــە تــا ئیســتاش بــە شیوەیەکی زانستی لەلایەن موسلمانەوە تاوتویَ نـەکراوەو لیکۆلینەوەی لە بارەوە ئەنجام نەدراوە. گەر لیکۆلینەوەی لە بارەوە بکرایە، لەوە دەگەیەشتین کە ئەو رەوشەی تیی کەوتووین دەگەریتەوە بۆ ئەو سـەدە تاریکانـەی چووینـە ناوی‌و هەتا ئیستاش لیی نەهاتوینەتە دەر.

ئەمە مانای وایـە ئیمـە مـیراتگری ئـەو سـەردەمانەین کـە لـە جەوهـەری فرەیـی یـاخود بـە برشـتی فیکـری و ئـایدیۆلۆژی خالییـە، نـەك مـیراتگری ئیسلامی شـکۆداری ســەردەمی کلاســیکی بــین (ئیســلامی کلاســیکی شــەش سەدەی یەکەمی کۆچی دەگریتـەوە، واتـە تـا دەوروبـەری مردنـی ئیـبن روشـد). ئەمــە حەقیقـەتیکی میژووییــەو جیگای گومان نیە.

بـەم پییـە پیویسـت بـەوە دەکـات بــە شــیوەیەکی میژوویيانــە ســەیری مەســەلەکان بکــەین. تــا بزانــین ئـسولیەت بۆچـی گەشـە دەکـات و لـە هـەمو جییــەکدا تەشەنە دەسینیَ و پەلوپۆ دەهـاویت. نـاکریت لـەم شـتانە تیبگەین گەر بیت و لە چوارچیوەی ماوەیـەکی زەمـەنی کورتــدا ســەرنجمان دا، واتــە لــە مــاوەی بیسـت ســالی رابردوودا (با بلیین لە ساتەوەختی بەرپابوونی شۆرشی -

خومەینی-یەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا). بەڵکو پێویستە مەسەلەکان لە چوارچێوەی ڕوانگەی مێژوویی ماوە درێژەوە دەستنیشان بکەین، وەك ئەوەی مێژونووسی بەناوبانگ (فیرنان برۆدیل) باسی لێدەکات..

واتە بۆئەوەی لە نهێنی ئەم دیاردەیە تێبگەین کە لە ئێستادا تەواوی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە، بۆئەوەی ڕەگوڕیشەی وەها دیاردەیەك دەستنیشان بکەین، ئەوا پێویستە هەشت سەدە بگەڕێینە دواوە. بەمجۆرە دەبینێت کە زانستی مێژوو مەسەلەکانمان بەجۆرێك بۆ ڕۆشندەکاتەوە کە لەوەوبەر بەر لەئارەدا نەبووە. ئەمە گەر زانیمان چۆن چۆنی لە ڕووی میتۆدیەوە بەکاری بێنین، یاخود بە چ شێوەیەك بەسەر ترادسیۆی ئیسلامی دێرینماندا پراکتیزەی بکەین. ئەمە بیری ڕەخنەیی لەناو ئیسلامدا نوێدەکاتەوە، ئێمەش لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوپەری پێویستیمان پێیەتی. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، فیکری ئیسلامی بەسەر ئاقاری زانستە ئینسانیەکان و زاراوەکانی و دەسکەوتە مەعریفیەکانیدا دەکاتەوە، ئەو دەسکەوتە مەعریفییانەی مەحالە لەمرۆ بەدواوە پشتگوییان بخەین.. بەمجۆرە دەبینین کە پراکتیزەکردنی ئاقارو ڕیبازە مۆدێرنەکان بەسەر لێکۆڵینەوەی ترادسیۆنی ئیسلامیدا شتێك نیە بە تەنها خوازیاری بین، بەڵك خواستێکی پێویست و هەنووکەییە،

بۆئــەوەی فیکــری ئیســلامی لــە قەتیســمانی زەمــەن و دووبارەبوونەوەی سەردەمەکان رزگاربیکەین..

**هاشم سالح**: تۆ تەواوی پرۆژە فیکریەکەت لەژێر ئەم ناونیشانە پان و پۆرەدا دادەنییت: (رەخنەگرتن لە ئەقلی ئیسلامی)، مەبەستت چیە لەمە؟

**محەمەد ئەرگۆن**: ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەمجار لەوکاتەدا لەدایکبوو کە سەرقالی ئامادەکردنی کارنامەکەم بووم، بـۆ بەدەست هینانی دکتۆرای دەولـەت دەربـارەی (مەسـکویە) وەکـی فەیلەسـوف و میژوونووسـیك. (ئیــبن خــەلدون) نمونە بە (مەسکویە) دینیتەوە، ئەمــەش بەلگەی گرنگی ئــەو دەســەلمینن.. ئــەم بیریــارە ئاســۆیەکی گــەورەی لەبــــەردەمدا کردمــــەوە، لەبەرئــــەوەی ئازادیــــەکی سەرسورهینەرم لەبیرکردنەوەدا لا بەدی کرد، گەر بیت و لەگەڵ ئەقلی ئایینی دۆگماتیستی باودا بـەراورد بکریـت. لای (مەسکویە) ئەوەم بەدیکرد کە ئەو ئەقل بـە شـیوەی فەیلەسـووفە یۆنانیـەکان بـەکاردینیت. ئـەو بـە فیعلـی فیکـری یۆنــانی ئەزبــەر کردبــوو، فیکریــك کــە پیشــتر دەقەکانی وەرگیررابوونە سەر زمانی عەرەبی، بەرلـەوەی (مەسـکویە) لــە ســەدەی چوارەمــی کۆچــی (دەیــەمی زایینی)دا چاو بە دنیا هەلبینێ و پیبگات. ئەم بیرمـەندە موسلمانە پابـەندی ئـەقلی رەخنـەیی فەلسـەفی بــوو بــە هـەموو رەهەندەکانیـەوە. پاشـان دوای ئـەوە ئاشـنای ئــەو

بیرمەندانەی تر بووم کە هاوسەردەمی (مەسکویە) بوون، لـە ریـزی پیشەوەشـیاندا (ئـەبو حـەیانی تـەوحیدی). بـەمجۆرە کارنامەیـەکی تـەواوم دەربـارەی ئـەو نـەوە رۆشنبیرە نووسی، نەوەی (مەسکویە و تەوحیدی).

وەکـی دەزانریـت ئـەوان پیکـەوە لـە ریگـای نامـە گۆرینەوەوە( یان پرسیارو وەڵامەوە) کتیبیکی هاوبەشیان دانـاوە، ئـەویش کتیبـی (الهوامـل و الشـوامل)ە، کـە لـە زمانـەکانی تـردا نمونـەی دەگمەنـەو یەکیکـە لـە گەنجینـەکانی ترداسـیۆنی عـەرەبی ئیسـلامی. بـەلی خویندنـەوەم بـۆ (مەسکویەو تـەوحیدی) لـە ئەقلیـەتی بەرتەسـکی دۆگمـایی رزگـاری کـردم، ئـەو ئەقلیەتـەی مەخابن تا ئەمرۆش بەسەرماندا باڵادەستە.

**هاشم سالح**: جیاوازی چیە لە نیوان پرۆژەکەی تۆ بۆ رەخنـەگرتن لـە ئـەقلی ئیسلامی و پرۆژەکـەی (محەمـەد عـابد جـابری) بـۆ رەخنـەگرتن لـە ئـەقلی عەرەبی ئیسلامی؟

**محەمەد ئـەرگۆن**: پیموایـە (جـابری) بەشـداری لـە بزاوتـی ئیسـتهلاککردنی ئایدیۆلۆژیانـەی ترادسـیۆندا دەکات. بـە مانایـەکی تـر ئـەو دەیـەویت دەسـکەوتەکانی سـەردەمی کلاسـیکی یـان سـەردەمی زیرینـی تەمـەنی شارسـتانی ئیسـلامی نیشـانبدات. دەشـیەویت عـەرەبی ئـەمرۆ لـەوە دلنیا بکاتـەوە کـە ئـەوان رۆژیـك لـە رۆژان رابردوویەکی شکۆداریان هەبووەو لـە ئیستاشدا دەتوانـن

پشـتی پیببەسـتن تـا لـە رییـەوە بتوانـن رووبـەرووی تازەگەری ئەوروپی ببنـەوە، بـەڵام کیشـەکە لەوەدایـە کـە چارەسەر لە ئیستهلاکی ئایدیۆلۆژیانەی کەلـەپووردا نیـە، یـان لـە شـانازیکردن بـە بـاب و باپیرانـەوە نیـە، بـەلکو لەوەدایـە ئـەم کەلـەپوورە بکریتـە خـالی دەسـپیك بـۆ راگەیشتن بە کاروانی شارستانیەت و سەردەم.

ترادسیۆنی عەرەبی ئیسلامی لە سەردەمی کلاسیکیدا هـەر بـە کۆت و بـەندی کەش‌وهـەوای ئـەقلی سـەدەکانی ناوەراسـتەوە دەمینیتـەوە، سـەرەرای گرنگـی و مەزنیشـی. ترادسیۆن چارەسەر نیە بەلکو ئەو ئامرازەیە گـەر بیت‌و بزانین چۆن چۆنی بەکاری دینین و گەشەی پیدەدەیـن و تیی دەپەرینین، ئەوا دەتوانین بگەینە چارەسەر. هاوکـات لەگـەڵ ئەمەشـدا چـەمکی ئـەقلی ئیسـلامی زیـاتر مەلوسترە لە چەمکی ئەقلی عەرەبی، لەبەرئەوەی ئـەقلی ئیسلامی لـەناو تیکست و ئـەقلی ئینسانەکاندا ئامـادەیی هەیـەو دەتوانـین بەشـیوەیەکی ئاشـکراو هەسـتپیکراو دەسـتی لیبدەیـن، ئەودەمـەی ئیمـە هـەموو رۆژیـك بـەری دەکەوین. کەواتە تـاوتویکردنی لـە ریـی لیکۆلینەوەیـەکی رەخنەیی میژووییەوە، نـەك لیکۆلینەوەیـەکی تـەجریدی و خەیاڵ ئامیز، کاریکی شیاوە. بـەم مانایـە رەخنـەگرتن لە ئەقلی ئیسلامی یەکەمین هەنگاویکە پیویستە بنریت، تـا موسـلمانان پـێ بخەنـە نـاو نویگەریـەوە و ببنـە خاوەنی نویگەری.

ئەوەی راستی بێت (جابری) خۆی لە بەکارهێنانی چەمکی رەخنەگرتن لە ئەقلی ئیسلامی لاداوەو ئەو چەمکەی بە رەخنەگرتن لە ئەقلی عەرەبیە گۆریوە، ئەمەش بۆئەوەی لە سەرئیشەو گیروگرفت و بەرپرسیاریتی بەدوور بێت. ئەمە فێلێکی ئاشکراو روونەو لەکەس شاراوە نیە. ئەو کێشانەی لەمرۆ سبەیدا رووبەرووومان دەبێتەوە بریتیە لە کێشەی رەخنەگرتن لە ئەقلی ئیسلامی، لەبەرئەوەی ئەقلی عەرەبی بۆ خۆی ئەقلێکی ئاینیە، یان تۆ بلی تا ئیستاش قۆناغی ئاینیی لە بووندا تێنەپەراندووە. کەواتە چۆن دەتوانین رەخنە لە ئەقلی عەرەبی بگرین، بێئەوەی رەخنە لە ئەقلی ئاینی بگرین؟! ئەمە کارێکی مەحالە. بەمجۆرە ئەوا رەخنەگرتن لە ئەقلی تیۆلۆژی سەدەکانی ناوەراست کە سەدان سالە بالادەستە بەسەر مانەوە، ئەرکی گەورەی تەواوی رۆشنبیری عەرەبی پێکدێنێت.

بەبێ ئەنجامدانی ئەم کارە نە ئازادی هەیە نە رزگاربوون، بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ئیستادا روودەدات.. ئەلبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە (جابری) هیچ شتێکی نەکردوە، بێگومان ئەو هەولەی ئەو بەسوودەو لە گرنگترین ئەو هەولانەیە کە ئیستا لە گۆرەپانی عەرەبیدا هەیە، بەلام ئەمە بەس نیەو سەبوری نادات، پێویستە ئەمە تێپەرینین بەرەو ئەوەی قولتر و دوورترە. بە کورتیەکەی پێویستە بچینە ناو

جەوهەری گیروگرفتە راستەقینەكانەوە، نابیت بە بیانووی لەبەرچاوگرتنی میللەت یاخود جەماوەر و.. هتد، خۆمانی لێ لابدەین.. پێویستە رەخنە بگاتە رەگوریشەی شتەكان، نەك بەوەندە بوەستێ ختوكەیان بدات یان بە ناسكیەوە دەستیان بۆ بەریت.

**هاشم سالح:** بۆچی خۆرئاوا سەردەمی رینیسانس یاخود دابرانی لەگەڵ سەدەكانی ناوەراست بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئیمە نەمانبینی؟

**محەمەد ئەرگۆن**: ئیمە دوو هەولدانمان بۆ رابوون بەخۆمانەوە بینی، بەڵام هەردووكیان لەباربران. یەكەمیان وەك باسمانكرد لە سەردەمی كلاسیكیدا روویداو دووەمیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو. ئەگەر بوار لە بەردەم رینیسانسی یەكەمدا برەخسایە بەردەوام بوایە، ئەوا ئیمە جلەوی رەوتی میژوومان دەگرتە دەست و رۆشنگەری فكریشمان دەناردە ئەوروپا، یان بەلانی كەمەوە ئەوا ئیمە لەم رۆشنگەریەدا پیشیان دەكەوتین.

راستیەكەی ئیمە بە دریژایی هەردوو سەدەی نۆیەم و دەیەمی زایینی/ واتە سییەم و چوارەمی كۆچی، لە بوارەكانی زانست و ئەدەب و فەلسەفەدا لە پیشەوە بووین. لە سەرەتای سەدەی دوانزەوە ئەوروپا زۆر شتی لێ وەرگرتین، بەڵام بە داخەوە ئەم رینیسانسە فكریە شكۆدارە زۆر نەژیاو لەلایەن چینیكی كۆمەڵایەتی كراوەی وەكو چینی بۆرژوازی لە ئەوروپا پشتیوانی

لینــەکرا. ئاشکراشـــە گــەر دروســتبوونی ئــەم چینــەو کرانەوەی بەسەر بیروبۆچوونە تازەکان و پشتیوانیکردنی لە فەیلەسوفانی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا نەبوایە، ئـەوا ئـەوروپا نـەیدەتوانی لـە دروسـتکردن و دامـەزراندنی ئـەو شارستانیەتەی ئـەمرۆ لەبەرچاوماندایـە سـەرکەوتوو بیـت.. چونکە ئـەوە چینی بۆرژوازیـەت بـوو کۆسپ و تەگـەرەکانی دەرەبەگایـەتی لـەناو کۆمـەلدا رامـالی، هـەر ئـەویش بـوو کـە چینی کۆنی خانەدانەکانی لـە شوینەکانی خۆیان هەلکەندو بەشـداری لـە پیکهینانی نویگـەریدا کـرد.. بـەلام ئـەو چینـە بۆرژوازیـە بازرگانیـەی لای ئیمـە لەسـەردەمانی (مـەئمون) و جیگرەکانیدا گەشەی سەند، پشتیوانی لە فیکری رۆشنگەری موعتـەزیلـەو فەیلەسـوفەکان) دەکـرد هـەرزوو بـەلادا هـات و لـەناوچوو، ئـەویش بـەهۆی گۆرانـی ریگـا بازرگانیـەکان لـە جیهانی عـەرەبی ئیسلامیەوە بـۆ شـوینەکانی تـر. هـەرچی رینیسانسـەکەی دیکـەمان کـە لـە سـەدەی نـۆزدەدا دەسـتی پیکردو تا ناوەراستی ئەم سەدەیە بەردەوام بوو، هەمان شت بەهۆی چەند هۆکاریکی ناوخۆیی و دەرەکیەوە لەباربرا.

تـا ئیسـتاش سـەرلەنوێ چاوەریی رابوونیـك دیکـەین. جا ئەگەر بۆ هـەزار جاریش لـە هەسـتانەوەدا شکسـتمان هینا، ئەوا دەبیت جاریکی دیکەش واتە بۆ جـاری هـەزارو یەکەمین، تەکان بدەینە بەر خۆمـان.. هـەموو ئـەوەی لـە ئیسـتادا دەیبینـین زەمینـە خۆشـکردنیکە بـۆ سـەردەمی

رابوونی عەرەبی و ئیسلامی لە داهاتوودا، بەڵام ئەمەش ئەگەر لە ریگای فیکریکی تازەوە نەبیت، ئەنجام نادریت.

**هاشم سالح:** ئایا رۆشنبیرانی رەخنەگری وا لە ئارادا هەن کە میتۆدو ئاقارە نوییەکان بەسەر باس و لیکۆلینەوەی ترادسیۆنی ئیسلامیدا پراکتیزە بکەن؟

**محەمەد ئەرگۆن:** وا هەستدەکەم تا ئیستا رۆشنبیریکی موسلمانی وا نیە بویریت قەرەی رەگوریشەی کیشەکان بکەویت. ئەلبەتە چەند تەقەللایەك لە ئارادایە، بەڵام دوور ناروات. پیویستە ئەوە بزانیت کە فیکری عەرەبی ئیسلامی لە ساتەوەختی (ئیبن روشدو ئیبن خەلدون)ەوە لە بەخشش و ئەفراندن وەستا. بەمجۆرە کیشوەریك لە بیر لینەکراوەو ئەو شتانەی ئەستەمە بیری لیبکریتەوە، بە دریژایی ئەو هەموو ماوە زۆرە لە گۆرەپانی ئیسلامیدا لەسەریەك کەلەکە بوون. ئەمە مانای وایە کەلینیکی میژوویی گەورەو بەرفراوان هەیەو پیویستە نەهیلریت یان کەمبکریتەوە. ئەلبەت پیویستە ئەوەی لە سەردەمی رینیسانسی سەدەی نۆزدە تا ناوەراستی سەدەی بیستەم روویدا لەبەرچاو بگرین، چونکە رابوونخوازەکانی وەك (تەها حسین) و نمونەی وەك ئەو بە دریژەپیدەری یان هاوریبازی (ئیبن روشدو ئیبن خەلدون) دادەنرین.

بەڵام ئەم ئاقارە ئەقڵانیە رەخنەییە لە ساڵانی دواتردا بەردەوام نەبوو، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی

ناوخۆیی و دەرەکی. دەکریت بلیین بە دریژایی ئەم ماوەیە، لیکۆلینەوەی میژوویی رەخنەیی بۆ ترادیسیۆنی ئیسلامی دوادەخرا، ئەم دواخستنەش لەژیر ناوی پیویستی خەبات و تیکۆشان لە دژی ئیستعماردا بوو. ئەمە لەکاتی خۆیدا کاریکی رەواو بەجیٚ بوو، لەبەرئەوەی ئازادکردنی ئیرادەی نیشتمانی لە پیش هەموو شتیکەوە بوو.

لەوەها هەلومەرجیکیشدا ئەوە کەلەپوورە کە دەتوانیت سەنگەریکی پتەو بە دەوری کەسایەتی کۆمەلایەتی و نیشتمانیدا دروستبکات. بەوپییەش ناکریت لەناو ئاپۆرەی ململانیٚ و بەگژاچوونەوەی داگیرکاراندا یان لە حالەتی هەبوونی هەرەشەی دەرەکیدا رەخنەی ئاراستەبکریت، بەلام ئیستاکیٚ بارودۆخ گۆراوە. دوای ئەوەی پەرژاینە سەر خۆمان ئەم لیکۆلینەوە رەخنەییە زیاترو زۆرتر خۆی دەسەپینیٚ، ئەویش لە پیناو قوتاربوون لەو چوارچیوە دۆگماییە ئەرسۆدەکسیەی کەلەپوور. ئیتر لەپاش رزگاری دەرەکی سات و وەختی رزگاری ناوخۆیی هاتووە. تەشەنەکردنی ئەو بزاوتە ئسولیانەی ئیستا بە گورو تینەوەیە چیە؟ ئەگەر گەورەترین بەلگەیەك نەبیت لەسەر پیداویستی بەشداریکردن لەم لیکۆلینەوە رەخنەییە قولەی کەلەپووردا..

# II
# ئایین و عەلمانییەت

**هاشم سالح:** ناکریت ئیمە ئەم مەسەلە گەورانەی پەیوەندی بە هیومانیزمی ئەوروپی کلاسیکی و شیوازی مەعریفەی کلاسیکی‌یەوە هەیە بوروژینین، هەروەها باس لەو شۆرشەی بیرمەندانی فەرەنسی بکەین بەسەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەدا کە بە دریژایی قۆناغەکانی پیشوو لە ئارادا بووە، بێ ئەوەی (بەتایبەتی) بیر لەو شۆرشەی تۆ نەکەینەوە بەسەر ئۆریانتالیزمدا کە ئەمەش بۆ خۆی بەشیکە لە هیومانیزمی ئەوروپی کۆن و لیی جیا نابیتەوە. ئەلبەتە شەری تۆ لەگەڵ ئۆریانتالیزمدا شەریکی روکەشانەی ئایدیۆلۆژی نییە، بەو شیوەیەی کە عەرەب و موسلمانان سەردەمانیکی دوورو دریژە شەریکی توندی لەگەلدا دەکەن و هەنووکە بۆتە شتیکی بیتاقەتکەرو دووبارە بووەوە، بەلکو ئەوەی تۆ ترسناکترو زۆر قولترە: لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە جەوهەری سستمی مەعریفەو ئەو وەرچەخانەی ئەبستمۆلۆژیەوە هەیە کە ئۆریانتالیزم تا ئیستاش نایەویت میتۆدەو دەرەنجامەکانی لەبەرچاو بگریت. دەکریت لەم رووەوە مەسەلەکەمان هەندیک بەدریژی بۆ باس بکەی؟

**محەمەد ئـەرگۆن:** کیشـەی مـن لەگـەڵ ئۆریانتـالیزم و میتۆدەکانیدا کۆنـترە لـەوەی تـۆ دەیزانیـت. مەسـەلەکان لەو کاتەوە دەستیان پیکرد کە لە سالی ١٩٥٠ خویندکاری کۆلیـژی ئـاداب بـووم لـە زانکـۆی جـەزائیر. ئـەوکات مامۆستاکان (هەموویان فەرەنسی بوون) بە هیچ جۆریك کیشەکانی کۆمەلگەی جەزائیری یان کیشـەکانی کۆمـەلگا عەرەبیـەکان یـان ئیسلامیەکانیان بـەهیند وەرنـەدەگرت. واتە مەبەستم ئەوەیە ئەوان بە شـیوەیەکی مـەعریفی و ئەبستمۆلۆژی ئەو کیشانەیان نەدەخستەروو یـان هـەولی ئەوە بدەن گەر چارەسەریشی نەکەن ئەوا دەست نیشـانی بکەن. ئەوان لە دوورەوە، زۆر لە دوورەوە لییان دەروانیو لـە دەرەوە سـەیری ئـەو کیشانەیان دەکـرد، وەکـی ئـەوەی پەیوەندی بەوانەوە نەبیت. پاشان لەوەش گرنگتر ئەوەیە کـە: لـە میانـەی روانگەیـەکی هیومـانیزمی بـورژوازی فەرەنسـیەوە سـەیریان دەکـرد، ئـەو هیومانیزمـە رووکەشەی دواتر "فۆکۆ" و کەسانی وەك ئەو بە روویـدا وەستانەوە.

ئـەوکات کلتـوری خۆرئـاوا خـۆی بـە کلتوریکـی یۆنڤیرسالی جیهانی دەدایـە قەلـەم. بـۆ ئـەوەش هـاتبووە جـەزائیرەوە تـا جەزائیریـە درندەکـان بکاتـە کەسـانیکی شارستانی (واتـە بـۆ ئـەوەی داخـڵ بـە شارسـتانیەتیان بکـات)، نـەك هـاتبیت وەك ئیسـتعماریك وڵاتەکـەیان داگیربکات. واتە کلتوری فەرەنسی شانازی بـەوەوە دەکـرد

کە باڵادەستی بەسەر هەموو کلتورەکانی تردا هەیەو نایەویت دان بەو کلتورانەو تەنانەت بە زمانی نەتەوایەتیشیاندا بنیت.

لەو قۆناغەدا ئیسلام لە لایەن ئایینی مەسیحیەوە پەراویز خرابوو، موبەشیرەکان بەو مەبەستە هاتنە جەزائیر تا خەلکانی ئەوێ لەسەر دینی خۆیان لادەن و بیانکەنە مەسیحی. من بۆ خۆم لەگەڵ هاوتەمەنەکانمدا هەموو ئەم شتانەمان ئەزموون کرد. پیویستە ئەمانە بزانیت تا لە بنەمای بیرکردنەوەو بایەخی رۆشنبیری من حالی بیت. پیویستە خەلکی ئەمانە بزانن تا لە هۆکارەکانی یاخی بوونی فکری من تێ بگەن و بزانن من دەمەوێ چی بونیاد بنیم.

من لای خۆمەوە هەر بەوەندە ناوەستم (وەکی هەندیك باسی دەکەن) کە هەر رەتبکەمەوە یان بروخینم یاخود رەخنە بگرم. سەردەمانی ئیستعمار من لە فەزایەکی سەرکوتکراو و کەرو لاڵ و بێدەنگ و نائومیدیدا ژیاوم. وتم (کەرو لاڵ) و (بێ دەنگ)، لەبەر ئەوەی تەنانەت نەمدەتوانی قسە بکەم و دەم بکەمەوە تا نارەزایی دەربڕم. لە جەزائیردا بەر لە سەربەخۆیی، جەزائیریەك مافی ئەوەی نەبوو نارەزایی نیشان بدات یاخود قسە لەسەر مەسەلەکان بکات، چونکە ئەو کاتە ئیستعمار لە دوارۆژەکانیدا بوو، زۆر لە جاران توندترو درەندەتر بوو، لەبەر ئەوەی هەستی بەدوادوایی مانەوەی خۆی دەکرد.

ئیسـتعمار بـەم شـیوە لـوت بەرزیـەی خۆیـەوە ئامادەییـەکی بـەهیزی لـەناو زانکۆدا هـەبوو. ئیمـە تەنـها پینـج یان شەش خویندکاری بـە ئەسڵ جـەزائیری بوویـن زمان و ئەدەبی عەرەبیمان دەخویند، بەڵام فەرەنسیەکان کە لە کۆلیژەکانی تر دەیانخویند ژمارەیان هەزاران کـەس دەبـوو. ئەلبەتـە فەرەنسـیەکان حـەزیان بـە خویندنـی زمانی عەرەبی نەدەکردو کەم تا زۆر هەولی ئەوەیان دەدا ریّ بە خویندنی نەدەن و ئاستەنگی لە بەردەمدا دروست بکەن. لیرەوە بیر لە رادەی بارقورسی هەلومـەرجیکی وا بکەرەوە، بە نیسبەت گەنجانی جەزائیرەوە.

لەوکاتەوە سەرەتاکانی رەتکردنەوەی ئۆریانتـالیزم لـە ناخمدا چەکەرەی کرد، بە هەموو میتۆدەو ئاقارەکانیەوە. پاشـان یـاخی بـوونم ئاراسـتە بـوو لـە دژی کۆمەلگـەو حالـەتی کۆمەلگەو دژی ئـەو زولـم و ستەمەی دووچاری کۆمەلگەی جـەزائیری بووبـوو. ئـەوکات سـەرنجی ئـەوەم دەداو ئـەو کەلینـە بەرینـەم دەبینـی کـە لـە سـەرجەم ئاستەکاندا لە نیوان پیشکەوتن و گەشەسەندنی فەرەنساو دواکەوتوویی جەزائیردا هەبوو. لەو سەردەمانەدا جەزائیر گیرۆدەی ئاقاری سکولائی قوتابخانـەیی دووبـارە بـووەو نەزۆك بووبوو، ئەمە لە کاتیکدا فەرەنساو شارستانیەتی خۆرئـاوا بـە شـیوەیەکی گشـتی شـانازیان بەخۆیانـەوە دەکردو پشت ئەستوور بوون بە هیزو تازەرگەری خۆیان. لەناو ئەم هەلومەرجەدا یەك شت زەینـی منـی داگیرکرد

ئـەويش: ئـــيرادەی تيگەيشـــتن و مەعريفـــە بـــوو. مـــن دەمويســـت بـــزانم بۆچـــی هەلومـــەرج وەهايـــە؟ بۆچـــی بەمجۆرەيـە كـە هەيـە؟ ئەمـە ئـەو پرسـيارە سـەرەتايی و ريشـەيیيە بـوو كـە لـە پشـت تـەواوی ليكۆلينـەوەو بيروبۆچوونەكانمـەوە بـووە، بـە دريژايـی سـی سـاڵ و تـا ئـەمرۆ. بـۆ نمونـە بـا شـتيكت بـۆ بگيرمـەوە كـە لـەو سـەردەمانەدا كاتيك خويندمـەوە رايچەلـەكاندم، ئـەويش گوتارە بەناوبانگەكەی "ئەمير شەكيب ئەرسەلان" بوو بە نـاوی: (بۆچـی موسـلمانان دواكـەوتن و ئـەوانی تـر پيشكەوتن؟). ئـەم پرسـيارە ليـم نـەبووەوەو بـەردەوام داوای وەڵامـی لی دەكـردم. بـەمجۆرە داخـڵ بـە ريگـای دۆزينەوەو تيگەيشتن و عيرفان بووم.

رەنگە هـەر لەبـەر ئـەم هۆيـەش بووبيت تيكـەڵ بـە خـەباتی سياسـی يـان بـە حيزبـە سياسـيەكان نـەبووم، لەبەرئـەوەی ئەمانـە دروشـم و شـيكاريی و ليكدانـەوەی خيراو بە پەلەيان پيشكەش دەكرد، كاريك كە تيونيـەتی نەدەشكان و نەيدەتوانی رازيم بكات.

**هاشم سالح**: تايبەتمەندی و دەگمەنی ئاراستەی فكری تۆش ليرەدايە، بە بـەراورد بـەو نەوەيـە لـە رۆشـنبيران و ئايديۆلۆژيستانی عەرەبی كە بە شيوەيەكی گشتی تيكـەڵ بـە ژيـانی سياسـی و حيزبايـەتی بـوون، ئەمـەش زۆربـەی كاتی بردن، بـە رادەيـەك مەسـەلەی كەشـفی مـەعريفی و تويژينەوەی زانستييان فەرامۆشكرد.

**محەمەد ئەرگۆن:** رەنگە وابیت. بەهەر حاڵ، زۆربەی لاوانی جەزائیر چونە ریزی بزوتنەوە نیشتمانیەکان لە پیناو بەدەست هینانی سەربەخۆییدا. ئەم مەسەلەیە گرنگی زۆر هەبوو، لە پیش شتەکانی ترەوە بوو. بەلأم لای خۆمەوە، بە مەبەست ریگای فکریم بۆ رزگاربوون هەلبژارد. بەلأم یاخی بوونی فکریی من هەمان یاخی بوونی تیکۆشەریکی سیاسی بوو. بە تەنها ئامرازی کارکردن و بەرنامەمان جیاواز بوو، بەلأم ئەو ئامانجەی مەبەستمان بوو یەك شت بوو؛ کە بریتی بوو لە ئازادی و بەدەست هینانی سەربەخۆیی.

لە حالەتی یەکەمدا ئامانج ئازاد کردنی سیاسی نیشتمانی بوو، لە حالەتی دووەمدا (حالەتی من) رزگاری فکری و ئەقلی و جەزائیریەکان و تەواوی موسلمانان و عەرەب بوو. وەك دەبینیت شەری دووەم هیچی لە شەری یەکەم کەمتر نییە، بگرە زۆر ئالۆز ترو دوورو دریژ ترە لە رووی زەمەنیەوە. بەهۆی تەواوی ئەم هۆکارانەوە رەخنەم لەو شیوازی وانە وتنەوەیە گرت کە لە زانکۆی جەزائیردا میژوویان پێ دەوتینەوە. ئەوە شتیکی ترسناك بوو کە نە لە زانست و نە لە پەیرەو و پرۆگرامەکانی خویندن دەوەشایەوە. سەبارەت بە خویندنی ئەدەب یان زمانی عەرەبی و.. هتد، هەر بەو جۆرە بوو.

لەو کاتەوەو تا ئیستا ئەو یادەوەریە خراپانەم هەر لاماوە، پاشان بەلینی ئەوەم بەخۆم دا کە سەرلەبەر ئەوە

بگۆرم. کاتێك لەسـەرەتای شەسـتەکاندا بوومـه مامۆسـتا لـه سۆربۆن، دەست بەجێ ئەو ئاقارو میتۆدانـەم پـەیرەو کـرد کە تەواو لە پەیرەو و بەرنامـەی ئۆریانتالیزمـەکان جیاواز بوو. بۆ نموونە ئەوانەی لـه سـەرەتاوە (واتـه لـه سـالی ١٩٦٠ وە بەدەسـت نیشانکراوی) ئامـادەی وانـەکانم بـوون دەزانـن رادەی جیـاوازی لـه نیـوان مەنهەجیـەت و شـیوازی مـن لـه تویژینـــەوەدا، لەگـــەڵ مەنهەجیـــەتی ئۆریانتالیزمـــەکاندا چەندە. لەکاتی وتنـەوەی ئـەو وانانـەدا چـەند دەقیکـم لـه کتیبـــی میژوونووســـی فەرەنســـی (Robert Mandrou) دەربـارەی بنـــەمای فەرەنســای تـــازە بـــۆ خویندکارەکـان دەخویندەوە، ئەم دەقانەم بۆ روندەکردنـەوەو لـه گـەلیاندا دەکەوتمـــه باســـکردنی، بـــه مەبەســـتی ئـــەوەی ئـــەو جیاوازییـەیان بـۆ دەربخـەم کـه لـه نیـوان مەنهەجیـەتی میـــژووی تـــازەو مەنهەجیـــەتی ئۆریانتـــالیزمیدا هەیـــه. هاوکـات باسـی ئـــەوەیان بـــۆ بکـەم کـه چـۆن دەکریـت مەنهەجیەتی یەکەمیان بەسەر میژووی کۆمەلگا عـەرەبیو ئیسلامیەکاندا پراکتـیزە بکریـت، بـۆ ئـەوەی دەرەنجـامی چاکترو زۆر سوودمەند ترمان دەسگیر بیت.

تۆ ئەوە دەزانیت کە "رۆبیرماندرۆ" سەر بە گـروپـی (میـــژووی تازەیـــه) لـــه فەرەنســـادا، واتـــه لـــه گـروپـــی قوتابخانـەی (بلاوکـراوەی سـالانە)یـه. نـەوەك سـەر بـه قوتابخانەی (میژووی کۆن) بیت کە میژوو بە شیوەیەکی فیلۆلۆگیو وەسفی پەتی لیکدەداتەوە.

پاشان لە دواییدا گرفتیکی تازەی تر هاتە بەردەم ڕەوتی زانستیم، ئەویش پەیوەندی بە تیکستی قورئانی و چۆنیەتی خویندنەوەو تیگەیشتن لەو دەقە هەبوو. هەر دوای ئەوەی کارنامەی دکتۆراکەم دەربارەی (مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارمی کۆچی)دا تەواو کردو لە لیکۆلینەوەی فیکری ئیسلامی کلاسیکی بومەوە، هەستمکرد دەبیت زیاد لەوە بۆ دواوە بگەریمەوە. واتە بگەریمەوە سەر چرکەساتی قورئان، بۆ ئەوەی مەسەلەکان بە شیوەیەکی راست فەهم بکەم. هەروەها بۆ ئەوەی باس و لیکۆلینەوەکەم سەبارەت بە میژووی فیکری ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی بەهیزو پتەو دامەزرابیت. ئەم مەسەلەیەش وەك دەزانیت بە دریژایی چەندین ساڵ و تا ئیستا بەخۆیەوە خەریکی کردووم.

خالی سەرەتاو دەسپیکی ئەم کارەش ئەوە بوو، بە ریکەوت هەندێ شتی گرنگم دەربارەی ئینجیل بەرچاوکەوت. فزولی مەعریفی خۆم پەلکیشی کردم بەرەو جێو شوینی دی و ئایینی دیکە، بۆ ئەوەی وینەکە لە چوارچیوەیەکی بەرفراوانتردا ببینم و لە ریی بەراورد کردن و تیبینییەوە سەرنجی بدەم. بەراوردکاریش بۆ خۆی بنەمای زانست و تیگەیشتنە. رۆژیك بەسەر کتیبەکانی "دانییل رۆس"دا کەوتم سەبارەت بە ئینجیل. "رۆس" بۆ خۆی نووسەریکی مەسیحییەو لە چل و پەنجاکاندا ژمارەیەك کتیبی دەربارەی ئینجیلەکان

نووسیووە. بەرهەمەکانی زۆر میللی بوون، لەبەر ئەوەی بەشیوازیکی جوان و سەرنج راکیش نوسرابوون. هاوکات ئەم پیاوە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی بوو. کاتیك بۆ یەکەمجار کتیبەکانی ئەوم بەرچاوکەوت، لەخۆم پرسی ناکریت ئیمەش سەبارەت بە قورئان شتیکی لەو جۆرەی ئەو بکەین؟ چ دەرەنجامیکمان دەسگیر دەبیت، گەر بەم شیوەیە بەراوردکاریمان لە نیوان ئینجیل و قورئاندا کرد؟

ئەمە دەسپیك بوو، هەر ئەمەش دنەی فزولی مەعریفی دام. بەمجۆرەو لە بواری قورئاندا دەستم بەکار کردو سەرەنجامیش ئەو کتیب و تویژینەوانە بوو کە خۆت دەیزانیت.

**هاشم سالح:** ئەمە مانای وایە تۆ ئەوەت بەرامبەر قورئان کردووە کە بیریارانی رەخنەی میژووی ئەوروپی لەگەڵ ئینجیل و تەوراتدا کردویانە.. بە واتایەکی تر تۆ دەقی قورئانیت هیناوەتە ناو چوارچیوەی تویژینەوەی زانستی هاوچەرخەوە، بەمجۆرەش ئیسلامت داخڵ بە (میژوی ئایینی بەراوردکاری) کردووە؟

**محەمەد ئەرگۆن**: بەڵێ، بێگومان. هەر ئەمەش بو لە لایەن مەنهەجیەتی ئۆریانتالیزمیەوە رەتدەکرایەوە، مەنهەجیەتیك ئیسلامی لەناو تایبەتمەندیەکی بەرتەسکدا کۆدەکردەوە تا پەیوەندی بە هیچ شتیکی ترەوە نەبیت. ئەوان قسە لەمەر بەهای (یەهودیەت-

مەسیحیەت) دەکەن و ئیسلام دەکەنە دەرەوەی گۆرەپانی دیینە (ژیاریەکان) یان دەرەوەی ئاایینی کۆمەلگا شارستانیەکان.

یاخود لە باشترین حالەتدا گەر دەست بە بەراوردکردنی نیوان قورئان و تەورات و ئینجیل بکەن، تەنها بۆ ئەوەیە بلین: قورئان چیە جگە لە لاساییکردنەوەی ئەوان و وتنەوەی شتەکانی ئەوان.. هەرچۆنیك بیت ئەوان بلیمەتی و وزەو واتای زاتی قورئان دەسرنەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە گۆرەپانی وەحی یەکتاپەرستیدا دووری دەخەنەوەو ئەو بوارە تەنها بە مافی یەهودیەت و مەسیحیەت دەزانن.

بەلام ئیمە دەزانین قورئانیش وەك ئەوان دەچیتە چوارچیوەی هیلی ئاایینی یەکتاپەرستی، تەواو وەك هەریەك لە ئینجیل و تەورات. ناکریت چارەسەری ئەو کیشە هەلپەسیرراوانە بکریت کە بە دریژایی چەندین سەدەیە لە نیوان هەرسێ ئایینە یەکتاپەرستیەکەدا هەیە، تەنها بەژیرو ژورکردنی ئەو مەنهەجیەتە تەقلیدی و حەساسیەتە بەرتەسکە نەبیت. لەبەر ئەم هۆیەیە دەبینیت من کاتیك قسە دەربارەی ئیسلام دەکەم، بەردەوام ئاماژە بۆ یەهودیەت و مەسیحیەت دەکەم. بۆ ئەوەی مەسەلەکان بخەمە ناو دیدگایەکی بەراوردکاری و راست و دروستەوە.

بەڵام ئەو هۆكارە راستەقینانە چین كە هانم دەدەن بۆ ئەوەی مەنهەجیەتیكی بەراوردكاری بەرفراوان بگرمە بەرو، هەمیشە لە هەولی ئەوەدابم لەو چوارچیوە بەرتەسكانە بیمە دەرێ كە تیایدا هەر ئایینەو ئەوی دی ئافەرۆز دەكات؟ پیم وابیت سەرەكیترین شتیك لیرەدا پیویست بەوە بكات جەختی لەسەر بكەن، بۆ رونكردنەوەی فكری خۆم و ئاراستەی مەعریفیم ئەمەیە: هەرچی پەیوەندی بە مەغریب نشینەكانی وەك جیلی منەوە هەیە، ئەوا ئیمە لەناو فەزایەك لە پیكۆلكردنی فكری و پیكۆلكردنی كلتوریدا ژیاین و گەورە بووین. ئیمە لەو ئامادەییو زانكۆیانەدا خویندمان كە شیوازیكی فەرەنسیان هەبوو. لەویدا هەمان ئەو وانەو بەرنامەی فیركاریەمان پێ دەوترا كە خویندكاریكی پاریسی لیرەدا دەیخویند.

ئەمە شتیكە رەنگە تۆ یاخود ئەوانەی هاوتەمەنی تۆن نەیزانن، بەتایبەتیش تۆ سەر بە وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبیت نەك خۆرئاوای عەرەبی. بەڵام هاوكات كە وەكی هەر فەرەنسیەك لەویدا كلتوری فەرەنسیمان پێ دەوترایەوە، ئیمە عەرەب و موسلمان بووین لای كەس و كارو خزمانمان لە كۆمەلگای جەزائیریدا. لەبەر ئەم هۆیە دووچاری شۆكیكی فكری بووین، شۆكیكی بە زەبرو پراوپر.

مـن هـەر لـە تەمـەنی حـەوت سـالیمەوە دەسـتم بـە فیربوونی زمانی فەرەنسی کرد، ئەویش لە خویندگایەکی سەرەتایی وەك هەموو ئەو جیلەی وەکی مـن وابـوون، لـە جەزائیری و مەغریبی و تونسـی. ئـەم پرۆسـەیەش تەنـها دوای سـەربەخۆیی کۆتـایی هـات. کـاتیك بـەم رادەیـە کلتوریکی دیکەو زمانیکی دیکەت دەدریتیَو پاشان لـەناو کلتـورو زمـانی رەسـەنی خۆتـدا گەشـە دەکـەیت و گـەورە دەبیت، ئەوا توشی راچلـەکین و شـۆکیکی تونـد دەبیـت و هەسـت بـە هەناسەسـواری و دادران دەکـەیت. بـەلام ئـەم ئەزموونـە (رووی ناکۆکیەکەشـی لیرەدایـە) ئـەنجامی ئیجابی و گەورەشی لیدەکەویتەوە. یان راسـتر بلیـین ئـەو شتەی لە منـدا دروسـتکرد، سـەرەرای ئیـش و ئـازارو ئـەو شۆکە تالەی یەکەمین جاری.

لەبەر ئـەوە مـن هەسـت بـە نـائومیدی دەکـەم کـاتیك دەبینـم ئەو خویندکارانەی ئەمرۆ لە ولاتـانی عەرەبیـەوە دینـە ئـیرە بـۆ ئامـادەکردنی بروانامـەی دکتـۆرا، ئاسـتی رۆشـنبیریان بـە ئەندازەیـەکی زۆر لاواز دەبینـم. بـە داخەوە بۆ ئەو کەلبوونە رۆشنبیریەی بەرەنجامی ئـەوەی رۆشنبیریەکی بیانی تازەیان نـیە، لـە پـاڵ رۆشـنبیریەکی عەرەبی رەسەندا.

ئەمرۆ ئیمە ئەوە دەزانین کـە نـاکریت رۆشـنبیریەکی مەنهـەجی و زانستی راستەقینە دامـەزرینین، گـەر بیتـو خویندکار خاوەنی زمانیکی بیانی یان تەنانەت دوو زمان

(بۆ نمونە ئینگلیزی و فەرەنسی) نەبیت. ئەمەش زیان بە زمانە ئەسلیەکەیان ناگەیەنیت یاخود لیی کەم بکاتەوە. بۆ نموونە ئەلمانیەکان جگە لە زمانی خۆیان قسە بە زمانیکی بیانی دیکە دەکەن (کە زۆر جار زمانی ئینگلیزی)یە. مەسەلەکەش لای هۆلەندیەکان و تەواوی گەلانی باکوری ئەوروپا بەو شیوەیەیە.

بناغەی بریاری رەخنەییم و تیکەڵ بوونم بە بواری تویژینەوەی زانستی، ئەوەیە کە من هەرگیز دەست بەرداری رۆشنبیری ئەسلی خۆم نەبووم و پەیوەندیم بە کۆمەلگەو ژینگەی ئەسلی خۆمەوە نەپچراندووە. بە پیچەوانەوە، هەولی ئەوەم داوە (ئەگەرچی لە تاراوگەش بووم) بەرپرسیاریتی تەواو سەرشانی خۆم بخەم: مەبەستم لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی کەشفکردنی کیشەی ژینگەی ئەسلی خۆم و دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکانی ناوی بووە، لە پیناو یارمەتیدان لە چارەسەر کردنیاندا. هاوکات بە جدیش (ئەگەرچی بە دیدگایەکی رەخنەییەوە) کەرەستەکانی رۆشنبیری ئەوروپیشم وەرگرت. دوای زمانی فەرەنسی و رۆشنبیری فەرەنسی فیری زمانی ئینگلیزیش بووم، هەنووکە کەم تا زۆر وەکی زمانی فەرەنسی دەستم بەسەر ئەویشدا دەشکێ.

**هاشم سالح**: یانی وەك زمانی فەرەنسی؟!

**محەمەد ئەرگۆن**: بەلێ، بەلێ. ئەو کارەشم بەمەبەست کرد لە پیناو فراوانتر کردنی ئاسۆی مەعریفیمدا.

چـەندین کتێـب و نووسـراو هـەن دەربـارەی ترادسـیۆنی ئیسلامی و عـەرەبی کـە راستەوخۆ بـە زمـانی ئینگلـیزی دەنووسـرین و، مـەرج نـیـە نـەك هـەر بـۆ عـەرەبی بـەڵکو وەرگێررینە سەر زمانی فەرەنسیش. هەروەها مەنهەجیاتی نوێ لای ئەنگلۆ- سەکسۆن هەن کە رەنگە لای فەرەنسیەکان نـەبیت. سـەرەرای ئـەوەش زمـانی توێژینـەوەی زانسـتی هاوچـەرخ لـە ئیستادا ئینگلیزیـە، نـەك تەنـها تایبـەت بـە زانسـتە سروشـتیەکان بـەڵکو سـەبارەت بەوەشـی کـە پـەیوەندی بـە زانستە مرۆڤایەتیەکانـەوە هەیـە. هـەروەها من بۆ خۆم ناچارم بەوەی زمانی ئینگلیزی بەکاربـهێنم بۆ وتنەوەی ئـەو لیکچەرانـەی ناوبـەناو لـە هەریـەك لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکاو ئـەلمانیاو وڵاتـانی دیکـەی وەك ئەواندا پێشکەشی دەکەم.

* * *

**هاشم سـالح**: ئەمرۆکـە لـە کۆمـەڵگا عەرەبیـەکانی خۆرهـەڵاتی ناوەراسـتدا تەقینـەوەی سـەرجەم نـاکۆکیو دابەشـبوونە تایەفـەییو مەزهەبییـە کۆنـەکان دەبینـین، ئـەم بارودۆخـەش تەنـها تایبـەت نییـە بـە لوبنـان بـەڵکو تـەواوی وڵاتـانی عـەرەبیو دەوروبـەری گرتۆتـەوەو هەرەشـەش لـە یەکیـەتیو یـەکانگیری نـاوخۆیی ئـەو وڵاتانە دەکات.

پرسـیارەکە ئەمەیـە: گـەر تـۆ یـەك لـە کورانـی ئـەم ناوچەیـە بویتایـە چ کـاریکت دەکـرد لەسـەر ئاسـتی

نەخشەدارشتنی زانستیو پەروەردەیی، گەر بۆ قوتاربوون لەم قەیرانەش نەبیت ئەوا لانی کەم بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری ئەو قەیرانەو خستنە بەر بارسی بە شیوەیەکی راست و دروست؟ من ئەمە لە کاتیکدا دەلیم کە بیر لەو هەموو نوسینە رەشانە دەکەمەوە، لە ئیستادا بازاریان پرکردووەو لافی ئەوە لیدەدەن گوایە باسی ئەو حەقیقەتە دەکەن کە لە تایەفەو ئایینەکان شاراوەیە، کەچی لە واقیعدا بەمە ئاگرەکە خۆشتر دەکەن.

هاوکات کە باس لەمەش دەکەم بۆ خۆم بیر لە چۆلیو بەتالی گۆرەپانەکە دەکەمەوە لە بوونی هەر کتیبیکی میژوویی‌و زانستی تایبەت بەو مەسەلەیە. لە واقیعدا ئەوەی هەیە یان کتیبی کەلەپووری کلاسیکییە کە بە شیوەیەکی زانستی‌و میتۆدیانە تاوتوێ نەکراون‌و کەلکیان لیوەرنەگیراوەو تیروانینیکی رابردو خوازانە سەبارەت بە رابردو دەسەپینن، یاخود کتیبی ئیسلامیە هاوچەرخەکانە کە زۆربەیان لە کتیبە ئیسلامیە کلاسیکیەکان زۆر کورتکراوەترو هەژارترو بەدورترن لە رووداوەکانی واقیع‌و میژوو.

کەواتە: بۆ بەرڕوودا وەستانەوەی لیشاوی بیشوماری ئەو کتیبە نامیژوویی‌و نامیتۆدیانە چیت دەکرد، کە کیشەکان قولترو زیاتر دەکەن لە بری ئەوەی دەستنیشانیان بکەن‌و ریگای چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. بە واتایەکی دی: چارەسەر چییە؟ کار چییە؟ ریگا چییە؟

**محەمەد ئەركۆن:** بەرای من، ئەو پرسیارەی دەیكەین لە بنەرەتەوە پەیوەندی بە تیروانینی سیاسی بۆدەولەتو ئەو پەیوەندیانەوە هەیە كە لە نیوان دەولەتو ئەو شتەدا هەیە كە ئیمە بە زاراوە فەلسەفیە سیاسیە هاوچەرخەكان: پیی دەلین كۆمەلگە مەدەنی (Lasocite Civile).

**هاشم سالح:** مەبەستتە بلییت ئیمە كۆمەلگەی مەدەنیمان نییە، بۆ نمونە وەك ئەوەی لە فەرەنسادا هەیە؟

**محەمەد ئەركۆن:** ئەلبەتە ئیمە كۆمەلگەیەكی پەرتو پەرشو بلاومان هەیە كە تا ئیستا ملكەچی بیروباوەرو رەفتارو هەلسوكەوتە زۆر كۆنەكانەو شویندەستی پەرەسەندنی تازەی پیوە دیارنییە. تەواوی تویژە كۆمەلایەتیەكانیش كە كۆمەل پیكدینن لە رووی مافەوە یەكسان نین! بە تایبەتی مافی رادەربرینی ئازادو تەعبیر لە خۆكردن. بەشیوەیەكی گشتی دەربرینی ئازاد لە كۆمەلگاكانی ئیمەدا بوونی نیە. كۆمەلگاكانی ئیمە ئازادانە تەعبیر لە خۆیان ناكەنو سەركوت كراون. هۆی نەبوونی ئازادی رادەربرینیش ئەوەیە، ئەو دەولەتو رژیمە سیاسیانەی دوای قۆناغی سەربەخۆیی دەسەلاتیان گرتە دەست، لە لایەن تاقمیك لە خەباتگیرە سیاسیەكانەوە قۆغكران. گومانی تیدا نییە ئەو كەسە تیكۆشەرانە لەناو كۆمەلگاكانی ئیمەوە پەیدابوون، بەلام

(رۆشـــنبیری سیاســـیان) لـــە دەرەوەی کۆمـــەلگاکانماندا بەدەستهینابوو. کاتیکیش دەلیم رۆشنبیری سیاسـی بـە زیادەرۆییـــەوە دەیلیـــم، لەبەرئـــەوەی لـــە واقیعـــدا رۆشنبیریەکی راستەقینەی یـەکانگیر نییـە. ئـەوەی هەیـە بریتیـە لـە چـەند بەشـیك، بـە تایبـەتی لـە رۆشـنبیری سۆسیالیسـتی. هـەردوو ئـەم رۆشـنبیریەش لـە دەرەوەی کۆمـەلگاکانو بـارودۆخو کەلـەپوری ئیمـەدا دروسـتبوونو گەشـەیان کـردووە. ئەوانەشـی ئـەو تیکۆشـەرە سیاسـیانە دەناسـن کـە پـاش سـەربەخۆبوون جلـەوی کاروباریـــان گرتەدەست، دەلین رۆشـنبیری ئـەوان لـە دیـدو بۆچوونـی ئـایدیۆلۆژی پچرپچـرو داپـرژاو و هەمـەجۆر دروسـتبووە. ئەوە بریتییە لە بریك لـەو رۆشـنبیریەی بـە گشـتی پیـی دەگوتریـت سۆسیالیسـتیو بـە شـیوەیەکی گشـتی لـە دوای پەنجاکانـەوە پەرەیسـەند. گەیشـتنی ئـەو کەسـانە بـە کورسی حوکمرانی، بووە هۆی ئـەوەی تـەواوی شـەرەکانی رزگـاری نیشـتمانی بـەناوی ئایدیۆلۆژیـای (شۆرشـگیرانە) یان (سۆسیالیستیانە) روویدەن، دەخوازم هەردوو وشـەکە بخەیتە ناو دوو کەوانەوە.

واتـە خـەباتی رزگـاری نیشـتمانی بـەناوی رۆشـنبیری لیبرالیەتـەوە نـــەبووەو نەشـــدەبوو بـــەناوی ئەویشـــەوە رووبدات، لەبەرئەوەی ئەوە رۆشنبیریی خـودی داگیرکـەر خـۆی بـوو. ئـەو پرسـیارەی لـیرەدا دیتـە پیشـێ بـەم جۆرەیـــە: جـــۆری ئـــەو رۆشـــنبیریە سۆســـیالیزمە

شۆڕشگێرانەیە کامەیە، لە چڵو پەنجاکاندا لە بەردەم ئەو خەباتگێرە سیاسیانەدا بووە کە دوای سەربەخۆیی ڕێبەرایەتی وڵاتیان کرد؟ پێموایە ئەوە ڕۆشنبیری سیستمە دیموکراتیە میللییەکان بووە کە ئەوکات لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا باو بوو.

**هاشم سالح:** مەبەستت ڕۆشنبیری پارتە کۆمۆنیستیە مەحەلیەکانە؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەڵی پارتە کۆمۆنیستەکان کە سەر بە ئەنتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی بوون (مۆدیلە ستالینیەکەی یاخود مۆدیلە چینیەکەی ماوتسی تۆنگ یان شێوە تیتۆییەکەی، لەبەرئەوەی تیتۆ هاوریی عەبدولناسر بوو، لە ڕێی عەبدولناسریشەوە هەندێ کاریگەری لەسەر جیهانی عەرەبی دروستکردبوو). بەهەرحاڵ کارەکە هەرچۆنێك بێت ئەوا ئەم مەسەلەیە بەخۆیەوە خەریکی کردوم و ئومێد دەکەم توێژەرێکی لاو دەست بە لێکۆڵینەوەی بکات. ئەوکات لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا بە شێوەیەکی زانستی تۆکمە بکەوێتە تاوتوێکردنی سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری سیاسی سەرکردەکانی ئەو ڕژێمو دەوڵەتانەی، ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی سەربەخۆیی لە تەواوی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا دەسەڵاتیان گرتە دەست. گەر بە شێوەیەکی پێویست ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدرا، ئەوا وێنەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوەو بەو جۆرە خەیاڵدانە سیاسیەی لەو

سەردەمەدا باوبووە ئاشنامان دەکات (مەبەستم لە خەیالدان شتیکی ترە زیاد لە خەیاڵو بریتییە لە کۆمەلیك دیدو بۆچوونی پیکەوە گریدراو کە ئاراستەی هوشیاری تاکەکەس دەکات).

وتم خەیالدانی سیاسی ئەو سەرکردانەو ئەو گروهە فیکریو سیاسیانە. ئیمە کاتیك ناوی ئەو گەورە سەرکردانە دینینەوە بەرچاوی خۆمان کە جلەوی کاروباریان گرتە دەستو چەند بریاریکی ترسناکیان دەرکرد لە دەمەدەمی سەربەخۆییدا، سەرنج دەدەین بەشیکی کەم لەوانە خاوەن فکریکی سیاسی بوون. ئەم خالە شایەنی قسەلیکردنیکی بەرفراوانو تاوتویکردنیکی قولەو ئەوکاتەشم نییە تا لیرەدا شیکردنەوەی لە بارەوە بکەم. بۆ روونکردنەوەی ئەم قسانەی وەك قسەیەکی ئەبستراکتو تیۆری دینە بەرچاو دوو نموونە دینمە: نموونەکانیش تایبەتە بە (مستەفا کەمال ئەتاتورك) لە تورکیاو (حەبیب بۆرقیبە) لە تونس.

**هاشم سالح:** بەلام (کەمال ئەتاتورك) سەربە قۆناغی لیبرالیزمە کە بەر لە قۆناغی (شۆرشی سۆسیالیستی)یە؟

**محەمەد ئەرکۆن:** ئەلبەتە. بەلام نمونەیەکی زۆر گرنگە لەبەرئەوەی ئەو بەر لە کەسانی تر بووە، ئەوا پیدەچیت بووبیتە پیشەنگو نمونەیەك بۆ ئەو سەرکردانەی لە دوایدا هاتن. ئەمە دەلیم بە تایبەت کە تورکیا ولاتیکی ئیسلامی گەورەیەو دەبیت حسابی بۆ

بکریت. راستە تورکەکان بە خۆیان دەلین ئیمە ئەوروپین، لەپیناو خۆنزیککردنەوە لە ژیاری ئەوروپی، بەلام لە رووی رۆشنبیریو میژووییەوە ئەوان سەر بە شارستانیەتی ئیسلامین. نمونەی (ئەتاتورك) زۆر بە کەلکە بۆ لیکۆلینەوەو بۆ ئەوەی پەندو عیبرەتی لیوەربگرین. لیرەدا ئەزموونی پیاویك دەبینین لە فەرەنسا فیربووەو خویندویەتی (بە تایبەت لە ئەکادیمیای سەربازی شاری تۆلۆز).

ئەمەش لە سەروەختی کۆماری سیهەمی فەرەنسیدا بوو کە عەقلی پۆزەتفستی توندرەو تیایدا بالادەست بوو، لە چوارچیوەی بە عەلمانیکردنیکی فەرەنسی دژ بە پیاوانی کلیسا. ئەم پیاوەش لە ژیر باری ئەم تیروانینە ئایدیۆلۆژییەدا بوو. بە عەلمانیکردنی فەرەنسی لە دوادوای سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، موماسەرەکردنی لە بارودۆخیکدا بوو کە شەرو ململانیی سیاسی لە نیوان دەولەت (واتا کۆماری سیهەم) و لە نیوان کلیسای فەرەنسی کە لە پیناو پاراستنی دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی خۆیو دەستگرتن بەسەر مامۆستایانی بیروباوەرە ئاینیەکانو هەروەها بەسەر کۆمەلیشدا لەوپەریدا بوو.

کلیسا بە خواستی خۆی دەستی لە کۆنترۆلکردنی کۆمەلگا هەلنەگرت، بەلکو بە زۆر ناچارکرا. ئەم ململانییە بەرەو پیشچونیکی گشتیو سەرانسەری لە

فەرەنسادا هینایە گۆڕێ، کە لە یەك کاتدا دەولەتو کۆمەلگەی مەدەنیشی گرتەوە. بەمجۆرە ئەمە بەرەوپیشچوونیکی ئیجابیانەو دروستی تەواوی هیزەکانی کۆمەلگا بوو. ئەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ کۆمەلگای فەرەنسی رەخساند تا بەرەو پیش بچێو خۆی لەو کۆتو پیوەندە کۆنانە راپسکینێ کە ریگر بوون لە بەردەمیدا. سەرەرای ئەو هەموو لایەنە سلبییەی هاوشانی قۆناغی عەلمانیەتی توندرەوی فەرەنسی بوون، پیویستە لەمرۆدا (وەك ئەوەی لە دوایدا دیمە سەر باسکردنی) راست بکریتەوەو تەواو بکریت. لەوانە گەشەکردنی عەلمانیەت لە فەرەنسا گەشەکردنیکی سروشتی مەعقول بووەو دوای ماوەیەکی دوورو دریژ لە کیشمەکیشی فکریو دیالەکتیکی کۆمەلایەتی -رۆشنبیری دروستبووە، کە لە سەردەمی رینیسانسو لە سەدەی شانزەوە دەستپیکردووەو بە دریژایی سەردەمی رۆشنگەری (لە سەدەی هەژدەدا) بەردەوام بووەو لە سەدەی نۆزدەدا (سەدەی پۆزەتفستیو زانستو باوەری رەها بە پیشکەوتن) گەیشتۆتە دواترۆپك. بەلام لە تورکیا کارەکە تەواو جیاوازە، تورکیا ولاتیکی تەقلیدیەو هیچ شتیکی نە لە رینیسانسو نە لە رۆشنگەری بەخۆوە نەدیوە، بەم پییەش گواستنەوەی ئەم ئەزموونە میژووییە کتومت وەك خۆی چۆن هەیە لە فەرەنساوە بۆ کۆمەلگەی تەقلیدی تورکی، بۆ خۆی سەرەرۆیی و سەرکیشیەکە

دەرەنجامــەکانی پیشــبینی نــاکریت. گواســتنەوەی ئــەم ئەزموونە گەورەیە بۆ وڵاتیکی تەواو جیاواز لە فەرەنسا، وڵاتیـك کـە خـاوەن میــژوو مەرجەعیــەتیکی رۆشــنبیری تــەواو جیــاوازە بینــەوبردەی گــەورەو کاردانــەوەی زۆری لیکەوتـەوە، وەك ئـەوەی لـە کۆمەلگەی تورکـی ئـەمرۆدا پەی بەو کاریگەریە نیگەتیڤانە دەبـەین. ئەمـەش دەلیـم ســەرەرای لایەنــە ئیجابیــەکانی ئــەو ئەزموونــە ســەر مەشقەی ئەتاتورك کە چاوپۆشی ليناکریت.

**هاشم سالح:** بەڵام ئەکادیمیستە تورکـەکان، ئەوانـەی لـە کۆنگـرەی زانسـتی دەربـارەی ئیسـلام ئامـادە بـوونو چاومان پییان کەوت،ئەو کۆنگرەی بەم دواییە لە پاریس بەسترا و بۆ خۆت ئامادەی بوویت، پییان وتم: نـاکریت لـە پرۆسـەی عــەلمانیکردن لــە تورکیــا بکشــیینەوە، شــاڵاوی ئیستای ئاڤاری ئیسلامگەراکانیش نـاتوانیت ببیتـە مایـەی ژیرەو ژوور کردنی سیستمی عەلمانیەت..

**محەمــەد ئــەرکۆن:** بــەلێ، گومــانی تیــدا نییــە (ئـەتاتورك) ئـەزموونی عەلمانیـەتی بەشـیوەیەکی تونــدو رادیکاڵانە بەسەر کۆمەلگەی تورکیدا سەپاند، بە ئاسـتیك توانـی بیرۆکــەی بــە عــەلمانیکردن بــە قولـی لــە نــاویدا بچینیت. بەڵام ئەم بە عەلمانیکردنـە بـە عـەلمانیکردنیکی توندرەوانەیــەو جیــی مشــتومرە، زیــاد لــەوەی ئــاوەڵاو میانرەوانــە بیــت. بــەم مانایــە ئــەوا لــە رووی عــەقلی رۆشـنبیرییەوە جیـی مەترسـییەو بـەردەوامیش لــەژیر

هەرەشـەدا دەبیـت، لەبەرئـەوەی هـەموو رەهــەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تورکی لەبەرچاو ناگریت، بـە تایبـەت رەهـەندی ئـاینی ئـەم کۆمەڵگەیــە کـە رەگو ریشـەیەکی قوڵـی هەیـە، هاوکــات فــرە نــەژادیو فــرە مەزهــەبی کۆمەڵگەی مــەدەنی تورکیــش رەچــاو ناکـات، بگـرە بــە جۆریك رەفتار دەکات وەکی ئەوەی تەواوی ئەم شتانە لە ئارادا نەبنو یەك راست پشت گوییـان دەخـات. بـەمجۆرە وەها عەلمانیەتیك تاك رەهەندانە دەمینیتەوەو لە ئاست گیروگرفتـە واقیعـیو راسـتەقینەکانی کۆمەڵگەی تورکیـدا کویر دەبیت. بە هۆی ئەوەشـەوە گەرانـەوەی ئایدیۆلۆژیـا ئــاینیو مەزهــەبیو ئەتنیکیــەکان دەبینــن، کــە چــۆن سەرلەنوێ لەم ســاڵانەی دوایـدا هاتنـەوە ریـزی پیشـەوەی رووداوەکان. هـەموو ئەمانـەش (ئــەتاتورك) پیــی وابــوو تەنـها لـە ریـی رۆسـەی بـە عـەلمانیکردنو سـەپاندنی بـە زەبــری هــیز بــە یــەکجاری ئـــەو شـــتانە لــەناودەبات و نایانهیلیت. ئەمەش پرۆسەیەك بوو لـە سـەرەوە نـەك لە خوارەوە، لە دەرەوە بوو نەك لەناوخۆدا. هەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە تورکیا نـەیتوانی ببیتـە نمونـەو پیشـەنگیك بـۆ کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی دیکەی وەك کۆمەڵگەی ئـیرانی یان پاکستانی یـاخود میسری یـان سـوری یـان عـیراقیو.. هتد. بە پیچەوانــەوە، ئـەو رۆڵـی نمونەیـەکی پیچەوانـەی بینـــی، نمونەیـــەك نـــابیت پـــەیرەو بکریـــتو لاسایی بکریتەوە.

دووەم نمونـە کـە باسـی لیدەکـەم، نموونــەی (حــەبیب بۆرقیبەیــە). هاوکــات ئــەم پیــاوە تونســییە لــە رووی رۆشـنبیرییەوە، نموونـەی بەرهـەمی کۆمـاری سـیهەمە لـە فەرەنسـا. لـەو ماوەیـەدا (بۆرقیبـە) وەك کەسـانی تـر لـە دەسـتەبژیرە بۆرژوازیـەکانی شـارو پایتەختـە عــەرەبیو ئیسـلامیەکان، لــە ئامــادەییو زانکۆکــانی فەرەنســادا خویندویەتی. وەك دەزانین ئەم دەستەبژیرەش بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو ژمـارە زۆرەی دیکـەی هاوڵاتیـاندا کـە جـۆرە خویندنیکـی تریـان وەرگرتـووە: ئـەویش خویندنیکـی تـەقلیدی مەحـەلی بـووە، ژمارەیـان کـەمتر بـووە. کەواتـە (بۆرقیبە) لە رووی رۆشنبیرییەوە، لەو ماوەیەدا دروست بوو کە فەرەنسا یاسای جیاکردنـەوەی لـە نیـوان کلیساو دەولـەتدا فەرزکرد. لەمەش چەمکی دەولەتی عەلمانی کەوتەوە، لەگـەڵ دەستنیشـانکردنی چۆنیـەتی مومارەسـەکردنی دەولـەت بـۆ ئـەرك‌و فەرمانـەکانی بەرامبـەر بـە کۆمەلگـەی مـەدەنی. لـە کاتیکدا ئـەم عەلمانیەتـە ریـزی فرەلایـەنی کۆمەلگـە مـەدەنی گـرت‌و بـە یەکسـانی مامەلـەی لەگـەڵ هـەموو چـین‌و تویژەکاندا کـردوو بـووە بنەمایـەکی رەگ داکوتـاو، ئـەوا لـە بەرامبـەردا هـەموو ئـەو شتانەی پـەیوەندیان بـە رۆشـنبیری ئاینی کۆمەلگەی فەرەنسییەوە هـەبوو وەلاوەخـران، یـاخود کەمکرانــەوە. وتم رۆشـنبیری ئـاینی‌و نـەموتووە سـروت‌و ریورەسم‌و خواپەرستیەکان. چونکە ئەمانـە دوو شـتی تـەواو لیك جیاوازن.

لـەو کاتــەوە تــا ئــەمرۆ رۆشــنبیری ئــاینی کۆمــەلگا چووەتە چوارچیوەی ریورەسمو رینماییەکانی کلیســاو لـە چوارچیوەی ئەو فەزا تایبەتەی کلیسادایە. ئەم فەزایــەش هەرگیز تیکەڵ بە فەزای گشتی کۆمەلگەی مەدەنی نابیت کــە دەولــەت دەســـەڵاتی بەســـەریدا هەیـــە. کەواتـــە جیاکردنەوەیــەکی روونو ئاشــکرا روویــداوەو دیواریکــی جیاکەرەوە لە نیوان ئەو فەزایەی تایبەتە بە مومارەسەی ئـایینو رۆشـنبیری ئــاینی، لەگــەڵ فــەزای گشــتی بــۆ مومارەسەکردنی ژیـانی مـەدەنیو کۆمەڵایــەتیو سیاســی دانراوە. (بۆرقیبە) لـەژیر کاریگـەری ئـەم مۆدیلـەدا بـوو، هەربۆیە هەولیدا بیگوازیتەوە تونسو ویستی سنوریکی یەکلاییکـەرەوە لــە نیــوان ئــەوەی مەدەنییــەو دەولــەت باڵادەستە بە سەریدا لەگەڵ ئەوەی ئاینیە دروست بکات. تەنانـەت جورئـەتی هـەبوو ئیجتیهاد لەوەشـدا بکات کــە تایبەتـە بــە روکنــەکانی بیروبــاوەری ئاینییــەوە، کــاتیك ریگـەی دابەنـەگرتنی رۆژوی رەمـەزان گـەر ئەمـە کۆسـپ بخاتە بەردەم پرۆسەی بەرهەمهینانی دەولەتو کۆمەلگە. هەروەها دەستکاری یاساکانی ئـەحوالی شەخسـی کـرد، لـە ریـی ئـەو چاکسـازیانەی بــۆ گۆرینــی یاســای تــەڵاقو قەدەغەکردنی فرە ژنی پیشنیاری کرد.

(بۆرقیبــە) ئــەم کارانــەی لەبەرئــەوە کــرد، چونکــە پیـاویك بـوو لـەناو چوارچیـوەی ئـەو مۆدیلـە فەرەنسـیە بەناوبانگەدا بیری دەکردەوە کە پیی وابوو پیویستە ئایین

کورت بکریتەوەو تەنها پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی هاووڵاتیانەوە هەبیتو بەدوور بیت لە کایەی گشتیو فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەژیر رکیفی دەولەتدایە. ئەو بە پیویستی دەزانی مەرجەعیاتە ئاینیو مەزهەبیەکان لە کایەی فەزای مەدەنی بکاتە دەرەوە، لەبەرئەوەی سەرچاوەی دابەشبوونو ئاشووبن.

**هاشم سالح:** لەمەشدا لەسەر هەق بوو؟

**محەمەد ئەرکۆن:** ئەلبەتە لەسەر هەق بوو، من داوای کشانەوە، لە مەسەلەی بە عەلمانیکردن (بە مانای جیاکردنەوەی کلیسا لە دەولەت) ناکەم، بەلکو داوای ئەوە دەکەم چاوی پیدا بخشینریتەوەو دەولەمەندتر بکریت، لە ریگای سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە مەسەلەی هۆکاری ئاینیو هۆکاری دنیای، بەو پییەی هەردووکیان دوو رەهەندی لیکدانەبراوو جیانەکراوەی مرۆڤن. من دەلیم ریگایەکی تر هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی عەلمانیەت لە وڵاتانی ئیسلامیداو ریگای ئەتاتورکو بۆرقیبەش تەنها ریگایەك نین، رەنگە بە کەڵكو سەرکەوتووش نەبووبن. بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئیستا روودەدات، لەو گەرانەوە بەهیزەی بزاوتە سیاسیە ئاینیەکان لە هەریەك لە تونسو تورکیاو وڵاتانی وەك ئەواندا.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵگەی تونسی ئەو جوڵانەوە فکرییە بەرزو لیبرالیەی بەخۆوە نەبینی، وەك

ئەوەی لە فەرەنسا لە ساتەوەختی سەردەمی رۆشنگەریدا روویدا. کەواتە سەپاندنی بەعەلمانیکردن بەسەریدا لە سەرەوەو لە دەرەوە، بۆ خۆی سەر کیشیەکە پیشبینی ئەوە ناکریت چ دەرەنجامیکی لیدەکەویتەوە. پیویستە بەر لەوەی لە جۆری ئەم بریارە بویرو سەرکیشیانە بدریت کە هەریەك لە (ئەتاتورك و بۆرقیبە) پیی هەستان، زەمینەی بۆ ساز بکریت. ئەمەش کاریکە تا ئیستا روینەداوە.

تا ئیستا هیچ تیۆریزەیەکی کامڵ دەرهەق بە بیرۆکەی عەلمانیەت لە رۆشنبیری عەرەبی- ئیسلامیدا نییە. عەلمانیەت لەسەر زەمینەی واقیع لە ریی کارو کردەوەوە پەیرەو دەکریت، بەلام لە بەرامبەر ئەم شتەداو لە گوتاری عەرەبی هاوچەرخدا هیچ تیۆریزەیەکی مەسئولانە نیە. تویژەرە جەسورەکان لە کوین؟ رۆشنبیران کوان؟ ئەو بیرمەندانە لە کوین کە دەتوانن بە هەموو سەنگ و قورسایی خۆیانەوە روبەروی تەواوی هەرەشەکانی ئیستاو رابردو ببنەوە؟

لەبەرئەوە کاتیك داوای چاوگیرانەوە بەم ئەزمونە سەرەتاییانەی عەلمانیەتدا دەکەم، نابیت وا لەم قسانە بگەن کە من دژی عەلمانیەت یان ئازادی بیروراو عەقلم. من بۆ خۆم پیشتر وتم بە عەلمانیکردن: هەلویستی رۆحە لە بەردەم گرفتی مەعریفەدا. بەو مانایەی: ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە نهینییەکانی گەردون و کۆمەلگە

بزانیـت، یـان ئـەو مافـەی نییـە؟ ئایـا لـە دۆزینـەوەی نادیارەکانو ریبەرایەتی کردنی میژوودا بـاوەر بـە ئـەقلی بکەین یان نـا؟ ئایا ئـەو دەتوانیـت بـە تەنـها لـە ریـی عەقلییـەوە، لـە شـتەکان بگاتو بریـار بـدات یـان نـەء؟ هـەندیك دەلیـن مـرۆڤ پیویسـتی بـە هـیزیکی دەرەکـی (سەرو سروشتی) هەیە، تا ئاراستەی بکـاتو کارەکـانی بـۆ ئاسـان بکـات. هـەندیکی دیکـەش دەلیـن: نـەخیر مـرۆڤ خـۆی دەتوانیـت کارەکـانی بەریوەبـەریتو گرفتـەکانی چارەسەر بکاتو جوانترینو باشترین شیوەی ژیـانیش لـە کۆمەلگەدا دابنیت. لە حالەتی یەکەمدا دەبیتە لایـەنگری هیومانستیەتی ئـاینیو لـە حالـەتی دووەم لـە هـەوادارانی هیومانسـتیەتی نـویٚ دەبـین. مـن پیموایـە دەکریـت پەیوەندیەکی تازە لە نیوان ئەم دوانـەدا دامـەزرینین، بـە جۆریـك کـە کـەمتر گـرژی یـاخود ئـالۆزی تیـدا بیـت وەك ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا لە ساتی بالأدەستی عەلمانیـەتی توندرەودا لـە فەرەنسا هـەبوو. ئـەمرۆش سـەرنجی ئـەوە دەدەیـن ریگەیـەکی دیکـە هەیـە بـۆ تیگەیشـتن لـە عەلمانیەتیك کە زۆر ئیجابی تر بیت؟

**هاشم سالح:** تەنانەت لە فەرەنساشدا؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلی تەنانەت لـە فەرەنساشـدا ئـەو قسـانەی پیشـتر دەربـارەی فەرەنسـا کـردم، مەبەسـتم ئەزموونی ئەوان بوو لەم بارەیەوە، بە هەموو ئیجابیـاتو کەموکورییەکیـەوە. فەرەنسـا ئـە مـرۆ لـە قۆنـاغی

کردنەوەی فەزایەکی مەدەنی سەرانسەریدایە بۆ تەعبیر لە فرە لایەنی رۆشنبیرییە ئاینیەکان. پیدەچیت فشاری بوونی ئیسلامیو قورسایی ئەو جالیە بەرفراوانە ئیسلامیە لەویدا بەم حالەتە نامۆ نەبیت. بەرپرسانی فەرەنسا سەبارەت بە عەلمانیەت ئیستاکێ دەستیان کردووە بەوەی هەندێ پرسیار لە ئەزموونی میژوویی خۆیان بکەن.

ئەلبەتە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناشیت لە پرۆسەی بە عەلمانیکردن بچینە دواوەو لیی بکشیینەوە، لەبەرئەوەی ئەوە عەلمانیەت بوو بە شیوەیەکی گونجاو دەرفەتی بۆ هاتنە ئارای مافەکانی مرۆڤو هاولاتیبوون رەخساندو هەر ئەو بووە مایەی دروستبوونی ئەوەی بە پیکهاتەی کۆمەلگە مەدەنی ناوی دەبەین. تەواوی ئەم دەسکەوتە ئیجابیانەی سستمی نوێ، بەرهەمی ئەو شۆرشە مەزنەیە کە بەر لە دوو سەد سالیك روویدا. فەرەنساش دوای ئەوەی بەروبوومە بە کەلکەی چنینەوەو پیشترو تا ئیستاش لە سایەیدا دەحەسیتەوە ئامادە نیە دەستبەرداری بیت. بەلام ئیستاکێ پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ ناکریت بە شیوازیکی جیا لەوەی سالی ١٩٠٥ (واتە سالی جیاکردنەوەی کلیسا لە دەولەت بە شیوەیەکی رەسمیو قەدەغەکردنی هەر شتیك لە خویندنگاکاندا کە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبیت) لە عەلمانییەت بگەین؟

لەسەر بەشی یەکەمی ئەم مەسەلەیە تەبان، بەڵام بەشی دووەمی بۆتە جێی قسەوباس.

**هاشم سالح:** بەڵام فەرەنسا دوای ئەوەی قۆناغی حەساسیەتی ئاینی سەدەکانی ناوەراستی تێپەراندووە ئەمە دەکات، دوای ئەوەی هیچ ترسێکی لە ئاژاوەو پشێوی نەماوە، گەر بێتوو قسە لەسەر مێژووی ئاینەکان لە فەزای گشتی کۆمەڵگە مەدەنیدا بکرێت؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بێگومان وایە. هەرچۆنێك بێت ئیستا حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا (تەنانەت پارتی سوسیالیست، خالی گرنگیش لەمەدایە). بە رووی ئەو بۆچونەدا دەکرینەوە کە بوار بە رۆشنبیری ئاینی یاخود رۆشنبیرییە ئاینیەکان دەدات تا تەعبیر لە خۆیان بکەن. دەشێت شێوازی ئەم تەعبیر کردنە لە لایەن دەولەتەوە ریکبخرێت تەواو وەك چۆن دەولەت ئەو ریگایە ریك دەخات کە سەندیکاکان تەعبیری لە خۆیان پێبکەن، یان وەك چۆن تەعبیری هونەریو مۆسیقیو تەلاسارزی.. هتد، ریکدەخات.

**هاشم سالح:** ئەمە مانەی ئەوەیە رەنگە فەرەنسا بیری لەوە کردبێتەوە سەرلەنوێ مەسەلە ئاینیەکان بخاتەوە ناو پرۆگرامی خوێندن، پاش ئەوەی لە سالی (١٩٠٥)وە بە تەواوی رێی لەو کارە گرت؟

**محەمەد ئەرکۆن:** هێنانەوەیان وەکو خواپەرستیو تەبشیر نەء، بەلکو مێژووی ئاینەکان وەکو سیستمیکی

رۆشـــنبیری گـــەورە كـــە رۆلیكـــی مـــەزنی لـــە میـــژووی مرۆڤایـەتی ئـەوروپیو غـەیرە ئـەوروپیدا بینیـوە، بـەلێ. بـــەلام خویندنـــی ئـــایین وەك ئایدیۆلۆژیـــای ئیمـــانیو تیۆلۆژیـــای تەبشـــیری، ئـــــەوا ناشـــیت بهینریتـــــەوە. لەبەرئـــەوەی ئەمـــە كـــەرتبونو دابەشـــبونیك لـــە ریـــزی كۆمەلگـــەی فەرەنســـیدا دروســـتدەكات كـــە لـــە رووی مەزهەبیو ئاینییەوە هەمەجۆرە (كاسۆلیك، پرۆتستانت، جولەكـــە، ئـــسلام..). هـــەرچی خویندنـــی ئـــایدیۆلۆژیو ئیمـانی ئاینیشـە ئـەوا لـەو چوارچیـوە تایبەتـەی كلیسـادا دەبیـت كـە بـۆی دیـاریكراوە. یـاخود لـە مزگـەوت یـان پەرستگاو.. هتد، دەبیت.

خەسـلەتیكی ئیجابی عەلمانیـەتی پیشـوو ئەوەیـە كـە تەبشیرو خویندنی عەقیدەی لە خویندنگا گشتیو فەزایی گشـتی كۆمەلگـەی مـەدەنیدا قەدەغـەكرد، گـەر ئەمـەش نەبوایـە شۆرشـی فەرەنسـی نـەیدەتوانی ئـەو كۆمەلگـە مەدەنیـــە بـــەو جـــۆرەی ئـــەمرۆ دروســـتبكات. ئـــەوەی مەبەســـتمە لـــە خویندنـــی میـــژووی ئایینـــەكان وەك سســـتمیكی رۆشـــنبیری، بریتیـــە لـــە لیكۆلینـــەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی.

دەزانی ئەمرۆ مامۆستایانی خویندنگا ئامادەییـەكانی فەرەنسا، نـازانن چـۆن چـۆنی دەقیكـی ئـەدەبی (باسـكال) باسبكەن. ئەویش لەبـەر هۆیـەكی سادە كـە خویندكاران هیچ زانیاریەكیان لە بارەی میژووی ئایینی مەسیحییەوە

نییه؟ تەنانەت مامۆستاكانیش زۆرجار شـتیكی وایـان پـی نییه شایانی باسكردن بیت.. پیویسته ئەوەت لەیاد نەچێ ئیمه كاتیك قسه له عەلمانیەت دەكەین، لـه فەرەنسادایـن نەك له سـوریا یـان میسـر یـاخود جـەزایر. عەلمانیـەتیش بەر له دوو سەد ساڵ تەواوی فەزای كۆمەلگـەی فەرەنسـی گرتەوە، ئامادەگی ئایین لیرەو له ژیانی كۆمەلی مەدەنیدا بـه بـەراورد بـه ئامـادەگی لـه ولاتـانی ئیمـەومانانـدا زۆر لاوازە. لەبەرئەم هۆیەش كاتیك له بەردەم عەرەبیك یـان موسلمانیكدا قسـه دەكـەم، ئـەوا بانگهیشتیان دەكــەم بـۆ عەلمانیـەتی زیـاترو داوایـان لیدەكـەم زیــاتر بــه دیدیكـی میژووییـەوە لـه ئـایین بروانــین. كـاتیكیش لـه بــەردەم فەرەنسیەكاندا قسـه دەكـەم ئـەوا داوایـان لیدەكـەم وەك پیویست دیاردەی ئاینی وەرگرن، نەك شانیان هەلتەكینن گەر هاتوو وشەی (ئاینم) له بەردەمیاندا باسكرد.

**هاشم سالح:** بەلام له فەرەنسادا چەند كۆلیژیك هەن كه ئەنسرۆپۆلۆژیای ئاینیان تیدا دەخوینریت؟

**محەمەد ئەركۆن:** بیگومان. كۆلیژی لـەو جـۆرە هـەن، بەلام له سستمی خویندنی رەسمی گشتیدا نین. هـەروەها ژمارەی پیویسـتی لـه پسپۆران نییـه بـۆ وتنـەوەی وانـەی ئـایین، بـه پیـی مەنهەجیـەتیكی میـژووی نـەك بـه شـیوه ئیمانییـه تەقلیدییــه باوەكــەی. پیویســته بــه باشــی لــه هەلویستی من حالی بیت: من دژ به خویندنی ئایین نیم بــه شـیوازە تەقلیدیەكـەی، بـەلام پیویسـتە ئەمـــه لـــه

مزگەوت یان لە کلیسادا بیت نەوەك لە پەیمانگاکانی تویژینەوەی زانستیو زانکۆکاندا. پیویستە تەقلیدیەکان بەوە رازی بن چەند کۆلیژیك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایینو میژووی ئایینی بەراوردکاریو ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی لە زانکۆ عەرەبیو ئیسلامیەکاندا بکریتەوە. وەك چۆن ئەوان پەیمانگاو دامودەزگای جۆراوجۆری خۆیان هەیە، ئەوا پیویستە دیدگای میژوویی نویش پەیمانگاو دامەزراوی تایبەت بە خۆی هەبیت. کاتیکیش باس لە راستکردنەوەی ئەو مەسەلەی عەلمانیەتە دەکەم کە لە سەدەی نۆزدەدا باوبوو، ئەوە بەو مانایەیە هەریەك لە فەزای ئایینیو عەلمانی بە شیوەیەکی باشترو زۆر تۆکمەتر ریکبخریتەوە.

هەروەك چۆن نابیت مرۆڤ بەناوی وتەزا تیۆلۆژیەکان یاخود بە بەهانەی (بەرگری کردن لە شتە پیرۆزەکان) لە ئازادای بیرکردنەوە مەحروم بکریت، ئاوەهاش نابیت ریّ لە مرۆڤ بیگریت لیکۆلینەوە دەربارەی ئایین بکاتو تیایدا قولبیتەوە، دەبیت دیاردەی ئایینی بە بواریکی بە کەلك بۆ مەعریفەو تیگەیشتن دابنریت.

تا ئیستاش زۆر لە عەلمانییە فەرەنسیەکان بە چاوی سوك دەروانن ئەوانەی پسپۆرن لە زانستە ئاینیەکانداو، پیش وەخت بە کۆنە پەرستیان لە قەلەم دەدەن! ئەمەش هەلویستیکی عەلمانی روکەشە، نەك هەلویستیکی عەلمانی

قولْ یان منەوەر بیت. چونکە وەك پیشتر وتم، عەلمانیەت بریتییە لە هەلویستی رۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. دیاردەی ئاایینی بۆ خۆی یەکیك لە رەهەندەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ پیکدینێ، بەم پییەش نابیت بە هیند وەرنەگیریت یاخود چاوپۆشی لە لیکدانەوەی بکریت، بە بەهانەی (پیشکەوتن) یان (پیشکەوتنخوازی)یەوە..

گەر هاتوو ئەمەمان کرد (ئەمەش ئەوە بوو کە بە دریژایی ماوەی رابردوو لە ولاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا روویدا)، ئەوا ئایین وای لیدیت تایبەت بیت بەو پیاوە تەقلیدیانەی وینەیەکی کەلەپوری ئیمانی لیدەخەنە روو، واتە وینەیەکی نامیژووییو نامەعریفی. من بۆ خۆم نە دژ بە تیروانینی ئیمانمو نە دژ بەو پیاوە ئاینیانەشم کە ریزی خۆیان دەگرنو تەواوی کاتی خۆیان بۆ کاروباری رۆحی نەوەك سیاسی تەرخان دەکەن. بەلام من داوای ئەوە دەکەم ئەم تیروانینەی ماوەیەکی دریژ بالادەست بوو بە سەرمانەوە، لە ریی تیروانینیکی دیکەوە (مەبەستم تیروانینی میژووییە) پارسەنگ بدەینەوە کە چاکەو خیری زۆری بۆ عەرەبو موسلمانان تیدایە.

دەگەریمەوە بۆ ئەو نمونەیەی پیشووترو دەلیم لە دوای ئەوەی فەرەنسا بە دریژایی قۆناغی یەکەمی عەلمانیەت، توانی ئازادی فکری خۆی لە چنگ هەرەشەو تۆقاندنی کهنوتی دەربهینیت کە لە رووی میژووییەوە

بالادەست بـوو، ئـەوا ئیستا ئـەوەی لی چاوەروان دەکریـت ئیعتبار بۆ دیاردەی ئایینی بگیریتەوەو پلەوپایـەی خۆی پی ببەخشیتەوە کە لـە بـواری لیکۆلینـەوەو تویژینـەوەدا شایستەیە پیـی. چونکـە وەهـا دیاردەیـەك لیهاتوویـیـەکی مرۆیـیو فکـری پیکدینیـت وەکـو تـەواوی شـارەزاییو لیهاتوویـیـەکانی تـر، پیویسـتە وەهـاش تـاوتوێ بکریـتو لیکۆلینەوەی لە بارەوە بکریت.

ئەلبەتە لە فـەزای کۆمەلگـەی مـەدەنیدا وەکو ئیستا باوە ریگە نـادریت هیـچ ئـاینیك پروپاگـەندەی ئـاینی بـۆ خـۆی بکـات، بـەلام وەك باسـم کـرد لـەم رووەوە چـاو بـە عەلمانیەتدا دەخشینریتەوە بۆ ئـەوەی زۆر کـاراترو کـامڵ تـر بیـتو بایـەخ بـە هـەموو رەهـەندەکانی مـرۆڤ بـدات، بـەبێ ئـەوەی هیـچ یـەك لـەو رەهەندانـە بسـڕیتەوە. سیهەمین نمونەش کـە دەمـەویت باسـی بکـەم "حەسـەنی دووەم"ە لـە مـەغریب. ئـەم پیـاوە مـیراتگری سسـتمیکی پادشایی ئیجگار کۆنەو سەرەتای ئەم سستمە پاشایەتیەش دەگەریتەوە بۆ سالی (٨٠٨ زاینی) کاتیك بۆ یەکەمین جار بنەمالـەی ئیدریسـییەکان لـەویدا (واتـە لـە مـەغریب) دامەزرا.

**هاشم سالح:** بەلام ئەو بۆ خۆی ئیدریسی نییە؟

**محەمەد ئەرکۆن:** نەخیر، ئـەم پادشایەی ئیستا سـەر بە بنەمالەی عەلەویەکانە. بەلام پیویسـتە ئـەوە بزانیـت لـە سـەردەمی ئیدریسیەکانەوە نـەك بنەمالەیـەك، بـەلکو

چەندین بنەماله دوابەدوای یەك حوكمرانی مەغریبیان كردووە. ئەوەی لیرانەدا مەبەستمە ئەوەیە كە دەولەتی ئیسلامی بۆ یەكەم جار سالی (٨٠٨ زاینی) لە شاری (فاس) دامەزرا. ئەم میژووەش گرنگە لەبەرئەوەی ئەو دەولەتەی لەو كاتەدا دامەزرا، بەردەوامیەكی بێ پچرانی بە خۆیەوە بینی كە لە زۆربەی ولاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا روونەداوە. هەر بۆ نمونە لە جەزائیردا چەندین پچرانو دابران روویداو هیچ بەردەوامیەكمان نەبینی، وەكی ئەوەی لە مەغریبدا روویدا. پیدەچیت ئەمە هۆكاری ئەو شلۆقیو گرژیو ئالۆزیە بیت كە كەسیتی جەزائیری بە شیوەیەكی گشتی بە دەستیەوە دەنالینیت. بەلام لە مەغریبدا پرانسیپی دەولەتی ئیسلامی، واتە ئەو دەولەتەی خۆی دەباتەوە سەر مەشروعیەتیكی دیرین و دەگەریتەوە بۆ رۆژگاری پیغەمبەر، بگرە راستەوخۆ خۆی بەم مەشروعیەتەوە دەبەستیتەوە، بە شیوەیەكی بەردەوام ئامادەگی هەبووە. عەلەویەكانی مەغریب خۆیان دەبەنەوە سەر پیغەمبەرو خۆیان بە نەوەی ئەو دەزانن.

**هاشم سالح:** كەواتە رەچەلەكیان لە خۆرهەلاتە؟

**محەمەد ئەركۆن:** ئەلبەتە. ئیدریسیەكان لە لایەن ئەمەوییەكانەوە وەدەرنران، پاشان رویانكردە مەغریب بۆ ئەوەی بنەمالەیەكی شاهنشایی لە چوارچیوەی

مەشـروعیەتی عـەلیدا (مەبەسـت عـەلی کـوری ئـەبی تالیب)ە دابمەزرینن.

**هاشم سالح:** کەواتە ئەمانە لە سـەرەتادا شیعەبوون و پاشان لە دوایدا هەلگەرانەوەو بوونە سونی؟

**محەمـەد ئـەرکۆن:** نـا، نـا. لەوکاتـەدا تەنـها یـەك مەشـروعیەت لـە ئارەدا بـوو، ئـەویش گەرانـەوە بـوو بـۆ پیغەمبـەرو کەلـەپووری پیغەمبـەری و (سـونەتی پیغەمبەرایـەتی). سونی و شیعە بـەو مانـا بـاوەی ئـەمرۆ هەیە، یان وەك ئەوەی لە دوایدا روویدا نـەبوو. پیویستە ئەوە بزانیت کە ئیمە هیشتا لە سـەرەتای سـەدەی نۆهـەم (٨٠٨ زاینـی)داین، بـیرورای ئاینزاکانیش تەنـها لـە سـالی (٨٥٠ زاینـی)دا (ئـەم میـژووە بـە چـاکی لای خـۆت تۆماربکـە) هاتـە ئاراو رەگـی داکوتـا. ئـەم جیاکاریانـە لـە دوایدا رویاندا. موسلمانان پییان وایە ئـەوان لـە سـەرەتای خەلیقەتـەوە سـونی یـاخود شـیعەن! ئەمـەش وەهمـەو وینەیەکی نامیژووییە سەبارەت بە میژووی ئیسلامی.

بۆچی بـە شیوەیەکی تایبـەتی بایـەخ و گرنگـی بـە مەنهەجیـەتی میژوویـی دەدەم؟ تـۆ لـیرەدا ئـەو بـوارەم دەدەیتێ تا جاریکی دیکە جەخت لەسـەر ئـەوە بکەمـەوە کە موسلمانان کار بە مەنهەجیـەتی میژوویـی بکـەن و بـە شیوەیەکی میژوویی بروانن کاروباری خۆیان، ئەوکات لە زۆر لـەو وەهمانـە رزگاریـان دەبیـت کـە هیـچ بناغەیـەکی راست و دروستیان نییە.

چــەمکی ســونەو شــیعە بــە شــیوەیەکی (مــادیو مەعنــەوی) تەنــها دوای ســێ یــاخود چــوار ســەدە لــە دەرکــەوتنی ئیسلام هاتــە ئارا. بەهــەرحاڵ دروســتبوونی هــەردوو ئەرسۆدەکسـیەتی ســونەو شــیعە ئەوکاتــە بــە تــەواوەتی بــووە واقیعــی حــاڵ کــە کتیبــی حــەدیس لای هــەردوولایان چەســپی: (بوخــاریو موســلم) لــە بــەرەی سونەو (کلینیو ئیبن بابـەوەیی) لـە بـەرەی شیعە. بـەڵام بەر لەم قۆناغە موسلمانان تەنها بە مانـا سـەرەتاییەکانی وشــەکە هــەبوون. هــەرچی دەســتەو تاقمــە تیۆلــۆژیو سیاسیەکانیشـــە ئـــەوا لـــە رووی میژوویـــەوە پینەگەیشتبوونو لە یـەکتری جیانەبووبوونـەوە، تەنـها پـاش ماوەیـەکی دوورو دریـژ لـە ململانیـی ئـایدیۆلۆژیو سیاسـیو دەسـەڵاتخوازی نـەبیت. لـیرەدا دوایـی بـەم بـاری سەرنجەم دەهینـم، بۆ ئـەوەی بگەریمـەوە سـەر مەسـەلەی مەغریبو دەلیم: پادشای ئەوێ دریـژە بـە کەلـەپووریکی زۆر دریژ لە مەشروعیەتی ئیسلامی دەدات.

ئەم حالەتەش لە هیچ وڵاتیکی ئیسلامی دیکەدا، ئـەم بەردەوامیەتیەی بە خۆیەوە نەبینیووەو دریژەی نەبووە. هــەندیك جــار ســەبارەت بــە بــەردەوامیتی دەولــەتو بونیـادی دەولـەتی مەرکـەزی، لەگـەڵ مـەغریبدا وەکـی نموونەی دووەم باس لە میسریش دەکریت. بیگومان هەر لە زووەوە لە میسردا هەیکەلی دەولەت هەبووە، بەڵام ئەو مەشـروعیەتەی حوکمـی دەولـەت دەکـات بـەردەوامیتی

نەبووە وەکی ئەوەی لە مەغریبدا هەبووە. بۆ نمونە لە مەشروعیەتدا لە نیوان فاتمیەکانو مەمالیکەکاندا دابرانیکی تەواو هەیە.

**هاشم سالح:** مەبەستت دابرانە لە مەزهەبدا؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلێ. دابرانیکی تەواو لە مەشروعیەتدا هەیە: لەبەرئەوەی مەشروعیەتی فاتمیەکان هەمان مەشروعیەتی مەمالیکەکان نییە. بەڵام لە مەغریبی دووردا تەنانەت گەر بنەماڵە شاهنشاییەکانیش گۆرابن (لە ئیدریسیەکانەوە بۆ مورابیتینو موەحیدینو عەلەوییەکان) و ناوی پادشاکانیشیان گۆرابیت، ئەوا هەموویان سەر بە مەشروعیەتی ئیسلامی بوون.

**هاشم سالح:** بەلێ، بەڵام (فاتمیەکانو مەمالیکەکان) ئەوانیش سەر بە مەشروعیەتی ئیسلامین؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەڵام بە هەمان شیواز نا، چونکە مەمالیکەکان وەك بە ناوەکەیاندا دیارە بە رەچەلەك کۆیلە بوون. هەولی ئەوەیان داوە دەولەتیك دروستبکەنو لەسەر چەندین مەشروعیەتو چەندین مەزهەب یاری بکەن.

**هاشم سالح:** ئەوانە سونی بوون؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلی سونی بوونو فاتمیەکان شیعە بوون. نابیت ئەم دابرانە مەزهەبیو تیۆلۆژیەش بەهیند وەرنەگیریت. بەڵام لە مەغریبدا بە بەردەوامی مەزهەبی

(مـالکی) باڵادەسـت بـووە، لـەوەش گرنگـتر رەچەڵـەکی بنەماڵەیـە. لەبەرئـەوەی بنەماڵـەی پادشا بـەردەوامو بـە شـیوەیەکی راسـتەوخۆ خـۆی دەباتـەوە سـەر خـودی پیغەمبـەر: واتـە ترۆپکـی مەشـروعیەتی بـاڵا، مەشروعەتیك کـە لـە سـەرو هـەموو شـتیکەوەیەو هیـچ شتیك سەروی ناکەویت.

کەواتە -لیرەدا دەگەمە کۆتاییو ئەسڵی مەبەست- شـا (حەسەنی دووەم) بە پیچەوانەی ئەتاتورکو بۆرقیبـەوە، هـەولی جـۆرە تـەباییو پیکـەوەژیانیکی لـە نیـوان مەشـروعیەتیکی ئیسـلامی دیریـنو رەسـەن لەگـەڵ نویگەریو سەردەمدا داوە. (حەسەنی دووەم) شیوازی بـە عـەلمانیکردنیکی خـیراو لـە ناکـاوی پـەیرەو نـەکرد، عەلمانیـەتیك وەهـا دیـاربیت وەك ئـەوەی لـە دەرەوە هینرابیت زیاد لەوەی بەرهەمی کۆششو تەقـەللای خـود بیت. ئاخۆ شا (حەسەن) لەم کارەیدا سەرکەتوو بووە یان نا، ئەمە مەسەلەیەکی ترە.

تەنـها مەبەسـتم لـە هینانـەوەی ئـەم نمونانـە روونکردنەوەی جیاوازی ئەو هیلی وئیشکردنانە بـوو کـە دەولـەتانی عـەرەبی -ئیسـلامی پـاش سـەر بـەخۆیی پـەیرەوییان کـردووە، ئەمـەش لـە پینـاو چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکانیانو گەیشتنە پەرەسەندنو گەشەکردن، لە کاتیکدا نویگەری ئەوروپی لە دەرگاکانی دەدان.

بەڵام گەر بیتو سەیری حالەتی جەزائیر بکەین ئەوا دابرانیکی میژوویی تەواو دەبینین: دابرانیك لە بونیادی دەولەتدا، دابرانیك لەوەی پەیوەندی بە مەشروعیەتەوە هەیە، دابرانیك لە کلتورو ئایدیۆلۆژیای سیاسیدا. لە جەزائیردا هەموو شتیك پارچە پارچەیان دابراوە. چونکە ئەو بۆشاییەی ئیستعماری فەرەنسی لە دوای خۆیەوە بەجییهیشت لە ریی ئایدیۆلۆژیایەکی خواستراوەوە پرکرایەوە، ئایدیۆلۆژیایەك نامۆ بە پیکهاتەی ئەو وڵاتەو رەگەزە پیکهینەرە سەرەکیەکانی. ئەو ئایدیۆلۆژیا خواستراوەش بریتی بوو لە: سوسیالیزم. بەمجۆرە جەزائیر لە دوای سەربەخۆییەوە بە سوسیالیزم دەستیپیکرد، یان بلیین بە شیوازیکی تایبەتی سوسیالیزم دەستیپیکرد. ئەوەی لە بارەی جەزائیرەوە وتم، دەشیت دەربارەی عیراق یان سوریا یاخود وڵاتانی دیکەی وەك ئەوانیشەوە بلیین. لە هەموو جییەکدا سەرنجی دیاردەیەکی نەگۆرو گشتی دەدەین، ئەویش مەسەلەی دابرانیکی قوله لە نیوان دەولەتو کۆمەلگەی مەدەنیدا.

**هاشم سالح:** ئەمە مانای وایە کۆمەلگەی مەدەنی تەنها لە ریی تەقینەوەوە نەبیت ناتوانیت دەنگ هەلبریت. هەروەها ناشتوانیت لە ریی تەواوی هیزە پیکهینەرەکانیو چینو تویژەکانیەوە گوزارشت لە خۆی بکات؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلی ئەمە راستە.. لای ئیمە کۆمەلگەی مەدەنی کۆمەلگەیەکی چەپینراوە. ئیمە

دەزانین ناکریت چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکەین کە سەبارەت بە رۆژهەلاتی عەرەبی (لوبنان، سوریا، عیراق، میسر..) خستمەروو، مەگەر تەنها هاوکاریەك لە نیوان دەنگی کۆمەلگەی مەدەنی یان روونتر بلیین دەنگە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەلگەی مەدەنی، لەگەل دەولەت کە بەرپرسیاریتی ئەم دەنگانەی لەسەر شانە دروستبیت. مەبەستم ئەوەیە بلیم: دەبیت دەولەت ریزی ئەو دەنگانەی کۆمەلگەی مەدەنی بگریتو هەلومەرجی لەبارو دامودەزگای شیاویان بۆ دەستەبەر بکات تا لە ریيانەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن، لەبری ئەوەی بکەویتە سەرکوتکردنو چەپاندنیان.

چۆن چۆنی دەتوانین بگەینە ئەوە؟

یەکەم لە ریی وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندنەوە، دووەم لە ریگای وەزارەتی پەروەردەوە. پیویستە کتیبی خویندنگاکان بە شیوازیکی تازە دابنرین، نەك هەر ئە وەش بەلکو دەبیت سەرجەم پرۆگرامەکانی خویندن لە ولاتانی ئیسلامیو عەرەبیدا بگۆردرین، لەبەرئەوەی لە ئاست پیداویستیەکانی کۆمەلگەدا نییەو رەنگدانەوەی کۆمەلگە نییە. هاوکات بوار بۆ هەموو دەنگەکانی کۆمەلگە نارەخسینیت بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەنو ریگا لە بەردەم ئایندەو نویگەریدا ناکاتەوە.

پیویستە لە خویندنگا عەرەبییەکاندا لە قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیو تەنانەت زانکۆکانیشدا،

میـژوو بـــەو شــیوەیە بوتریتـــەوە كــە رونم كــردەوەو باسملیكرد، نــەك بــەو جــۆرەی هــەتا ئیســتاش پــەیرەو دەكریت. ئەمە هەنگاویكی سەرەكیو پیویستە لە پینـاوی گرتنەبەری ریگای نویگەریو عەلمانیەتو ئـایندەخوزایدا. ئــەو شــیوەیەی هەنووكــە لــە كۆمەلگــە عەرەبیـــەكاندا میـژووی پیدەوتریتـەوە، شــیوەیەكە راســتەوخۆ دەبیتــە مایەی ئاژاوە نانەوەو پیكدادانی گروپەكانی ناو كۆمەلگە (بە شیوەیەكی تایبەت بروانە كیشەی لوبنان).

گەر دەمانەویت كیشەو ئاژاوەكان بەردەوام بن ئەوا با دریـژە بـە وتنـەوەی وانــەی میـژوو پــەروەردەی ئـایینی بدەین، هەروەك ئەوەی ئیستا دەیكەین. گـەر دەمانـەویت دریـژە بـە دابەشـبوونو پارچەپارچـە كردنـی كۆمەلگــەی مـەدەنی بدەیـن، ئـەوا بــا بـەم شـیوەیەی ئیسـتا لەســەر وتنەوەی میژوو بەردەوام بین. لەبەرئەم هۆیە دەلیـم: با كـەس سـەری لـەو كارەسـاتانە نەسـورمێ كـە لـــەمرۆدا روودەدەن، چونكە ئەمە بەروبوومی ئەو درەختەیە.

چارەسەرو وەلامی ئەو پرسیارە گرنگەی كردت لەم چـەند وشـە سادەدایە: (با مـادەی میـژوو بـە شـیوەیەكی زانسـتی، كـراوە، گونجـاو لەگـەڵ واقیعـدا بخویندریـــتو بوتریتەوە). پیویستە ئەم دەولەتانە دەست لە بە سوك سـەیركردنی (واقیـعو میـژوو) و پیكهینـەرەكانی واقیــعو میـژوو هـەلگرنو هـەموو ئەوانـە لەبــەرچاو بگـرنو بــە یەكسانی سـەیریان بكــەن. تەنــها بــەمجۆرەش دەتوانـــین

توندوتۆڵ پێکهاتەی کۆمەلگەی مەدەنی بچنینو لەگەڵ یەکەمین راچلەکیندا دووچاری دادران نەیەت، ئەمە وەڵامو ئەمە چارەسەریەتی.

من وتم مادەی مێژوو نەمگوت فەلسەفە. یەکەم جار مێژوو پاشان فەلسەفە، ئەمەش دەمانگێریتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای قسەکانماندا باسمانکرد سەبارەت بە ئەولەویەتی زانستی مێژوو، مەنهەجیەتی مێژوویی بە بەراورد لەگەڵ شتەکانی دیدا. ئەلبەت من نامەویت خوێندنی فەلسەفە بسرمەوە، بەڵام دەلیم زانستی مێژوو ئەولەویەتی ئەبستمۆلۆژی هەیە. بە مەرجێك وا لەم وشەیە تێبگەین کەوا تەواوی زانستە ئینسانیە دیارەکانی وەك (سۆسیۆلۆژیاو ئەنسرۆپۆلۆژیاو دیمۆگرافیاو ئابووریو پەروەردەی ئایینیو.. هتد) دەگریتەوە. ئیمە ئیستا هیچ شتی لەمەر کۆمەلگەکانی خۆمان نازانینو بێئاگاین لە واقیعی کۆمەلگەکانمان. ئەمیستا ئیمە مێژووی کۆمەلگاکانمان دەشێوینینو بە مێژوویەکی دیکەی خەیالی دەگۆرین، مێژوویەك کە پەیوەندی بە واقیعەوە نییە. هەموو ئەمەش لە رێی ئایدیۆلۆژیاو بە هۆی ئایدیۆلۆژیاوە دەکریت. کەواتە دەتەویت چۆن چارەسەریك بخەینەروو بۆ واقعێك کە لە ئارادا نییە!

لیرەدا دەگەینە ئەوەی چاککردنی سستمی خوێندنو پرۆگرامەکانی بە شێوەیەکی ریشەیی چ پێداویستییەکی سەرەکین. ئەمەش ئەرکی سەرشانی وەزارەتی پەروەردەو

لیپرسـراوانیەتی. نـازانم گـەر پیویسـتمان بـە وەزارەتـی کاروباری ئایینی بمینیت یان نا.. مـن هـەتا ئیستاش ئـەم پرسیارە لە خۆم دەکەم.

**هاشم سالح:** ئەم وەزارەتە لای ئیمە (لـە سوریا) پیـی دەلین وەزارەتی ئەوقاف..

**محەمەد ئەرکۆن:** ئەمە هـەر هـەمان شـتە.. لای ئیمـە (لە جـەزائیر) پیـی دەلیـن وەزارەتـی کاروبـاری ئـایینی. بەهـەر حـالٚ ئەمـەمانای وایـە ئیمـە هیشـتا دەسـتبەرداری نەبووین‌و وەك خۆی هیشتومانەتەوە. لیرەدا پیویستە بە باشـی لەگـەلٚ هـەردوو وەزارەتـی پـەروەردەو رۆشـنبیریدا کاربکات. پیویسـتە بـە شـیوەیەکی بیئـەندازەکراوە رۆلـی خۆی بگیریت‌و بە روحیەتیك کاربکات کە بـە ئاراسـتەی دروسـتکردنی کۆمەلگەیـەکی مـەدەنی هـەنگاو بنیـت، بـۆ ئـەوەی کۆمەلگە ببیتـە پیکهاتەیـەکی یـەکگرتووی پتـەو. بەلأم گەر ئەم وەزاراتە دەستبەرداری هـەموو دامودەزگـاو پەیمانگا ئاینیەکانی خۆی نەبوو کە خویندنی تـەقلیدی‌و مەزهـەبی‌و تایەفەگـەری‌و نـامیژوویی بلأودەکەنـەوەو کۆمەلگـە پارچەپارچـە دەکـەن‌و گیـانی ئـاژاوەگیری‌و دووبـەرەکی تیـادەچینن، ئـەوا پیویسـتە دەسـتبەجیٚ دابخریـت. ئـەم وەزاراتـە پیویسـتە بـە رۆحیکـی کـراوەوە کاربکات بە مەبەستی رزگارکردنی کۆمەلگەی مەدەنی لە گـریٚ کۆنـەکانی، نـەك بـە گیـانیکی پروپاگـەندەیی ئایدیۆلۆژیـەوە کـە ستایشـی ئـاینیکی دیـاریکراو یـاخود

مەزهـەبیکی دیـاریکراو دەکـاتو ئـایینو مەزهەبـەکانی دیکە بە سوك سەیردەکات. کاریك کە بە داخیکـی زۆرەوە تـا ئـەمرۆش دریـژەی هەیـەو روودەدات. دەبیـت ئـەم روحیەتە بەرتەسکەی سەدەکانی ناوەند ریـی پیبگـیریت، گـەرنا ئـەوا نـە چارەسـەریکمان دەسـگیر دەبیـتو نـە رزگاریشمان دەبیت.

**هاشم سالح:** بەلام گوتاری ئایدیۆلۆژی باو (بە هەموو جۆرەکانیەوە) ئیعتراف بە پیکهینـەرەکانی واقیـع ناکاتو بە شیوەیەکی زانستیو مەعریفی بەرپرسیاریتی ناگریتە ئەستۆ. لەبەرئەوەی پیی وایە دەتوانیت لە ریگای بـازدان بـە سـەریاندا ئـەو کیشانە تیپـەرینیت، سـەرەرای ئـەوەی هەموو جاریك دەبینیت لە بەردەمیدا قوت بوونەتەوە..

**محەمەد ئەرکۆن:** ئەوەی دەیلییت وایە. ئەو دەولەتەی هەیـە مومارەسـەی پرۆسـەی بـازدان بەسـەر قۆناغـەکاندا دەکاتو لییان هەلدیت. پیش ناچیت بەو شیوەو فۆرمەی ئیستایەوە توانـای لـە ئەستۆگرتنی بەرپرسـیاریتی ئـەو واقیعە کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو میژووییەی هـەبیت کـە تایبەتـە بـە کۆمەلگـەی مـەدەنی، کیشـە سـەرەکیەکەش لیرەدایـە. ئـەو دەولەتـەی لـە پاش سـەربەخۆیی دامـەزرا شکسـتی خـۆی لـە رووبەرووبوونـەوەی واقیعـدا سـەلماند، پیموابیت رووداوەکانی ئەم چـەند سالەی دوایـی بەلگـەی ئەوەن. ئەو دەولەتەی ئیستا هەیە بە خۆی دەلیت: گەر بیتـو تـەواوی پیکهینـەرەکانی واقیعـم رەچـاو کـردو

ئیعـترافم پیکـرد وەکـی ئـەوەی لەسـەر زەمینـەی واقیعـدا هەیە، گەر ئیعترافم بە هەمەرەنگیو فرەدەنگی کرد لەناو کۆمەلگـەی مـەدەنیدا، ئـەوا یەکیـەتی نیشـتمانی رووبەرووی پارچە پارچە بوونو لـە بەریـەك هەلوەشان دەبیتـەوە. ئـەوە لـە کاتیکدا ئیمـە دەزانـین ئـەم دەولەتـە سەرەتاکانی خۆیو مەشروعیەتی خۆی لەسەر دیدگایەکی تایبـەتی لەمـەر یەکیـەتی نیشـتمانیو نەتـەوەیی بینـاکردووە: ئـەویش ئـەو بۆچوونەیـە کـە لـەناو نەتەوەکانی ئەوروپای تازە دروست بووی سەدەی نـۆزدەدا باوبوو. دەولـەتی دوای قۆنـاغی سـەربەخۆیی دەکەویتـە خواستنی ئەم مۆدیلە نەتەوەییە -مەرکەزیە لە ئـەوروپا، بـەبێ ئـەوەی پرسـیار لـە مەشـروعیەتی ئـەم جـۆرە خواسـتنەو هەلومـەرجی دروسـتبوونی بکـات: دەولـەتی ئیمـە ئـەم مۆدیلـە دەخوازیـت بـە بـێ ئـەوەی بپرسـیت لـەوەی چۆن چۆنـی نەتەوەیـەکی تازەپیگەیشـتووی وەك فەرەنسا لە سەردەمی (هیغ کابی) پاشاوە (واتـە بـەر لـە هەزار سالی تەواو لە ئیستا، لە پینـاو پاراسـتنی یەکیـەتی نیشتمانی خۆیدا دەستبەکار بووە!

رژیمـە سیاسـیو حیزبـە ئایدیۆلۆژیـەکانی ئیمـە لـە رووی میژووییەوە پرسیاریان لە چۆنیـەتی دروستبوونی ئـەو نەتەوەیـەی ئیسـتای فەرەنسـا نـەکردو لەوەشـیان نەکۆلیەوە کە چۆن چۆنی هاتۆتە ئارا. بەلکو دەستیان بە سەپاندنی ئـەم مۆدیلـە کـرد وەك خۆیـیو بـە شـیوەیەکی

زۆرەملییانــە. بــەبێ هیــچ زەمینەخۆشــکردنێك یــان دەسکاریکردنێکی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئـەو واقیعـە تازەیـەدا بگونجێت. سەرەرای ئـەوەش ئـەوان دەیانویست یەکێـتی نیشتمانی لەسـەر یـەك پایـەگا لـە پایـەگاکانی نەتـەوە، یاخود لە سەریەك بنەما لە بنەماکانی دابمـەزرێنن، واتـە پـەیرەوی یـەك دەنـگ لـە دەنگـەکانیان کـردو دەمبەسـتی دەنگـەکانی دیکـەیان کـرد. بـەم حالـەوە ئـەوا مایـەی سەرسورمان نییە کـە کێشـەو گرفتـەکانی نـاو کۆمەڵگـەی مەدەنی پاش تێپەربوونی دەیان ساڵ بتەقنـەوە. ئەمـەش بۆ خۆی ئەو هەڵە گەورەیە کـە لایەنـە پـەیوەندیدارەکان نایەنەویت ئیعترافی پێبکەن.

شیکردنەوەی مێژوویی‌و کۆمەڵایـەتی‌و سیاسـی (بـە مانـای فەلسـەفەی سیاسـی) ئـەو پەیوەندیانـەی نێـوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر بە ئاسانی ئەم هەڵەیـە دەسەلمێنێ. شتێکی دیکەش کە حەزدەکەم سـەرباری ئـەو قسانەی سەرەوەمی بخەم، ئەویش ئەوەیە کە: فیدرالیـەت وەکی چارەسەرێکی سیاسی گونجاو بۆ کێشەی فرەکلتـوری لە کۆمەڵگەی مـەدەنیدا، بـە هیـچ شـێوەیەك بـە خـەیالی هیـچ سـەرکردەیەکی سیاسـی عـەرەبی یـاخود ئیسـلامی‌و هیچ کەسێکی تردا نەهاتووە.

**هاشم سالح:** لەبەر چی؟

**محەمەد ئەركۆن:** لەبەرئەوەی عەرەبو موسلمانان هەمیشە لە میانەی مەركەزیەتەوە بیریان لە مەسەلەی دەولەت كردۆتەوە.

**هاشم سالح:** ئایا ئەمە بۆ كاریگەریتی مۆدیلی فەرەنسیو ناسیۆنالیزمی ئەوروپی دەگەریتەوە، یاخود پەیوەندی بە خودی میژووی ئیسلامی خۆیەوە هەیە؟

**محەمەد ئەركۆن:** نا، ئەمە هەمووی بۆ كاریگەری مۆدیلی فەرەنسی یان ئەوروپی ناگەریتەوە. لیرەدا پیویستمان بەوەیە بازنەی شیكردنەوەی میژوویی بەرفراوانتر كەین، بۆ ئەوەی ماوەیەكی زەمەنی دورترو كۆنتر بگریتەوە. ئەمەش ماوەیەكە بە تەواوەتی سەدەی نۆزدە (كە سەدەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپییە) تیدەپەرینیت. لەم سەروبەندەدا دەبوو ئەو كەلەپوورە دوورو دریژو ئیجگار دیرینەی ئاینە یەكتاپەرستەكانمان بەهیند وەرگرتایە. بەلام با بزانین ئایینی یەكتاپەرستی بە تەواوەتی چی دەگەیەنیت؟

ئایینی یەكتاپەرستی بە تەنها مانای بروابوون بە یەك خواوەند ناگەیەنیت، بەلكو هاوكات بە مانای راگەیاندنی هەبوونی یەك حەقیقەتیش دیت كە لەریی ئینسانەكانەوە تەعبیری لیدەكریت.. با بزانین ئەم دەستەواژەی دواییان چ مانایەكی هەیە؟

مانای وایە بەردەوام كەلینیكی گەورە لە نیوان ئەو حەقیقەتەدا هەیە كە كتیبە ئاسمانیەكان مەبەستیانەو

(ئەمەش بۆ خۆی حەقیقەتیکی کراوەو بە برشتە، لەبەرئەوەی بە شیوەیەکی مەجازی- رەمزی تەعبیر لە خۆی دەکات)، لەگەڵ حەقیقەتی تیۆلۆژیەکان (واتە فوقەهاکان). لەبەرئەوەی ئەمانە (واتە فوقەهاکان) ئەو حەقیقەتە رەمزییە کراوانەی ناو کتیبە پیرۆزەکان بە جۆرە حەقیقەتیکی مەرکەزی داخراو (LOG CENTRIQU) دەگۆرن.

ئیمە ئەوەش دەزانین کە فوقەهاکان (بە مانا بەرفراوانەکەی وشەکە) دەست لەناو دەست کاریان لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی: واتە لەگەڵ خەلیفە، یان ئیمپراتۆر، یاخود ئەمیرو سولتانو پادشاو سەرۆك کۆماردا کردووە. کەواتە هاریکاریەکی پتەو لەسەر ئاستی بۆچونی تیۆریو لەسەر ئاستی مومارەسەی سیاسیو بەرجەستەبوونی دامودەزگایی ناو پیکهاتە تیۆلۆژیەکان (کە بەرەنجامی ئایینە یەکتاپەرستەکان)و لە نیوان چەمکی دەولەتی مەرکەزیدا هەیە. ئەم کیشەیە بە قولی پەیوەندی بە فەلسەفەی سیاسیەوە هەیە. جۆریك: لە ناکۆکیو جیاوازی لە نیوان کلتوری سیاسی (کە لە روانگەی فیدرالیەتەوە سەیری کیشەو گرفتەکانی کۆمەلگەی مەدەنی دەکات)، لەگەڵ فیکری سیاسیدا (فیکریك کە لە ریگای چەمکی تاك رەهەندیو مۆنۆپۆلیو سەنتەریانەی ئاراستەکراو رووەو حەقیقەت: واتە حەقیقەتی دەولەتو

حەقیقـەتی تیۆلـۆژی لـە یـەك کـاتدا سـەیری کیشـەو گیروگرفتەکانی کۆمەلگە دەکات)، هەیە.

**هاشم سالح:** کەواتـە ئـەوە تەنـها حەقیقەتیکـەو قبولیشی نییە هیچ شتیکی تر بەشداری بکات؟

محەمـەد ئـەرکۆن: بیگومـان. ئەمـە خـۆی وەك تاکـە حەقیقـەتیك نیشـاندەدات. ئـەو دروشمـە بەناوبانگـەی دەلیـت: (عـەرەب یـەك نەتەوەیـەو خـاوەنی پـەیامیکی نەمرە) دروشمیکی جوانو رەوانـە، بـەلام ئـاخۆ پیویست بـەوە ناکـات بـە هـەموو جیـاوازیو فـرە رەنگیەکانـەوە سـەیری واقیـع بکەین؟ ئایا مـافی ئـەوەمان هەیـە ئـەو جیاوازیو فرە رەنگیە پشتگوی بخەین، بۆ ئـەوەی واقیـع بـە درۆ بخەینـەوەو بـاوەر بـەو دروشمـە بکـەین؟ گەروامانکرد کی لەمە سودمەند دەبیت؟

من دەلیم: نە واقیعو نـە دروشمەکە کەسیان قازانج ناکـەن. تەنانـەت ئیسـتا فەرەنسـاش لـەو مەرکەزیەتـە توندوتۆلـەی خـۆی خاودەکاتـەوە، پلانیکـی گشـتی بـەرفراوان بـۆ سیاسـەتیکی لامەرکـەزی دەگریتەبـەر. کەواتـە ئیعـترافکردن بـە پلورالـیزمیو هەمـەرەنگیو جیـاوازی، دژ بـە هاوکـاری یـاخود یەکیـەتیو یـەکگرتن نییە. بەلکو کاریکی وا یەکگرتووی بـەهیزتر دەکات، لەو رووەوەی زیـاتر واقعـی تـرەو زۆر ئینسـانی تـر دەبیـت. سروشتی مرۆڤ خۆی هەمەجۆرو هەمـەرەنگو جیـاوازە.

هەرچی ئەو دروشمە سیاسیە کۆنکریتیەشە، بواریك بۆ جیاوازیو هەمەرەنگی ناهیلیتەوە.

ئەوەی راستی بیت ئەم دروشمە دروشمیکی ئەو کلتوورە سیاسیەیە کە هەیمەنەی بەسەر هەموو فۆرمەکانی دەولەتدا هەیە. ئەو دەولەتەی لە رووی میژوویەوە لە فەزای ئیسلامیدا بەرجەستە بووە، ئەگەرچی رۆژیك لە رۆژان بە شیوەیەکی تەواوەتی نەگەیشتۆتە ئەنجام. لەبەرئەوەی بەردەوام ناوچەی چەپەكو سەختو دوورە دەست، یاخود ناوەندی دەسەلاتخوازی رکابەر لە ئارەدا بووە. بۆ نمونە لە مەغریبدا بەردەوام جیاوازیەکی روونو ئاشکرا لە نیوان دووکایەدا هەبووە: ولاتی (المخزن) و / ولاتی (السباع)، (ئەم ناولینانە هەتا ئەمرۆش شتیکی باوە).

ولاتی (المخزن) بریتیە لەو کایە سیاسیەی دەولەتی مەرکەزی تیایدا بالادەستەو پاریزەری حەقیقەتی ئیسلامییە، بەو جۆرەی فوقەهاو موتەکەلیمون دیاریانکردووە. هەرچی ولاتی (السباع)ە، بریتیە لە ناوچە دوورەدەستەکانو هەریمە چەپەكو هەلەتەکان کە مل بۆ دەولەتی مەرکەزی نادەنو ناچنە ژیر کۆنترۆلیەوە. ئەم دابەشکردنە زۆر گرنگەو زۆر کۆنیشە.

گەر بمانەویت دەستنیشانی کیشە هەنووکەییەکانی دەولەتی عەرەبی ئیسلامی بکەین، ئەوا دەبیت لە ریی میژووی ماوە دریژەوە (ئەمە چەمکە بەناوبانگەکەی-

فیرنــان برۆدیـل-ە، یــەکیك لــە گــەورە پیشــەنگەکانی میژووناسی نویٚ لە فەرەنسا) سەیری مەسەلەکان بکەین. سـەیرکردنمان بـۆ میـژوو (یـان بـۆ کیشـەو گرفتـەکانی) دەگۆریـت، گـەر هــاتوو لــە بــری ماوەیــەکی زەمـــەنی کورتخایەن (سەدەیەك یان دوو سەدە) ماوەیـەکی دریژتـر (بـۆ نمونــە چــەندین ســەدەمان) وەرگــرت. بۆیـــە ئــەو کیشانەی لـە پرسـیارە سـەرەکیەکەی تـۆدا هـاتوون لەمـەر تایفەگـەرایی‌و مەزهەبگـەرایی لـە خۆرهـەلاتی عـەرەبیدا، نــاکریت بــە تەنــها لــە مــاوەی ســی یــان چــل ســالدا لیکبدرینەوە. بەلکو دەبیت چەندین سـەدە بچینـە دواوە، بۆ ئەوەی بزانین ئـەم کیشانە چۆن چۆنـی دروسـتبوون، بۆچی دروستبوون‌و بـە چ شـیوەیەك تەشـەنەیان سـەندو جیگیربوون؟

هەموو ئەم شتانەش حیزبە سیاسیەکان‌و تیۆرسـینە هەلەشـەکانیان کـە سـەرقالی وردەکاریـەکانی ئیستان‌و بـە دوای رووداوەکاندا هەلوەدایانە، وەلامی نادەنـەوە. کەواتـە دەبیـت دەسـت بـەم شـیکردنەوەیە بکـەین: شــیکردنەوەی دەولــەت‌و میــژووی تیۆلۆژیــای سیاســی، نـــەوەك تەنـــها شـــیکردنەوەی فەلســـەفەی سیاســـی کـــە رینوینـــی یـــان ئاراسـتەی دەولـەت دەکـات. دوای ئـەوەی لـە تـاوتویکردنی ئەم مەسەلەیە دەبینەوە لە قۆناغی ئیسلامی کلاسـیکیدا، دەکریـت بیینـە سـەر هەلسـەنگاندنی قۆنـاغی هاوچـەرخ. ئــەوکات دەتوانــین ئــەوە ئاشــکرا بکــەین چــۆن چۆنـــی

فەلسەفەی سیاسی دەولەتی نەتەوەیی هاوچەرخ (دەولەتیك كە بەرەنجامی ناسیۆنالیستە یەكگرتووخوازەكانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپایە، لەگەڵ ئەو ئەقلە عەلمانیەی باسمان لیكرد)، دریژكراوەی ئەو تیۆلۆژیا سیاسیەیە كە لە سەردەمی كلاسیكی رۆژگاری خەلافەتدا ئاراستەی دەولەتی ئیسلامی كردووە. بەو مانایەی ئەم دەولەتەی ئیستا بەردەوامیەتی ئەوە، بەلام بە بەرگیكی دیكەو بە تیرمو چەمكو زاراوەی ترەوە. لە جیاتی ئەوەی پیشتر پیمان دەوت ئومەی ئیسلامی یان ئومەی موحەمەدی، لەگەڵ تەواوی ئەو روئیا ئایینیەی هاوشانی بوو، ئەمیستا دەلیین ئومەی عەرەبی یان نەتەوەی عەرەبی، یاخود نەتەوەی تورك یان نەتەوەی فارسو، هتد..

سەركردە سیاسیەكان لەم پرۆسەی بەردەوامیتیو بەدوایەكداهاتنە ناكۆلنەوە، لەبەرئەوەی ئەوان دەسەلاتی سیاسیان لە دەست دایەو دەیانەویت پاریزگاری لیبكەن. هەستان بە (رەخنەگرتن لە ئەقلی سیاسی) بە ئەركی خۆیان نازانن. هەر كاتیكیش تویژەریك یاخود میژوونووسیك بەم كارە هەلدەستیت ئەوا تاوانباری دەكەن بەوەی كەسیكە پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە، یاخود هیچ نازانیتو پیویستە گویی لی نەگیریت.. ئەمە ئەگەر نەشلین ئەو كەسە خائینە بە ئومەی عەرەبیو ئیسلامی!.. چونكە ئەوان لە پیناو سوككردنو شكاندنی

زمانی شیکردنەوەی وردی میژوویدا، پەنا دەبەنە بەر بەکارهینانی چەکیکی بەرپەرچدانەوەی رەها: واتە تەکفیرکردنو ناوزەدکردنی ئەو کەسە بە خائین. ئەم چەکی بەرپەرچدانەوە رەهایەش لە هەمان کاتدا لەلایەن سەرکردە سیاسیەکانو پیاوانی ئایینییەوە بەکاردەهینریت، هەروەها لە لایەن ئەو فەرمانبەرە ئایدیۆلۆژیانەشەوە پەیرەو دەکریت کە جیگای فوقەها تیۆلۆژیەکانیان لە موماسەکردنی ئەم وەزیفە بەرپەرچدانەوە ترسناکەدا گرتۆتەوە.

**هاشم سالح:** ئەم مەسەلەیەت بە ئاشکرا لە کتیبی (**تأريخية الفكر العربي الاسلامي**) کە سالی ١٩٨٦ لە بەیروت بلاومانکردەوە، خستبووەروو. لەویدا باست لە مەسەلەی ئەو پەیوەندیە دیالەکتیکیە کردبوو کە لە نیوان ترۆپکی سەروەری بالای مەشروعیەت و ئەو دەسەلاتە سیاسیەدا هەیە کە لە سەرەتاوە تا رۆژگاری ئەمرۆمان لەسەر خاکی ئیسلام بەردەوام بووە. پیموابیت ئەو لیکدانەوەیە زۆر لە بارو لە جیی خۆیدا بوو..

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلێ، هەموو ئەمانە پەیوەستە بە مەسەلەیەکی گشتیو بەردەوامەوە کە من ناوی دەنیم (ترۆپکی سەروەری بالا). ئەم ترۆپکی سەروەری بالایە لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا (پیشترو لە ئیستاشدا) رۆلی بە پیرۆزکردنی دەسەلاتی سیاسی دەگیریت، کە لە هەندیك کاتدا دەسەلاتیکی زۆر راستەوخۆو دنیاگەراو توندوتیژە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە لە زەینی خەلکیدا، خەیالدانی تیۆلۆژی ئایینی بە تەواوەتی تیکەڵ بە خەیالدانی سیاسی بووە. زۆربەی زۆری خەلك- تەنانەت رۆشنبیرانیش- ناتوانن لە یەکیان جیابکەنەوە. لەبەرئەوەی ئەمرۆکە سیاسەتمەدار خۆی لە بەرگی تیۆلۆژیو ئاینیدا نیشاندەداتو ئەم گەمەیەش بەسەر هەمووواندا تیدەپەریت.

ئەمەش بۆیە روودەدات چونکە ئەم مەسەلە میژووییە ئالۆزە تا ئیستا تاوتویٚ نەکراوەو نە لە زمانی عەرەبیداو نە لە زمانەکانی دیکەدا نەبۆتە جیگەی قسەوباس. لە کاتیکدا جیاکردنەوەی نیوان تیۆلۆژی و سیاسی لە ولاتیکی مۆدیرنی عەلمانیدا (بۆ نمونە وەك فەرەنسا) زۆر روونو ئاشکرایە. رۆلی گوتاری سیاسی لە ساتەوەختی سەربەخۆییەوە، بە واتایەکی تر (سەرکەوتنی) ئەم گوتارە لەوەدایە توانیویەتی مەشروعیەتی ئایدیۆلۆژیو سیاسی بینیتە جیگای گوتاری تیۆلۆژی (ئەو گوتارەی مەشروعیەتی بە خەلیفەو سستمی خەلافەت دەدا).

**هاشم سالح:** بەلام هەنووکە ئەم گوتارە بەلادادیتو تیكو پیك دەشکیت، لە بەرامبەریشدا تیبینی گەرانەوەی گوتاری کۆن (مەشروعیەتی تیۆلۆژی) دەکەین کە ئەمیش لەلای خۆیەوە دوای ئەزموونی دە ساڵ بەرەو تیکشکان دەچیت؟

**محەمەد ئـــەرکۆن:** بـەلێ، بێگومـان. هەنووکـە ئـەو گوتـارە بـەلادا دێـتو لەبەریـەك هەلدەوەشـێت، بـــەلام ئەلتەرناتیڤەکەی ئامادە نیـە. کاتێك لـە هـەندێ ولاتــدا ڕووداوی خوێناوی ڕوودەدات، دەبینـین دەسـەلاتی سیاسـی بە توندی سەرکوتی دەکات. پاشان تۆزێك ملی بادەدات تـا ئـەو گەردەلوولــە دەنیشـێتەوە. دوای ئـەوەی شــتەکان دەخاتەوە سەر ڕێکای خۆیان، سەرلەنوێ دەست دەکاتـەوە بە پرۆسەی ئاسایکردنەوە، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. بەمجۆرە مەسەلەکان بەردەوام دەبن تا ڕووداوی خوێناوی تازەتر ڕوودەدات. بۆیە مـن وەك مێژوونـووسو توێژەرێـك تــەئکید لەســەر گرنگــی ڕووبەڕووبوونــەوەی شیکاریی ڕەخنەیی دەکەمەوە لە نێوان کێشەی دەولـەتو کێشەی مەشروعیەتو کێشەی کۆمەلگەی مـەدەنی کـە تـا ئێســتاش وەکـی پێویســت لـە ولاتـانی ئێمـــەدا دروســت نـەبووە. کـەوا دەلێـم مەبەسـتم هێرشـکردنە سـەر ئـەو دەولەتو ڕژێمانەی ئێستا نیـە چونکـە ئەمـە ئـەرکی مـن نیـە.، بـەلکو ئـەرکی مـن ئەوەیـە لـە ڕێـی میتۆدەکـانی فەلسـەفەی سیاسیو تیۆلۆژیـای سیاســیەوە هەلومــەرجی ئێستا شی بکەمەوە.

لێرەدا ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە تیرمی (تیۆلۆژیای سیاسی) باو وەکی پێویست بەربلاو نییە؛ بۆیە دەبێت بایەخی پێبدەیـن. چونکـە زۆر گرنگـە بۆ حالی بوون لەوەی هەنووکە لەناو کۆمەلگە ئیسلامیو

عەرەبیەکاندا چی روودەدات. ئاقاری ئیسلامی هاوچەرخ تیۆلۆژیای سیاسی بە گوتاریك پەردەپۆش دەکات گوایە گوتاریکی ئایینیە، بەڵام لە واقیعدا گوتاریکی سیاسی تەواو دنیاییە.

**هاشم سالح:** بەڵام خەلکی نازانن چۆن چۆنی جیاوازی لە نیوان گوتاری سیاسیو گوتاری تیۆلۆژیدا بکەن، بۆیە دەکەونە دوای ئەو گوتارو دروشمانەی خۆی دەداتە پاڵ ئایینو لافی مەشروعیەتی ئایینی لیدەدات. ئەمە لە کاتیکدا خۆی پرۆژەیەکی تەواو سیاسی، دەسەڵاتخوازی، مادییە.

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلێ، بیگومان. لیرەوە وەکی پیشتر باسمکرد تیکەلیەك لە خەیالدانی (تیۆلۆژی- سیاسی) جیهانی ئیسلامی هاوچەرخدا روودەدات. ئەمیستا ئەم جیهانە سەرلەبەر نوقمە لەناو ئەو خەیالدانەی باسمان لیکرد. کاریکی گرانە کایەی تیۆلۆژی لە کایەی سیاسی بە عەلمانیکراو لە یەکتر جیابکریتەوە.

ئەم لیکجیاکردنەوەیە لە ئەوروپادا روونو ئاشکرایە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەر لە شۆرشی فەرەنسی وا نەبوو. لە فەزای ئەقلانی سەدەکانی ناوەراستدا کە ئایین تیایدا تیکەڵ بە هەموو شتیك بووبوو یاخود هەموو شتیکی کۆنترۆڵ کردبوو، جیاوازە لەو فەزا ئەقلانیەی قۆناغی مۆدیرنە. شیکردنەوەی مەسەلەکە بەمجۆرە تەنانەت لە لایەن روناکبیرە موسلمانو عەرەبەکانیشەوە رووی نەدا.

کەواتە دەبێت چی بەو جەماوەرە هەژارە بڵێین کە پەیوەستە بەو ئایدیۆلۆژیایەی بە میراتی بۆی ماوەتەوەو لەسەر باوەڕپێکردنو پەرستنی راهاتووە؟ مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت ئەوا لە دنیای ئێمەدا پرۆسەی عەلمانییەتو بە عەلمانیکردن روودەدات، تەنانەت بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە خواستی پێکهێنانی یەکیەتیەکی نیشتمانی نەتەوەیی لەسەر مۆدیلی ئەوروپی، بە تەواوی لە هوشیاری دەستەجەمعیدا جێگای ئایدیای یەکیەتی موحەمەدی یاخود ئیسلامی (کە بریتیە لە ئایدیایەکی ئاخیرەتخوازی تیۆلۆژی، نەك ئایدیایەکی مێژووی بێت) گرتۆتەوە.

کێ ئێستا لە سوریا یان میسر یاخود عیراق، خەون بە گەرانەوەی خەلافەتی عوسمانی یان بە دروستکردنی یەکیەتیەکی ئیسلامیەوە دەبینێت؟ بە پێچەوانەوە، خەلکانیکی زۆرهەن خەون بە دامەزراندنی یەکیەتیەکی نەتەوەیی یان هەریمایەتی هەندێك ناوچەی عەرەبیەوە دەبینن. کەواتە بمانەویتو نەمانەویت عەلمانییەت پرۆسەیەکەو لە واقعی ئێمەدا رووی داوە. ئەمەش تەنها نمونەیەکە لەناو هەموو ئەو نمونە زۆرانەی لە ئەژماردن نایەت. تەنانەت دەبینین عەلمانیەت زمانیش دەگریتەوە، بە سەرجەم زاراوەو پیکهاتەکانیەوە. دیدگای ئاخیرەت خوازی (واتە ئایینی، تیۆلۆژی) بە تەواوی ئاوابووەو موسلمانە هاوچەرخەکان نازانن ئاقاری ئاخیرەت خوازی

چـی دەگەیـەنیت. لـە سـەروبەندی ئەمـەدا ئایدیـای یەکیەتی نیشتمانی بە تەواوەتی وەکی جۆریك لە ئایین یـاخود تیۆلۆژیـای زەمینـی، کەوتـە مومارەسـەکردنی رۆلی خۆی.

ئـەم پرۆسـە میژوویيـە (مەبەسـتم پرۆسـەی بـە عەلمانیکردنـە) زۆر گرنگـە، هەنووکـە لـە سەرتاسـەری جیهانی ئیسلامی لە قۆنـاغی جیٚخۆگرتندایـە. بـا ئـەو دیـاردەی گەرانـەوەی گوتـاری (ئیسـلامی)و دروشـمو زاراوانـەی بـە تونـدی دینـەوە ئـارا چەواشـەت نەکـەن، چونکە ئەم مەسەلەیە شتی زۆر قولترو گرنگتری لە پشت خۆیـەوە حەشـار داوە. لـەمرۆدا عەلمانیـەتی (فیعلـیو واقعـی) تـەواوی کۆمەلگـە عـەرەبیو ئیسـلامیەکانی گرتۆتەوە. بەلاّم کەس درکی پیناکاتو سەرنجی ناداتیٚ، هۆی ئـەوەش زۆر ئاسانە: لەبەرئـەوەی وەکـی پیویسـت گوتـاری شـیکارگەری مۆدیـرن، لـە کایـەی رۆشـنبیری ئیسلامیدا لە ئارەدا نییە.

**هاشم سالح:** کەواتـە عەلمانیـەت لـە کۆمـەلگاکانماندا بەردەوامە؟

**محەمەد ئەرکۆن:** بە تـەئکید. مـن پیموایـە ئەمرۆکـە جیهانی ئیسلامیو -هەروەها عەرەبی- کەوتۆتە ژیر باری هـیزیکی عـەلمانی گـەورەوە، بـەلاّم نـازانیت چـۆن چۆنـی تـاوتویی بکـات، بــەمجۆرە ناشـتوانیت ئـەو پرۆسـەیە ببینیـت. ئەمـە بـەوە دەچیـت کـە لـە دەسـتپیکی

گفتوگۆكەماندا دەربارەی "الطبری" باسمكرد. "الطبری" كاتێك دەیوت: خـوا دەفـەرمویت.. پاشـان تەفسـیری خۆی دەكرد وەك ئەوەی تەواو هاوشێوەی قسەی یەزدان یاخود مەبەستی یەزدان بێت، نەیدەزانی كـەوا بێئاگایانـە گەمـە بـــە سســـتمە تیۆلۆژیـــەكان دەكـــات. چونكـــە بـــە لای "الطبری"یەوە چەمكی سستمی تیۆلۆژی بۆ خۆی بریتـی بوو لە بیرلینەكراوە. "الطبری" سستمیكی هیرمینۆتیكی بەرهـەمدەهێنا و پێـی وابـوو تەنـها ئـەوەی ئـەو راسـتە. بێئـــەوەی بزانێـــت لەوانەیـــە سســـتمی هـــیرمینۆتیكیو سیمۆلۆژی دیكە لە ئارەدا بن كە بێگومان لە ئارەدا بوون.

بە هەمان شێوە ئێمەش ئێستا لە جیـهانی ئیسـلامیدا دەژین كە لە قۆناغی بە عەلمانی بوونێكی بەرفراواندایـە، بـــەبێ ئـــەوەی بتوانـــین لـــە چوارچێـــوە عەلمانییـــە پەتییەكـەیدا ببینـین. هـەروەها بێئـەوەی بتوانـین ئـەو پرۆسـە جۆراوجۆرانـە ببینـین كـە بـە هۆیانـەوە رۆژ لـە دوای رۆژ پرۆســــەی عەلمانییـــــەتو دنیاگـــــەرایی بەرهەمدێنن. پاشان چاومان دەنوقێنـین، یـان بلـێ ئـەوان لـە رێـی ئـەو تیرمـە ئیسـلامیانەوە كـە ئـەم پرۆسـەی بـە عەلمانیكردنەمان لێ دەشارێتەوە چاوەكانمان پێدادەخەن.

ئـەوەی ئێستاكێ روودەدات وەهـای نیشـاندەدەن وەك ئەوەی ئایینیو ئیسلامی بێت. لە كاتێكدا لەژێر پـەردەی ئـەم ئیسـلامیەتەدا، پرۆسـەی بـە عـەلمانیكردنێكی زۆر

بــەرفراوانترو تیکوپیکدەرتــر روودەدات. کــە دەلیــم بەرفراوانترو تیکوپیکدەرترە، لەبەرئەوەیە:

**یەکەم:** ئـەم پرۆسـەیە تـەواوی هەلومەرجـە مادییـە ئیجابیەکەی بۆ موسلمانان روونو ئاشکرا نییە.

**دووەم:** جیهانــە کۆنــەکان تیکوپیــك دەداتو لــە جیگەیاندا جیهانی تازە دروستدەکات.

بـەلام بـەهۆی نـەبوونی لیکدانـەوەو شـیکردنەوەی زانسـتی وردەوە لـە ناوجەرگـەی کۆمەلگـە عـەرەبیو ئیسلامیەکاندا، ئەوا هیچ کەس ئاگای لە مەسەلەکان نیەو خۆمـان لـەناو پشـیویو ئاژاوەیـەکی مەعنـەوی تـەواودا دەبینینەوە. دەلیم پشیویەکی مەعنەوی، لە هەمان کـاتدا دەشکرا بلیم پشیویو بیّ سەروبەریەکی سیمۆلۆژی. ئـەم پشیویو بیّ سەروبەریە تەنها سستمی زمان ناگریتـەوە، بـەلکو تـەجاوزی ئـەو سستمە دەکاتو سـەرجەم دیاردەو بوارەکانی ژیـانی ئیسـلامی دەگریتـەوە. هـەر بـۆ نمونـە ئــەوەتا ســتمی تەلارســازی بەدەســت ئــەو پشــیویە مەعنەویەوە دەنالینیت، لەبەرئـەوەی دەبینـین بینایـەکی تـازەی قەشـەنگو جـوان بـە تەنیشـت بینایـەکی کۆنـی روخاوەوەیـە. بە کورتـی دەبینـین کـۆن تیکـەل بـە تـازە بووە، تیکەلْ بوون بە شیوەیەکی بیّسەرو بەرو ناریك لە رووی مەعنــەویو دەلالیــەوە. بــە نیســبەت جلوبــەرگو ســتمی جـل لەبەرکردنیشـەوە هــەمان شـتە: لەیـەك شەقامدا هەموو جۆرە جلوبەرگیك دەبینیت، لە تەقلیدی

کۆنـەوە بـۆ تـازەترین مۆدیلـی ئـەوروپی. ئیستا ئیمـە لـە پشـیوی‌و بـێ سـەروبەریەکی مەعنـەوی‌و سـیمۆلۆژی بیوینـەدا دەژیـن. ئەمـە بیئـەوەی قسـە دەربـارەی ئـەو پشیوی‌و بیسەروبەریە زاراوەییـە بکـەم کـە لـە بـواری زمان‌و نووسینی عـەرەبیدا هەیـە. توانـای ئـەوەمان نییـە تەعبیر لە ئایدیایەك بکەین‌و دلنیابین لەوەی وەکی خۆی دەگاتە خوینەران. ئەمەش بە هۆی شیواندنی زۆری ئـەم زمانـەو تیکدانـی مانـاو دەلالەتەکانییـەوە، لەسـەر دەسـتی نووسەرە هەلەشەکان. بەهەرحاڵ بۆشیای‌و کەموکورتیەك لە لیکۆلینـەوەو لیکۆلـەرەوەکان، لـە فیکـرو بیریـاران، لـە تویژینەوەی زانستی‌و تویژەرەواندا هەیە.

**هاشم سـالح:** بیگومـان ئـەو رۆشـنبیرە عەرەبانـەی توانـای بەرهەمـهینانی ئـەم شـیکارگەری‌و لیکدانـەوە وردانەیان هەیەو توانای کۆنترۆلکردنی زاراوەکانیان هەیە تـا ئیسـتاش ژمارەیـان کەمـە. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا کیشـەیەکی تـر هەیـە: ئـەویش ئەوەیـە دەنـگ و سـەدای ئەوانـە لـە ژیرەوەیـە یـاخود سست‌و لاوازە، گـەر بـەراورد بکریـت بـە دەنگـی سـەلەفیە میانرەوەکـانی وەك "شـیخ شەعراوی" بەراورد بکریت. باس لەوە دەکریت ئەم پیاوە هـەموو هەفتەیـەك جـاری: لەسـەر تەلـەفزیۆنی میسـر قسـەدەکات، بـە شیوەیەك کە دوورە لـە زانست‌و میـژوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا ملیۆنـەها بینـەر بـەلای خۆیـدا رادەکیشیت. لـە بەرامبـەر دیاردەیـەکی گـەورەو گرانـی

لەمجۆرەدا، تویژینەوەی زانستیو تویـژەران دەتوانـن چـی بکەنو چ کاریگەریەکیان دەبیت؟

**محەمەد ئەرکۆن:** ئـەم دیاردەیـە لـەم چـەند سـالەی دوایدا بەدیارکەوت. "شیخ شەعراوی"ش لە گۆرەپانەکەدا تەنها نییە، بەلکو کەسانی تری وەك ئەو لە جـەزائیر یـان سـوریا یـاخود لـە تونـسو سـودانو، هتـد.. هـەن. هـەتا ئیستاش ئەمە شیوازی تەعبیرکردنی کۆمەلگەکانی ئیمـە بووە لە خۆیان، لەبەرئەوەی بیبەشن لـە مـافی پلورالـیزم لـە قسـەکردنو لـە ئاقـارە فکریـەکاندا. دەسـەلات لـە کۆمـەلگاکانی ئیمـەدا ناچارە بـەوەی گـویَ لـە تەنـها یـەك دەنـگ بگریـت، لـە پینـاو سەرخسـتنو دەسـتەبەرکردنی یەکیەتی نیشتمانیدا. لای ئیمە یەکەم شـت دەبیـت گویـی لیبگیریت، دەنگی سـەرۆك یـان ئـەمینداری گشـتی یـاخود سەرکردەیە. دووەم دەنگیش دەبیت گویی لی بگیریت ئـەو دەنگەیـە کـە مەشـروعیەتی ئـایینی دەکاتـە بـەر دەنگـی رابەرو ئاقاری سیاسی، ئەمەش بۆ خۆی بریتیە لە دەنگی ئیسلامی رەسمی میانرەو: واتە دەنگی "شـیخ شـەعراوی" و نمونەکانی وەك ئەو لە ولاتانی دیکەدا.

بـەلام وەك پیشـتر بـاسملیکرد، دەسـەلاتی سیاسـی خۆیشی گریدراوە بـە فەلسـەفەیەکی سیاسـی خـوزراوەوە، نەك لە ناوخۆوە هەلقولابیت. کۆمەلگەکانی ئیمـە تـەواو وەك ئـەو نەخۆشـە وایـە کـە بـەر لـە پشـکنینو دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشـیەکەی، چارەسـەرەکەی

بۆ دیاری دەکەین. بەم پییەش مایەی سەرسورمان نیە کە ئاکامی چارەسەرکردنەکان کارەساتی لیبکەویتەوە.

**هاشم سالح:** بەلام "شیخ شەعراوی" و کەسانی تر لەوانەی سەرکردایەتی رای گشتی ئایینی دەکەن، لەناو کۆمەلگاکانی خۆمانو بگرە لە هەناوی کۆمەلگاکانمانەوە هاتونەتەدەرو لە دەرەوە نەهینراونو نەخواستراون!

**محەمەد ئەرکۆن:** چاکتر وایە بلیین لە ناخی خەیالدانی کۆمەلگاکانمانەوە هاتونەتە دەرێ. پیویستە ئاگامان لە مەسەلەکە بیت. ئەوەی ئەوانە پیشکەشی دەکەن خەیالدانی کۆمەلگاکانمانە، نەك مەعریفەیەکی راستەقینە بیت بەو شتانە. ئەوان بەردەوام خەیالدانی ئەو جەماوەرە میللییە هەژارە پردەکەنو یاری بە هەستو سۆزو ئارەزووەکانیان دەکەن. بەو پییەش ئەمە خەیالدانی بالادەستو سەردەستە لە رووی میژووییەوە، ئەوا ریگا لەو دەنگانەی تر دەگریت کە لەناو کۆمەلگاکانی ئیمەدا قسە دەکەن، بەبێ ئەوەی کەس گویی لییان بیتو کەس دەنگیان ببیستێ. بۆ نمونە کێ لە میسر ناوی "سەید عوس"ی بیستووە ؟ کەسانیکی زۆر کەم. ئەگەرچی "سەید عویس" سۆسیۆلۆژو تویژەرەوەیەکی بە توانایەو چەندین لیکۆلینەوەو شیکاری جوانو راستو دروستی لەسەر کۆمەلگای میسری پیشکەش کردووە.. بەلام وەك ئەوە وایە لە بیاباندا هاوار بکاتو کەس گویی بۆ نەگریت. ئەو خاوەنی ئەو ئامرازە

سیحریەی راگەیاندن نیە کە "شیخ شەعراوی" و کەسانی تر خاوەنینی. هۆکەشی ئەوەیە گوتاری ئەو بە ئاقاری ئایدیۆلۆژیای رەسمیو گوتاری رەسمیدا ناروات. ئەمەش مانای ئەوە نیە نەتەوەیی یان نیشتمانی نەبێت! بە پێچەوانەوە، ئەو بۆ خۆی نەتەوەییەکی میسرییەو شانازیەکی زۆر بە ولاتەکەیەوە دەکات. بەلام پەراویز خراوەو گۆشەگیر کراوە..

**هاشم سالح:** پاش ئەوەی گفتوگۆکەمان گەیشتە ئەم ئاستە دەمەویت بپرسم لیت: پیشنیاری چ چارەسەریك دەکەیت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو پەتاو گیروگرفتانەی ئیستا لە کۆمەلگە عەرەبیەکاندا بە گشتیو لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست بە تایبەتی بلاوبوونەتەوە؟

**محەمەد ئەرکۆن:** چارەسەر، وەك پیشتر باسمکرد ئەوەیە بە شیوازی تازە میژووی ئاینەکانو ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی بخوینینو بە یەکجاری واز لەوە بینین مافی قسەکردن لە فەزای مەدەنی گشتی کۆمەلگەدا بدەینە ئەو گوتارە تەقلیدیە تایفەگەریەی، وەها خۆی دەسەپینێ وەك ئەوەی تاکە ئاینیك بیت! ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ ئیمە داوای ئەوە بکەین ریگیری لە خەلك بکریت تا ریورەسمو سروتی ئاینی ئەنجام نەدەن! ئاگات لەوە بیت، ئەمە شتیکی نەشیاوو نابەجییە. ئەوەی داوای دەکەین هاوشیوەی ئەوەیە بۆ

نمونـه كـه لـه فەرەنسـادا روويـدا، دواى ئـەوەى كليسـاو دەولەت له يەكترى جياكرانەوە.

**هاشـم سـالح:** كەواتـە ئـەوەى بـە عەلمانييـەتى سـەرپەرگير نـاوى دەبـەين ئيجـابىو بـە سـوود بـووە، سەرەراى هەموو كەموكوريەكىو ئەو رەخنانەى ئاراستەى دەكەيت؟

**محەمەد ئـەركۆن:** بيگومـان. كـى وتويـەتى ئيجـابى نيە؟! جياكردنەوەى ياسايى نيوان كليساو دەولەت (ياخود نيوان مزگەوتو دەولەت)، شتيكى چاكو پيويستە. فەزاى مەدەنى كۆمەلگە دەبيت بۆ تەواوى هاولاتيان بيت، بىَ هيچ جياوازىو جياكاريەك لە نيوانياندا ئيتر هەلگرى هەر بيروباوەريكى ئايينى بن، كەمينە بن يان زۆرينە، مەسيحى بن ياخود ئيسلام. ئەمە شتيكى پيويستەو زۆر گرنگە. عەلمانيەتيش بەم مانايە رەوايەو ئەركيكى پيويستە.

لە كۆمەلگەى مۆديرنى بە عەلمانيكراودا هيچ هاولاتيەك مافى ئەوەى نيە خۆى لە هاولاتيەكى تر بە باشتر بزانيت، لەبەر هۆيەكى سادەو ساكارى وەك ئەوەى سەر بە ئايينى زۆرينەيە يان ئاينزاى زۆرينەيە! گەر ئەمە راست بيت ئەوا "ميشال رۆكار"ى سەرۆك وەزيرانى ئيستاى فەرەنسا مافى ئەوەى نەبوو، جگە لە بەريوەبەرى ناوچەيەك لە فەرەنسا زياتر شتيكى تر بيت! لەبەرئەوەى "رۆكار" پرۆتستانتييەو زۆربەى زۆرى

فەرەنساش کاتۆلیکییە. یاخود "لیۆنیل جۆسپان" کە گەورەترین وەزیرە لە حکومەتەکەی "رۆکار"دا مافی لەوە زیاتری نەدەبوو بەریوەبەری زانکۆیەك بیت، لەبەرئەوەی ئەویش بە هەمان شیوە پرۆتستانتییە. هەمان شتیش دەربارەی وەزیری ناوخۆی بەهیز: "پییر چۆکس" بلێ.. بەلام ئەوەی مایەی خۆشبەختیە ئەوەیە فەرەنسیەکان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەیان تیپەراندووە، ئەگەرچی لە دوای ماندووبوونو چەرمەسەریەکی دوورو دریژ.

ئیوەش لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست دەتوانن ئەو شتانە تیپەرینن، گەر هاتوو ریگای رۆشنگەریو رینیسانسیکی راستەقینەو دروستکردنی کۆمەلگایەکی مەدەنی مۆدیرنتان گرتەبەر. ئەوە مانای وایە عەلمانییەت قەلەمبازیكو وەرگۆرانیکی چۆنایەتیە لە میژووی کۆمەلگە مرۆڤایەتیەکاندا. ئەوە عەلمانیەت بوو مرۆڤایەتی لە فەزای ئەقلانی سەدەکانی ناوەراستەوە گواستەوە بۆ ناو فەزایەکی ئەقلانی پیشکەوتوو مۆدیرن. بۆ خۆشت دەبینیت چۆن هاولاتیانی فەرەنسی لە سایەیدا حەساونەتەوەو بۆتە مایەی ئاسوودەی تاکەکەسو خیرو خۆشی تەواوی کۆمەلگە.

دەولەتی عەلمانی مۆدیرن کە رینادات فەزای گشتی کۆمەلگای مەدەنی بکەویتە بەر شالاوی گوتاری ئایدیۆلۆژی- ئایینی، کاریکی راستو دروستی کردووە.

چونكە گوتاری ئایدیۆلۆژیو تـەقلیدی تەبشیری دەگریـت لەناو خـیزان یـاخود لـە مزگـەوت یـان كلیسـادا روودەدات. هـەموو ئەمانـە رەوانو ریگریـان لینـاكریت، لەبەرئـەوەی عەلمانییەت بە مانای سـرینەوەو لـەناوبردن ئـایین نایـەت یاخود ریگە نەدریت بەوەی خەلك مومارەسەی ریورەسمە ئاینیەكانی خۆی بكات. گەر كار بەمجۆرە بیت ئـەوا ئیمـە یەكـەم كەســین كــە لــە دژی رادەوەســتینو روبــەروی دەبینــەوە. ســەیری (پــاریس) بكــە دەبینیـت موســلمان دەتوانیـت ریورەسمـەكانی خـۆی لـە مزگـەوتدا بـە ئـەنجام بگەیـەنیت، هـەروەها مەسـیحی لـە كلیسـاداو یـەهودی لـە كنیسو بوزی لە پەرستگاداو.. هتـد. بـەلام كـەس زۆر لـە كەس ناكات بەو كارانە هەستێ، گەر خۆی ئـارەزووی لیـی نــەبیت. بــەمجۆرە موسـلمانیكی فەرەنسـی هــەمان ئــەو مافانــەی هەیــە كــە كاتۆلۆیكیــەكی فەرەنسـی هەیــەتی، ئەگــەرچی كاتۆلیكیــەت لــە دیرزەمانــەوە بریتییـــە لـــە ئاینزای زۆرینەی خەلكی ئەو ولاتە.

بەلام مافی ئەوە نادریتە هیچ كەس بۆ ئەوەی فـەزای كۆمەلگەی مەدەنی بۆ بلاوكردنەوەی پەیامەكەی یـاخود ئاینەكـــەی بەكاربـــهینیت (بـــۆ نمونـــە وەك ئـــەوەی تەلەفزیۆن، یان رادیۆ، یان قوتابخانەی گشتیو.. هتـد، بـۆ ئــەو كــارە بەكاربــهینیت). چونكــە ئەمەیــە پشـــیوی دروسـتدەكاتو دەبیتـە مایـەی كیشـەی تایفەگـەری. ئـەم كـارەش بـە هــەموو جۆریـك قەدەغەیــە. بــەمجۆرەش

فەرەنسا دەتوانێ پاریزگاری لە قەوارەی کۆمەڵگای مەدەنی بکات. بە واتایەکی تر، پیویستە فەزای گشتی کۆمەڵگە تایبەت بیت بە فیرکردنو خویندنی میژووی ئاینیەکانو ئەنسروٚپوٚلوٚژیای ئاینیو زانستی هیرمینوٚتیکای موٚدیرن..

**هاشم سالح:** ئەی چی لە کۆلیژەکانی شەریعەت دەکەیت؟

**محەمەد ئەرکوٚن:** دەبیت کۆلیژەکانی شەریعەتو (تەواوی پەیمانگا ئایینیە تەقلیدیەکان) ریچکاو شیوازی خوٚیان بگوٚرن، بوٚ ئەوەی روٚلی خوٚیان بگیرن. وەك چوٚن پەیمانگای لیکوٚلینەوەی کاتوٚلیکی لە فەرەنسا روٚلی خوٚی دەگیریت، هاوکات وەك چوٚن پەیمانگای تیوٚلوٚژی پروٚتستانتی لە ستراسبوٚرگ روٚلی خوٚی دەگیریت. هەمان شت بە نیسبەت پەیمانگا هاوشیوەکانی ئەمان لە ئینگلتەراو ئەلمانیاو.. هتد.

بچوٚرە ئەم پەیمانگایانەو سەیری پەیرەوو پروٚگرامەکانیان بکە، تا جیاوازی نیوان ئەمانو کۆلیژەکانی شەریعەت لای خوٚمان ببینیت. بوٚ نمونە بروانە پروٚگرامی خویندنی تایبەت بە پەیمانگای تیوٚلوٚژیای کاتوٚلیکی لە ستراسبوٚرگ، ئەمە پەیمانگایەکە دەولەتی فەرەنسی خوٚی سەرپەرشتی دەکاتو بروانامەی زانکوٚیی دەدات بە خویندکاران، وەك ئەوەی لە تەواوی کۆلیژو زانکوٚکانی دیکەی فەرەنسادا بەریوە دەچیت.

خويندنيش لەم پەيمانگايەدا بە شيوەيەكى عەلمانى پيشكەش دەكريت.

**هاشم سالح:** جا بە ئەقلدا دەچيت ئايينەكان بە شيوەيەكى عەلمانى بخويندريتو بوتريتەوە؟!

**محەمەد ئەركۆن:** بيگومان! خويندنيكى عەلمانيمان هەيە بۆ تيۆلۆژياو ميژووى ئاينەكانو فيكرى ئايينى كە بەرامبەر بە خويندنى تەقليدىو ئيمانى- ئايديۆلۆژيە ئەمە چاكترين ماناى عەلمانيەتە. من لاى خۆمەوە داواى دامەزراندنى پەيمانگايەكى تيۆلۆژياى ئيسلامى دەكەم لە فەرەنسا، وەك هەموو ئەو پەيمانگايانەى باسكران. ئەم پەيمانگايە -گەر دامەزرا- ئەوا مامۆستايانى زانكۆو تويژەرى پسپۆر لە زانستە مرۆڤايەتىو كۆمەلايەتيەكان بە هەموو بەشەكانيەوە سەرپەرشتى دەكەنو لە لايەن شيخو پياوانى ئايينيەوە بەريوە نابريت. لەبەرئەوەى ئەوانە تەنها لە مزگەوتەكانو ئەو پەيمانگايانە بەرپرسيارن كە سەر بە مزگەوتەكانن. بۆ نمونە مزگەوتى (پاريس) و ئەو پەيمانگا ئيسلاميەى سەر بەوە رۆلى تايبەتى خۆى بەرامبەر بە تايەفەيەك دەگيريت، ئەمەش بۆ خۆى شتيكى گرنگو پيويستە. بەلام ئەو پەيمانگايەى من داواى دامەزراندنى دەكەم تەواو جياوازە. ئەوە پەيمانگايەك دەبيت بۆ تويژينەوەى زانستىو ميژوويى دەربارەى ئيسلام، وەكى هەر پەيمانگايەكى تر بۆ تويژينەوەى زانستى لە جيهاندا.

مامۆستای تایبەتیش دادەمەزرین وەك چۆن مامۆستایانی زانکۆی فەرەنسی لە کۆلیژەکانی کۆمەلناسی یان میژوو یاخود ئەنسروپۆلۆژیا یان دەروناسیو.. هتد، دادەمەزرین. بەپیی هەمان پیودانگی لیهاتوویو شارەزایی ئەوان. ئا ئەمەیە مانای دەولەتی عەلمانی پلۆرالیزمی. دەولەتی عەلمانی ریزی جیاوازیەکانی کۆمەلگەی مەدەنی دەگریتو مافی ئازادی رادەربرین بۆ هەموو ئەندامەکانی دەستەبەر دەکات. بە مەرجیك وەها ئازادیەك نەبیتە مایەی بلاوبوونەوەی هۆکاری پشیویو ئاژاوە لەناو کۆمەلگەدا.

دەولەت پابەندە بە یارمەتیدانی هەر دەزگایەکی زانستی (پەیمانگا بیت یان زانکۆ)، لە چوارچیوەیەکدا بەلینی ئەوە بدات ریزی گوتاری زانستی عەلمانی بگریت سەبارەت بە ئایینو مەرجی بوونو بلاوبوونەوەی بۆ مسۆگەر بکات. کەواتە هەموو ئەوەی من داوای دەکەم بۆ راستکردنەوەی عەلمانییەت لە فەرەنسادا، ئەوەیە خویندنی میژووی ئایینەکان داخلّ بە بەرنامەی خویندنی ئامادەییەکانو زانکۆکانی ئەوێ بکریت. لەو رووەوەی ئایینەکان سستمی کلتوری مەزننو بە دریژایی چەندین سەدە کاریگەریان لەسەر مرۆڤی ئەوروپی هەبووە.

ئەوکات دەکریت مامۆستایان تیکستە کلاسیکیەکانی ئەدەبی فەرەنسی بۆ خویندکارەکانیان باسبکەنو لیکی

بدەنەوە. هەموو ئەوەشی داوای دەکەم لە پیناو هینانی عەلمانیەتیکی راستو دروستدایە بۆ ناو کۆمەلگا عەرەبیو ئیسلامیەکان، بریتیە لە لابردنو دەستکاریکردنی ئەو پرۆگرامی خویندنە تەقلیدیە و لابردنی ئەو شیوازە نامیژوویی‌و ئایدیۆلۆژیە تەبشیریەی لە خویندنگە گشتیەکاندا ئایینی پیدەخوینریت. لەبری ئەوە میژووی ئایینەکانو ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی لە جیگەیان دابنریت.

پاشان دەبیت میژووی سستمە تیۆلۆژیەکان وەها بوتریتەوە کە سستمی کلتورین، نەك سستمیك بن لە راستی رەهاو هەریەك ئەوی دی رەتبکاتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە هەر لە مندالیەوە خۆی بەسەر مندالی موسلمان یان مەسیحی یاخود یەهودیو بوزیدا فەرزدەکات، کاتیك توانای ئەوەی نیە بە شیوەیەکی زانستی رووبەرووی بیتەوە. ئەم پرۆسەیە رۆحی تایفەگەری جۆشدەداتو بەردەوامیش دووبەرەکیو دابەشبوون لە کۆمەلگەی مەدەنیدا دەخاتەوە.

پیشتر باسمکردو ئیستاش دووبارەی دەکەمەوە: خویندنی ئایین بە شیوە تەقلیدیەکەی دەکریت لە چوارچیوەی دامودەزگا تایبەتەکان و پەرستگاکاندا بەریوە بچیت، بەلام نەوەك لەناو فەزای گشتی کۆمەلگەی مەدەنیدا. لەبەرئەوەی ئەم فەزایە بۆ هەموو کەسیکە، بەبیٚ گویدانە ئەوەی سەر بە چ تایەفەیەکەو هەلگری چ

ئاینزایەکە. لەسەر دەولەتیش پیویستە بەهەر شیوەیەك بووە پاریزگاری لەم فەزایە بکات، چونکە بەرژەوندی نەتەوە (وەك تاکە کەس وەك گروپ) لەمەدایە.

ئەمەش مانای وایە پیویستە لە یەك کاتدا هەستین بە لیکۆلینەوەو تاوتویکردنی میژووی تیۆلۆژیای یەهودیو مەسیحیو ئیسلامی، بۆ ئەوەی بزانین ئەم تیۆلۆژیایانە لە رووی میژوییەوە چۆن دروستبوون؟ چۆن رۆلی خۆیان دەبینن‌و چۆن چۆنی ئەقلی تیۆلۆژی رۆلی خۆی دەگیریت؟

وەك دەزانیت ئەمە ئەو کارەیە من لە کاتی وتنەوەی وانەکانمدا لە (سۆربۆن) دەیکەم. هەندیك جار ئەو لیکچەرانەی من پیشکەشی دەکەم، خەلکانیك ئامادەی دەبن سەر بە ئاینی جیاجیای وەك (مەسیحیەت‌و یەهودیەتن). دوای موحازەرەکەش کەس نایەت پیم بلیت: تۆ لایەنگیری ئیسلامت کردووە لە دژی ئەم ئایینانە. پیویستە لەسەر میژوونووس (بە تایبەت میژوونووسی میژووی ئایینەکان) بە شیوەیەکی پسپۆرانەو بابەتیانە کاری خۆی جیبەجیّ بکات. دەبیت توانای ئەوەی هەبیت مەسافەیەك لە نیوان خۆی‌و ئارەزووی شەخسی‌و ئەو بیروبروایەدا بهیلیتەوە کە لە مندالیەوە لە سەری پەروەردە بووە، گەرنا ئەوا با بچیت گوتاری ئایینی خۆی یان پەندو ئامۆژگاری چاك پیشکەش بکات.

بەڵام ئەوکات لەوە دەکەویت ببیتە میژوونووسیك یاخود تویژەریك. من نالیم با خویندنی ئایدیۆلۆژی سستمە ئایدیۆلۆژیو ئایینیەکان لابرین، بەڵام دەلیم با لە کۆمەلگەکانماندا لە ریی کردنەوەی پەیمانگاو کۆلیژەکانەوە بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایینەکانو میژووی بەراوردکاری ئایینەکان و ئەنسرۆ پۆلۆژیای ئایینیەوە، هاوسەنگیەك دروستبکریت. ئەم کارەش خیری زۆری بۆ هەموو لایەك تیدایە، بۆ زانستو بۆ ئایین بۆ کۆمەلگە. بە بروای من چارەسەر لەمەدایە. ئەمەش بریتیە لە (عەلمانییەت) بە مانا گشتیو بەرفراوانەکەی وشەکە. نەك مانای ئەوە بیت ئایین یاخود ئیمان نەهیلیت، وەکی ئەوەی هەندیك مەزەندەی دەکەن! بە پیچەوانەوە، عەلمانییەت گرنگییەکی زۆر بە رەهەندی رۆحیو ئاینی لای مرۆڤ دەدات.

جیاوازی نیوان ئەم عەلمانیەتەو فەلسەفەی پۆزەتفستیو عەلمانیەتی رادیکالی (کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوبوو، تا ئیستاش لە لایەن هەندیك عەلمانی توندرەوەوە پەیرەو دەکریت) لیرەدایە. ئەم بەریانە بە شیوەیەکی تەواو ئەوە رەتدەکەنەوە کە مەسەلەی رەهەندی ئایینی لای مرۆڤ لەبەرچاو بگرن، تەنانەت ریگەش بەوە نادەن قسەی لیوە بکریت. بەڵام من لای خۆمەوە عەلمانییەت بەمجۆرە پیناسە دەکەم:

عەلمانییـەت بریتیـە لـە هەلویستیکی ئـازادو کـراوەی رۆح لە بەرامبەر کیشەی مەعریفەدا. نابیت هیچ شتیك ببیتە لەمپەر لە نیوان مرۆڤو کەشفکردنی شتە نادیارە مادیـەکان یـان روحیـەکانی بـوون. بـە رای مـن ئەمـەش عەلمانیـەتیکی ئیجابییـە کـە مـرۆڤ بـە هـەردوو لایـەنی روحیو مادیەوە قبول دەکات، بەبێ ئەوەی رەهەندیك لـە رەهەندەکانی کاربکاتە سەر رەهەندیکی تر.

مادامـەکی تـا ئیسـتاش لوبنـانو (غـەیری لوبنـانیش) ئـەم عەلمانیەتـە ئیجابیـە کارایـەیان وەرنـەگرتووە (نـەك عەلمانیەتی سلبی)، ئەوا چارەسەریکی ریشەیی هەمیشەیی بۆ کیشە تراژیدیـەکانی خۆی نادۆزیتـەوە. مەبەسـتم لـە عەلمانییـەتی سـلبی هەلویسـتی ئەوانەیـە دەلیـن: باشـە بـا هەریەکـە لـە ئیمـە بـە داخـراوی لەسـەر ئـایینو ئـاینزای خـۆی بمینیتـەوەو واز لـەو مەسـەلانە بهینین کـە لیکمـان دوور دەخەنـەوەو تەفرەقـەمان لـەناودا دروسـتدەکەن. لـەبری ئـەوە بـا تەنـها بـاس لـەو مەسـەلانە بکـەین کـە لیکترمـان نزیـك دەخەنـەوە، وەك مەسـەلەی ئـابووریو بازرگانیو کشتوکالّو.. هتد. بە مانایەکی دی مەبەستیانە بلین: (ئایین بۆ یەزدانو نیشتمانیش بۆ هەمووان).

بـەلام ئەفسـوس ئـەم دروشمـە جوانـە کیشـەکان چارەسەر ناکات، بەلکو شیوە خۆدزینەوەیەکە لە بەردەم کیشـە سـەرەکیەکانو نـەبوونی جورئەتـە لـە روبەروبونەوەیان. چونکە ئایین بە تەنها هی یەزدان نیە،

بەلکو لەسەر شەقامو لە ناخی تاکە کەسو کۆمەلدا ئامادەیی هەیە.

مادامەکی رۆشنبیرانی عەرەب توانای خستنەرووی چارەسەریکی دیکەیان نیەو ناتوانن ئەسلی مەبەست بپیکنو بچنە ناو جەوهەری بابەتەکە، ئەوا بەردەوام لییان رادەکەن. هاوکات هەولی راستکردنەوەی ئەو تیروانینە ترادسیۆنیە تەقلیدیە نادەن بۆ ئایینو ریگایەکی نویی عەرەبی- ئیسلامیو عەرەبی- مەسیحی ناکەنەوە بۆ عەلمانیەتیکی ئیجابی، بۆیە من بۆ خۆم ئاسۆی هیچ چارەسەریکی گونجاو و لەبار بەدی ناکەم. ئەمە ئەو ئەرکە مەزنەیە لە سالانی ئایندەدا بەرەو رووی فیکری عەرەبی دەبیتەوە. لە ساتەوەختی ئیستاشدا هیچ ئەرکیك لەوە بە گەورەتر نابینم.

ئەو عەلمانیەتەی بانگەشەی بۆ دەکەم بریتیە لەو عەلمانیەتە ئیجابیو کارایە کە واتای هەماهەنگی کلتوریو بەرپرسیاریتی فکری دەگەیەنیت. من لە چارەسەرکردنی کیشە تاقەت پروکینو قورسەکان سل ناکەمەوە، بەلام لەو ریگایەوە چارەسەری دەکەم کە ریگا بە خۆم نەدەم ئاینزایەك لە دژی ئاینزایەکی دیکە، یاخود ئاینیك لە دژی ئاینیکی تر هەلبژیرم. لەبەرئەوەی من دەمەویت لە بونیادی ئەقلی ئاینیو شیوازی کارکردنی ئەقلی ئایینیو وەزیفەکانی بکۆلمەوە، هەرچی جەوهەری ئایینو ئاینزاکانە وەك خۆیان بە لامەوە گرنگ نین. رەنگە لە

جەوهەرو وردەکاریەکاندا جیاوازبن، بەڵام میکانیزمەکان یەك شتن.

**هاشم سالح:** ئەوەی بە شیوەیەکی سەرەکی بەلای تۆوە گرنگە، تاوتویکردنی میکانیزمەکانی ئەقلی تیۆلۆژییە..

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلێ، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لیکۆلینەوەیە لەو میکانیزمە ئەقلانیەی بۆتە مایەی بەرهەمهینانی ئەم سستمە تیۆلۆژیو عەقائدیە جیاجیانە. هاوکات گرنگیش بە باسو لیکۆلینەوەی میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکانیش دەدەم کە ئەم سستمە ئایدیۆلۆژیانە لە پیناو ئامانجی دەسەڵاتخوازیدا بەکاریدەهینن. بە واتایەکی تر، کاری من لیکۆلینەوەیە لە میکانیزمەکانی لیکترازانو دابرانی نیوان (تیۆلۆژیو/ سیاسی)و گەرانە بە دوای کاریگەری هەریەك لەم دووانە بە سەریەکتریەوە. ئەمەش ئەو عەلمانیەتە ئیجابیەیە هەولی ئاشتی دەدات لە نیوان ئایینەکانو ئاینزاو تایەفەکاندا.

بەڵام ئەم هەلویستە عەلمانییە بەرفراوانو کراوەیە وەدەستهینانی زۆر گرانە. چونکە پیویستی بە تیکوپیکدانو روخاندنی ئەو دیوارو بەربەستانە هەیە سەردەمانیکی دریژ مرۆڤیان کۆنترۆلکردبوو، هەروەها رۆژگاریکی زۆریش خەلکانی یەك نیشتمانیان لە یەکتری نامۆ کردبوو، لیکیان جیاکردبوونەوە. بۆ ئەم مەبەستەش

پیویسته هەولی لەناوبردنی (کتیبه رەشەکان) بدریت که تۆ له پرسیاره سەرەکیەکەتدا باست لیکرد. ئەو کتیبانەی لـه هەلومـەرجی ئیستادا ئاگرەکه خۆشـتر دەکـەن.. ئـەو کتیبو بلاوکراوانەی پرن له هەلەو هەلەی میژوویی لـه رووی زانسـتیەوه شـایەنی هیـچ هەلسـەنگاندنیك نـین. پیویسته هـەولی قـەلاچۆکردنیان بدریـت، نـەك لـه ریـی وەلامدانـەوەوه (چونکـه شـایەنی هیـچ وەلامدانەوەیـەك نـین)، بـەلکو لـه ریگای زیـاترو زۆرتـر کردنـی بلاوکـراوه میژوویـیو مەنهەجیەکانـەوه دەربـارەی پـەیوەندی نیـوان (ئایینو کۆمەلگـەو میـژوو). رەنگـه لـەم رووەوه پیویست بـەوەش بکـات، لیکۆلینەوەیـەکی گـەوره سـەبارەت بـه چۆنیـەتی سـەرهەلدانی سـەرجەم قوتابخانـەو ئـاینزا ئیسـلامیەکان بکـەین لـه سـەردەمی کلاسـیکیدا. بـه واتایەکی تر لەوه بکۆلینەوه چۆن چۆنی پەرەی سەندوەو بەردەوام بووه، تـا گەیشـتووه بـه ئیمـه. ئازادی بەدەسـت نایەت تەنها ئەوکاته نەبیت که دەستمان به کەشـفکردنی ساتەوەختی سـەرەتاو بنـەرەتی کـردو مەسـەلەکەمان لـه چوارچیوەی دیدگایەکی میژوویی ماوه دریژدا خستەروو، وەك پیشتر باسمانکرد.

هـەرچی لیکۆلینـەوه سیاسـیو روکەشـەکانه کـه لـه مـاوەی میژوویـی بیسـت سـالْ یـان سـی سـالدا بـاس لـه مەسـەلەکه دەکـەنو پییـان وایـه ئەمـه فیتـی هـیزه

دەرەکیەکانە، هیچ چارەسەریك ناخەنەروو، بگرە کاریکی وا دەبیتە کۆسپو ریگر لەبەردەم چارەسەرکردنیدا.

چارەسەر بە بلاوکردنەوەی باسو لیکۆلینەوەی میژوویىو رۆشنبیرکردنی خەلكو راهینانیان لەسەر لۆژیکی تازەی فیکر دەبیت، بۆ ئەوەی بتوانن لەمجۆرە هەلویستە کراوەیە تیبگەن. مادامەکیش کۆمەلگە عەرەبیو ئیسلامیەکان نەوەکانی خۆیان بەمجۆرە فیرنەکردوەو بەم ئاراستەیەی کە من هیلە پانو بەرینەکانیم بۆ کیشای رۆشنبیر نەکردووە، ئەوا شەری تایفەگەرىو مەزهەبگەرایی بەردەوام دەبیت. بەلام ئەفسوس، کۆمەلگەکانمان تا ئیستاش لە مانای عەلمانیەتی ئیجابیو سوودەکانی بیئاگان. زۆربەی موسلمانان تا ئیستاش وەك شتیکی نیگەتیفو روخینەر سەیری عەلمانییەت دەکەن.

**هاشم سالح:** پییان وایە عەلمانییەت ئامانجی لەناوبردنی ئایینە!

**محەمەد ئەرکۆن:** بەلی بروایان وایە، ئەمەش لە بنەرەتەوە قەناعەتیکی هەلەیە. عەلمانیەت بە پیی ئەو مانایەی مەبەستمە زۆر سوورە لەسەر رەهەندی روحىو ئایینی مرۆڤو لە جیگای شیاوو راست دروستی خۆیدا دایدەنیت، ریگانادات سیاسەتمەدارانو بازرگانەکان بۆ ئامانجی ناپاكو خراپەکاری بەکاری بهینن.

عەلمانییەت بایەخ بە هەموو پلەوپایە روحییە بەرزو بالاکانی ئیسلام دەدات. بۆ زیاد لە سی ساڵ دەچێت من لە سۆربۆن وانە دەلیمەوەو ژمارەیەکی زۆر خویندکاری موسلمان‌و عەرەب گوێبیستی لیکچەرەکانم بوون، هەندیك لەوانە سەبارەت بە تیگەیشتن لە کەلەپوور گۆرانیکی تەواویان بەسەردا هاتووەو هەندیکی تر گۆرانیکی مامناوەندی، بەلام بە شیوەیەکی گشتی دەرەنجامەکانی دلخۆشکەرن. تۆ بیربکەرەوە لەوەی ئەم وانەیەی من دەیلیمەوە (دەربارەی میژووی فیکری ئیسلامی‌و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی)، لە هەموو زانکۆکانی ولاتە عەرەبیەکاندا بوتریتەوە چی روودەدات؟

**هاشم سالح:** شۆرشیکی حەقیقی روودەدات..

**محەمەد ئەركۆن:** بە داخەوە، ئەوەی لە ولاتەکانماندا لە دوای سەربەخۆبوونەوە روویدا تەواو پیچەوانە بوو. بۆ نمونە لە جەزائیردا تا ئیستا ئیسلام لە چوارچیوەی دیدگایەکی تەقلیدیەوە دەوتریتەوە، دیدگایەکی تەفرەقەخوازی- تائیفی.

**هاشم سالح:** بەلام لە جەزائیردا تەنها یەك ئایین هەیە؟

**محەمەد ئەركۆن:** مەبەستم دابەشبوونی ناو کۆمەلگە نییە، بەلکو مەبەستم دابەشبوونە بەرامبەر بەوانی دی. سەیرکردنی (بەرامبەر) ئیتر ئەو بەرامبەرە مەسیحی بیت یان یەهودی یاخود بودی یان تەنانەت مارکسی،

سەیرکردنیکی ترسناكو تۆقینەرە. ئەمەش بەراورد بکە بە حالی تەواوی کۆمەلگە ئیسلامیەکان. ئەلبەتە ئەم دیدگا ترسناکەی سەدەکانی ناوەراست لەو ولاتانەدا کە فرە ئایینو فرە مەزهەبن زۆر مەترسیدارترە، بە بەراورد بە حالی ئیوە لە خۆرهەتی ناوەراست: لە لوبنانو سوریاو عیراقو میسرو فەلەستینو.. هتد. لەم هەلومەرجەدا خویندنی پەروەردەی ئایینی بە شیوە تەقلیدیەکەی، بە فیعلی وەك بەنزین کردنە بە ئاگردا.

گەر عەلمانیەتیکی ئیجابی نەیەتە ناو ئەم کۆمەلگەیانەو رەگوریشەی خۆی بە قولی لەسەر زەمینی ئەوان دانەکوتی، گەر چەندین کۆلیژ بۆ خویندنی میژووی ئایینی بەراوردکاریو ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی نەکریتەوەو هاوسەنگیەك لەگەلّ کۆلیژەکانی شەریعەتو پەیمانگا تەقلیدیەکاندا دروست نەکریت، ئەوا من لای خۆمەوە هیچ ئاسۆیەك بۆ رزگاربوون بەدیناکەم. رەنگە مەسەلەکان سالیك یان دوو سالّ یاخود دە سالّ هیوربېنەوە، بەلام سەرلەنویّ فیتنەو ئاشوب سەرهەلدەداتەوە..

III

# عەلمانییەت و ئیسلام
# - ئەتاتورك وەك نمونەیەك -

هەرچی نمونەی تورکیا و ئەتاتورکە ئەوە دەهێنێت لیکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لەبارەوە بکرێت.. لە خۆرئاوا حوکمێکی پێشوەختی ئیجابی نەك سلبی بەرامبەر تورکیا هەیە، لەبەرئەوەی پێش سەرجەم وڵاتانی جیهانی ئیسلامی کەوتووەو پشتیش بە یەکێك لە بەها سەرەکیەکانی ئەوروپا و خۆرئاوا دەبەستێت: مەبەستم بەهای (علمانیەتە). ئەمە لەکاتێکدا کە وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامی لە شارستانیەت بەدوورن‌و تا ئیستاش بە رووی پێشکەوتنی بیروبۆچوون و دامودەزگاکاندا داخراون! بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ئەو حەساسیتە کلتوری و وینە باوەیە (ئیتر ئاشکرا بێت یان شاردراوە) کە لە ئەوروپادا سەبارەت بە تورکیا لەئارادایە.

ئەمە دەڵێم لەکاتێکدا ئیمە دەزانین ئیستاکێ ناوبەناو چ مشتومرێکی توند و روگیر لە ئەنجوومەنی بازاری ئەوروپی هاوبەشدا روودەدات، سەبارەت بە ئەندامبوونی ئەم وڵاتە ئیسلامیەی وەها خۆی نیشاندەدات کە بەشێکی ئەوروپایە و لیی جیانابێتەوە.

وەك دەشـزانین هـەتا ئیسـتاش بەئـەندام وەرنــەگیراوە. هـەمان شـت سـەبارەت بـە وڵاتـی مـەغریبیش راسـتە. لەبەرئـەوەی شاحەسـەنی دووەم جورئـەتی ئـەوەیکرد وڵاتەکەی بۆ بازاری ئـەوروپی هاوبـەش کـاندید بگـات! وەڵامیـش بـەو داواکاریـەی روون و ئاشـکرا بـوو: واتــە وەرناگـیرین، لەبەرئـەوەی ئیسـلام (یـاخود بـەهاکانی) لەگەڵ بەها ئەوروپیەکاندا ناگونجیت. بـەمجۆرە دەبینـین ئیسلام وەکی رابـردوو لەمرۆشدا بۆتـە بەربەسـتیك کـە ریگـرە لەبـەردەم دیـالۆگ و پـەیوەندیداریتی لەگـەڵ ئەوروپا و خۆرئاوا بەگشتی.

کەواتـەچی روویـدا کـاتیك (ئـەتاتورك) هـات و دەسـەڵاتی گرتەدەست، دوای ئـەوەی تورکیـای عوسمـانی (هاوپەیمانی ئەلمانیا لەماوەی جەنگی جیهانی یەکـەم) دا توشی شکست و دۆرانـدن هات؟ یەکـەمین شت پیویستە ئـەوەمان لـەیاد نـەچیت کـە هاوڵاتیـانی تـورك، وەکـی قارەمـانیکی ژیـاری و بـاوکی تورکیـای نـوێ سـەیری (ئـەتاتورك) دەکەن. گومـانی تیدا نییـە ئـەوە ئـەو بـوو وڵاتەکەی لـە چنگی دەمارگـیری عوسمـانی موحافیزکـار دەرهینا خستیە سەر ریگای نویگەری، بەڵام لەم هەولەیدا هـەندیك ریـرەو و بـیرورای بـەکارهینا و کردنیـە نمونـە کەبەردەوام مایەی ئەوەیە قسەوباسی لـەبارەوە بکریـت و رەخنەی توندی ئاراستە بکریت.

ئەزموونی (ئەتاتورك) بەشیوەیەكی راست و دروست و هەمەلایەن هەلدەسەنگینین، بۆئەوەشی بە وردی ئاستی بایەخ و گرنگی پرۆژە عەلمانیەكەی و كاریگەریەكانی بپیوین، پیویستە لەسەرمان وەلامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە:

١- جۆری ئەو ئیسلامە كامەیە كە دەبوو ئەتاتورك لە توركیا لەنیوان سالانی (١٨٨٠-١٩٣٨) دا واتە لەماوەی دروستبوونی لە رووی فیكریەوە پاشان دەستكردنی بە مومارەسەی عەمەلی و كاری سیاسی پیی ئاشنا بیت؟

٢- شیوازی ئەو عەلمانیەتە چۆن بوو كە لەو ماوەیەدا دەیتوانی دەستپیبكات و ببیتە خاوەنی؟

لە راستیدا تیروانینی ئەتاتورك بۆ ئیسلام لەلایەك و بۆ عەلمانیەت لەلایەكی ترەوە، هەمان ئەو تیروانینە تەقلیدیە هاوبەشەیە كە لە هۆشیاری ساویلكەی زۆربەی زۆری رۆشنبیرانی عەرەبی و موسلماناندا هەبووە. لەبەرئەوەی ئەو رۆشنبیرانە لەنیوان سالانی (١٨٨٠-١٩٤٠) دا بەهۆی خویندنیان لە خویندنگا و زانكۆكانی ئەوروپادا دووچاریراچلەكینیكی فیكری بوبوون. ئەم راچلەكینە لە قۆناغیكی دیكەی تەمەنیاندا هەندیك جار كۆنترۆل دەكرا، هەندێ جاریش لە كۆنترۆل دەردەچوو. ئەو كۆمەلگا ئیسلامیەی ئەوانی تیدا لەدایكبوون (ئیتر ئەمە لە توركیا بیت یان لەو ولاتانی دیكە) ملكەچی كۆمەلە شتیك بوون، لەوانە: ئەو شتانەی ئایین رییان

پینـــادات، لەگــەڵ ســـیحر و جـــادودا. هـــەروەها ئـــەو کۆمەڵگایانـــە جیاوازیـــەکی کۆمەڵایـــەتی بێئـــەندازە و پـەیرەوکردنی سیاسـەتیکی زۆرەملییانـەی تیدا بـو، ئیـتر سـەرچاوەکەی نـاوخۆبووبیت یـان ئیسـتعمار. ئەمـە و سـەرەرای دواکـەوتوویی پلەیـەکی ترسـناك لـە رووی رۆشـنبیریەوە. هـەموو ئەمانـەش وینەیـەکی تـەواو پیچەوانـەی ئـەو وینـەی کۆمـەڵگای فەرنسـی بـوو کـە سەرشـاربوو بـەو ئازادیانـەی سسـتمی کۆمـاری لـە دوای شۆرشەوە بناغـەی بـۆ دارشـتبوون. هاوکات کۆمەڵگەیـەك بوو لیوان لیو بوو لە جموجولی ئابووری و ئەفراندنی رۆشـنبیری و بـەرفراوانبوونی تـیروانینی میژوویـی و ئـیرادەی مەعریفـە و کۆنـترۆلکردن. لەگـەڵ ئـەو خۆشگوزەرانی و پاکوخاوینیەی کە بە شەقام و شوینە گشـتیەکان و خانووبەرەکانـەوە دیـار بـوو. هـەروەها دەسـتپیداهینان و بـاش بـەکارهینانی زەوی و زار و کەلەکەبوونی سەرمایەگوزاری لە شارەکاندا و.. هتد.

هەموو ئەمانـەش جیـی سـەرنجی لاوانـی موسـلمان یـاخود ئـەو عەرەبانـە بـوون کە بەمەبەسـتی خوینـدن رویاندەکردە پایتەختی وڵاتانی ئەروپی، بەتایبەتیش: لە پـاریس و لـەندەن و بـەرلین و برۆکسـل و رۆمـا و مەرسیلیا. هەر ئەمەش بوو لە خودی (ئەتاتورك) خۆی روویـدا، کـاتیك روویکـردە شـاری تۆلـۆزی فەرەنسـی بۆئەوەی لە ئەکادیمیا سەربازیەکەیدا بخوینیت.

(ئــەتاتورك) چــەندێ بــە كەشـــفكردنی ئـــەوروپا خۆشحاڵ بـوو، ئـەوەندەش لـەو چارەنووسـە میژوویيـەش بـەداخ بـوو كـە بـە شايسـتەی خـۆی (يـاخود شايسـتەی وڵاتەكـەی) نـەدەزانی.. دوای (ئــەتاتورك) (رەفاعــە رافــع تەهتاوی) میسری، پاشان (تەها حسـين و كـاتب ياسـين)ی جەزائیری و حـەبیب بۆرقیبـەی تونسـی، زۆر لـە كەسـانی دیكەش دوچاری هـەمان حالـەت بـوون. هـەموو ئەوانـە و هەريـەك بـە شـيوازی تايبـەتی خـۆی و لـەريی نووسـين و هەلسـوكەوتەوە كەوتنــە گوزارشــتكردن لــەو تراژيديــا میژووییە، تراژیدیای ئەو جیاوازیە بێئەندازەیە لەنیوان دوو جیهانی جیاواز لە یەكتر. ئەم تراژیدیایەش بەردەوام ئالۆزتر دەبیت، لەسەر ئاستی نیودەولەتیش بەشیوەیەكی زەقتر بەردەوامە و دریژەی هەیە.

ئەمـە ئـەو پاشـخانە دەروونـی و كلتوريـە هاوبەشـەيە كـە لـە پشـت هـەموو كـار و چالاكيـەكی سـەركردەيەكی سياسی عەرەبی ياخود موسلمانەوە راوەسـتاوە (ئيـتر ئـەو سـەركردەيە هـەر كەسـيك بيـت و سـەر بـە هـەر گـەل و نەتەوەیەك بیت)، وەها حالەتیكیش لانی كـەم تـا كۆتـايی جـەنگی دووەمـی جیـهانی لـەئارادابوو. ئـەو قۆناغـەش قۆنــاغی هوشــیاری ســاویلكانەبوو. مەبەســتم لەوەيــە رۆشـــنبيران و ســـەركردە سياســـيەكان بەوپــــەری ساويلكەییەوە لـەوباوەرەدا بـوون ئـەوەندە بەسـە ئـەم نمونەيـە بگوازينـەوە (بـۆ ئـەم وڵات يـان ئـەو وڵاتـی

ئیسلامی)، یان ئەو چارەسەرە حازربەدەستانە بخوازین کە بوونەمایەی سەرکەوتن و باڵادەست بوونی ژیاری خۆرئاوا. عەلمانیەتیش یەکێك بوو لەو چارەسەرکاریانە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی ئایین تییاندا پیشەنگە و کۆنترۆلی تەواوی چالاکیەکانی ژیانی رۆژانەی کردووە (ئەلبەتە لیرەدا مەبەستم کۆمەڵگا ئیسلامیەکانە).

بەلام ئەوکات نە رۆشنبیران و نە سەرکردە موسلمانەکان خاوەنی ئەو رۆشنبیریە - میژوویە پیویستە نەبوون، تا دەستنیشانی دروستبوونی ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت لە خۆرئاوا و ئەرکە کۆمەلایەتی و سیاسی و سنوورە فەلسەفیەکانی بکەن، وەك ئەوەی من لە لاپەرەکانی پیشوودا کردم. لەسەر ئەمە ئەم نمونەیەت بۆ باسدەکەم: رۆشنبیری تورکی (عەبدوللا سیڤیت)، بەریوەبەری رۆژنامەی (ئیجتیهاد) لە ساتەوەختی شۆرشی کەمالیەتدا بەوپەری ساویلکەییەوە دەنووسیت: (شارستانیەتی دوەم لەئارادا نیە. تەنها یەك شارستانیەت هەیە. وشەی شارستانیەت مانای شارستانیەتی ئەوروپی، بۆیە پیویستە وەك خۆی چۆن هەیە بیخوازین و بەهەموو لایەنە سلبی و ئیجابیەکانیەوە بیسەپینین).

(ئەتاتورك) زۆر لەمە زیاتر پیی لیهەلبری. ئەو هەر بەوەندەوە نەوەستا ئەو سەلتەنەیە لابەریت کە هوشیاری دەستە جەمعی موسلمانان گەیاندبوویانە ئاستی خەلافەتی پیرۆز (هەر لیرەوە نارەزایی لەلایەن زانایانی

ئایینی ئەزهەرەوە دروستبو،بەهۆی ئەو گورزە رەمزیە توندەوە کە بەر هوشیاری ئیسلامی کەوت). هاوکات پەلاماری ئەو کەش و هەوا سیمۆلۆژیە یاخود سەرجەم موسلمانانیدا. ئەوەبوو پیتە عەرەبیەکانی بە پیتی لاتینی گۆری و شەبقەی ئەوروپی لەجیی (تەربوش) دانا و جلوبەرگی هینایە جیی جلوبەرگی تەقلیدیو شەریعەتیشی بە یاسای سویسری گۆری.. وەك دەشزانریت ئاهەنگ و بۆنە رەسمیەکان و موبەق و کەلوپەل و هونەری بیناسازی و سالنامە و.. هتد، ئەو سیستمە سیمۆلۆژیە یاخود رەمزییە پیکدینن کە جلەوی حەساسیەتی فەردی و دەستەجەمعی کۆمەلگایەك لە کۆمەلگەکان، شارستانیەتیك لە شارستانیەتەکان دەکات. هەر ئەم سیستمەش ئاراستەی ئەو شتانە دەکات کە بەر لە ئەقڵ و تیگەیشتن دەگرن (بەپیی زاراوەی ئیمانویل کانت).

هەموو ئەم سیستم و شیوازانە تەنها لە ماوەی چەند سالیکدا لەلایەن ئەتاتورکەوە وەلاوە خران، سیستمی ئەوروپیان لە جیگەدا دانرا. ئەمەش ئەو هەلەی شۆرشگیرە فەرەنسیەکانمان بەبیردینیتەوە، کاتیك پییان وابوو دەتوانن سروت و پەرستنی مرۆڤی بالا، بیننە جیگای سروت و خواپەرستی مەسیحیەت. لیرەدا هەم چاکە و هەم گرنگیشە بۆئەوەی بگەریینەوە بۆ رۆلی وەزیفەی رەمزی و بایەخی رۆلی ئەم وەزیفەیە لە

دامەزراندنی سیستمیکی مەعنەوی و سیمۆلۆژی تازەدا دەستنیشان بکەین، کە سیستمی سیاسی و کۆمەلآیەتی و یاسایی و ئابووری نویی لێجیادەبیتەوە.

لیرەدا دەتوانین سەرکیشیەك بکەین بەوەی لیکدانەوەیەك دەربارەی سەرکەوتی هەمیشە و بەردەوامی ئایینە تەقلیدیەکان بخەینەروو، لەوەی دەتوانن رۆلی ئەم وەزیفە رەمزیە بگیرن، لەبەرامبەریشدا شکستی سەرتاسەریانە یاخود مامناوەندی شۆرشە دنیایەکان کە دژ بە تەقالیدەکانن لە جیگرتنەوەی ئەم وەزیفەیەدا دیاریبکەین. ئەویش لە ریگای تاوتویکردنی هەر حالەتە وەك خۆی و بەجیا لەویتر، بۆئەوەی بزانین کە چۆن چۆنی پیغەمبەر یان سەرکردەیەکی کاریزمی چارەسەری ئەم وەزیفە رەمزیەیان کردووە، یاخود بە چ شیوەیەك کاریان پیکردوە و بەگەریان خستووە.

بیگومان بەپیی هەلومەرجەکان رەمز رۆلیکی زۆر جیاواز دەگیریت؛ بۆ نمونە لەناو کلتوریکی زارەکیدا کە بونیادیکی میسۆلۆژی هەبیت شتیکەو لەناو سیستمیکی لۆژیکی مەرکەزی کلتوریکی نوسراودا (کلتوریك کە لەناو سنوری روئیای میژووییدا بیت) شتیکی دیکەیە. شۆرشی (ئەتاتورك) سەرکەوتنی ئەقلی پۆزەتفستی - میژووگەریتی چەسپاندکە زۆر جیاوازە لە هۆشیاری میسۆلۆژی، هوشیاریەك کە تا ئیستاش کاریگەری بەسەر

زۆربەی زۆری ئیمانداران و پیاوانی ئایینی و نەخویندەوارانی تورکیا و ولاتانی تری ئیسلامیەوە هەیە. لیرەوە دەبینین ئەو دابرانە ئایدیۆلۆژیەی نیوان سەرکردە شۆرشگیرەکان لەلایەك ئەو جەماوەرەی کە سەرکردەکان خوازیارن ئازادی بکەن لەلایەکی ترەوە، رووبەرووی خودی ئەو سەرمایە رەمزییە دەبیتەوە کە کەلەپووری زیندوو، بەدریژی چاخەکان لە هەولی بەنەمریکردنیدا بووە:

ئەوکات سیمبولەکان تەنها دەبنە چەند دروشمیك کە لە رییانەوە راستەوخۆ هەریەك لە تازەگەر و کۆنسیرڤاتیڤەکان خۆیانی پیدەناسنەوە و بەخۆیان ئاشنا دەبن. ئەم ئاماژانە یاخود ئەم دروشمە دەرەکیانە ماناکانیان پیچەوانە دەبنەوە، یان دەکریت بلیین لەماوەی خەبات لە دژی ئیستعمار لە جەزائیر لەنیوان سالانی (١٩٥٤-١٩٦٢) یاخود لەماوەی شۆرشی ئیسلامی لە ئیران لە سالی (١٩٧٩) هەلگیردرایەوە. ئەوکات حیجاب پۆشین لەلایەن ژنان، یان ریش بەردانەوە لەلایەن پیاوانەوەو دروستکردنی مزگەوتی تازەی هەمەجۆر و گەرانەوە بۆ جلوبەرگی تەقلیدی و کەلوپەلی کۆن و شەریعەت و .. هتد، هەموو ئەمانە بوونە نیشانەی ئیجابی. ئەمەش بەپیچەوانەی ئەوەوەیە، کە لە سەردەمی (ئەتاتورك) دا روویدا. هاوکات ئەم شتانە بوونە نیشانەی بەدەستهینانەوەی (شوناسی) ئیسلامی، شوناسیك کە لە

ناوجەرگەی نیشتمانی خۆیدا لەلایەن ئیمپریالیزمی خۆرئاوا شالاوی دەکریتە سەر. نووسینەوەی میژووی (ئیسلام) ی هاوچەرخ بەم جۆرە، واتە لەریی رووداوی سیاسی و زاراوە و دروشمی ئایدیۆلۆژیەوە نا کە ناسیۆنالستەکان میژووی پیدەنووسنەوە، بەلکو نووسینەوەی لەسەر ئاستی (بونیادە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی خەیاڵ یان خەیالدان) ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە کە چۆن چۆنی رەمزیکی بەرز و بالا دەپوکیتەوە و دەگاتە ئاستیکی نزم و تەنها دەبیتە نیشانە و دروشمیك. پاشان ئەوەشمان بۆ ئاشکرادەکات کە چۆن چۆنی ئەو ئاماژە و دروشمانە هەولی بەدەستهینانەوەی وەزیفەی رەمزی دەدەن، بەبی ئەوەی لەم هەولەیاندا سەرکەوتووبن. نووسینەوەی میژوو بەمشیوەیەی دووەمیان مانای سەرلەنوی بیرکردنەوەیە لە چارەنووسی تەواوی کۆمەلگا مرۆڤایەتیەکان، کە لە چوارچیوەی تیگەیشتن و مەعقولیەتیکی تازەی سەرتاسەری و ریشەییدایە. ئەو رۆشنبیریە زانستیەی ئیستا دەرفەتی ئەوەمان دەداتی قەلەمبازیکی مەعریفی وا بدەین تا حالەتی ئەفسانەیی لەبەر زۆر لە سەرکردە و شۆرشە خویناویەکان بکەینەوە، بەلام دامودەزگا سکۆلائی و زانکۆکان کە راستەوخۆ بە دیدگای سیاسی ئەو جۆرە سەرکردانەوە گریدراون، تا ئیستاش ریگەی ئەوە نادەن تا ئەم رۆحە زانستیە تازەیە بلاوببیتەوە.

تورکیا کە ئەزموونی (ئەتاتورك) بەقولی کاری تیدا کرد، لەمرۆدا نمونەیەکی دەولەمەندمان لە پەند و دەلالەت پیشکەشدەکات لەپیناو تاوتویکردنی ئەم دیاردەیەدا. ئەویش ئەوەیە چۆن چۆنی سیمبولە بەرز و بالآکان شلۆق دەبن و تەنها دەبنە چەند دروشم و ئاماژەیەك. پاشان ئەو هەولەی بەشیوەیەکی پیچەوانە دەدریت بۆ سەرلەنویٚ زیندوکردنەوەی ئەو ئاماژە و دروشمانە، سەرلەنویٚ کردنەوەیان بە رەمز لە سیاقیکی ئایدیۆلۆژی و رۆشنبیریدا، بواری ئەوەمان دەداتیٚ تا بیر لە مەسەلەی نەگەرانەوە لە میژوودا (میژووی کۆمەلگا ئینسانیەکان) بکەینەوە.

لەبەرئەم هۆیە پیمخۆشە بەدریژی ئیستیك لەبەردەم نمونەی تورکیادا بکەم، لەبەرئەوەی ئەمرۆ لە هەر کاتیکی دیکە زیاتر زۆر بەقورسی هۆکارەکانی رابردووی ئیسلام لەگەلٚ هۆکارەکانی تازەگەری یاخود ئامادەگی ئەو ولآتە بۆ بە (ئەوروپی)بوون و پیٚنانە ناو مۆدیرنیتەوە تیکەلٚ بە یەکتری دەبن و بەیەکدا دەچن. پیموایە پیویستە لەسەر هەموو ئەو موسلمانانەی دەربایسی دەولەمەندکردنی فیکری ئیسلامی هاوچەرخن، کەوا بەدریژی لەبەردەم لیکۆلینەوە لە ئەزموونی تورکیدا بووەستن. بەمجۆرەش دەبیت خۆمان بە رۆشنبیریەکی ئەنسرۆپۆلۆژی بەراوردکاری چەکدار بکەین، بۆئەوەی دوو بابەت تاوتویٚ بکەین کە بە قورسی تەواوی کۆمەلگا

ئیسلامیەکانیان بەخۆیانەوە سەرقالکردووە، هەردوو بابەتەکەش پەیوەندیان بەو ئەزموونەوە هەیە کە دژ بە رابردوو تەقالیدەکانە: مەبەستم لەوەش ئەزموونی (کەلەپور)، واتە میراتی رۆشنبیری سەردەمی کلاسیکی لە میژووی عەرەبی - ئیسلامی کە ماوەی سالانی (٦٣٢-١٢٥٨) دەگریتەوە. دووەمیشیان بریتیە لەوەی بە شالاوی فیکری خۆرئاوا لەقەلەم دەدریت، ئەو شالاوەش بەشیوەیەکی تەواو و تایبەت لە ئەزموونەکەی (ئەتاتورك) دا بەرجەستە بوو، لەبەرئەوەی دەنگدانەوەی ئەم ئەزموونە ئەوەندەیە کە لەبن نایەت و کۆتایی نایەت.

## محەمەد ئەرکۆن

★لە ناوچەی "تاوریرت میمون" لە وڵاتی جەزائیر لە دایك بووە.

★خویندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری "وەهران" تەواوکردووە.

★پاشان چۆتە جەزائیری پایتەخت و لە زانکۆی ئەویدا زمانی عەرەبی لە کۆلیژی ئاداب دا خویندووە.

★لە دوای تەواوکردنی خویندنی زانکۆ روی کردۆتەوە فەرەنساو لە ناوەراستی پەنجاکانەوە لە پاریس نیشتەجێیە.. سالی ١٩٦٩ لە زانکۆی سۆربۆن بروانامەی دکتۆرای دەولەتی وەرگرتووە. کارنامەی دکتۆراکەشی دەربارەی (مەسکویەو ئاقاری مرۆگەری عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی)دا بووە.

★سالی ١٩٦١ بۆتە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سۆربۆن، پاشان لە سالی ١٩٧٠ دا کۆرسی میژووی فیکری ئیسلامی پێدراوە لە هەمان زانکۆدا.

★لە ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٨ بەریوەبەری "پەیمانگای خویندنی ئیسلامی" بووە لە سۆربۆن.

٨سەرنووسەری گۆڤاری ARABICA بووە کە تایبەت بوو بە لیکۆلینەوەی عەرەبی و ئیسلامی.

★لە زانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا وانەبیژ بووە.

★ئەندامی لیژنەی نەتەوایەتی ئاکار بووە لە فەرەنسا.

★خاوەنی چەندین کتیبی گرنگە دەربارەی فیکری ئیسلامی کە بە زمانی فەرەنسی نووسیونی و، "هاشم سالح" لەگەڵ پیشەکی و

پـەراویز بــۆ نووســیندا زۆربــەی زۆری وەرگیراونەتــە ســەر زمــانی عەرەبی، لەوانە:

١ -مێژووی فیکری عەرەبی- ئیسلامی، ١٩٨٦.

٢ -فیکری ئیسلامی/ خوێندنەوەیەکی زانستی، ١٩٨٧.

٣ -ئیسلام: ئاکارو سیاسەت، ١٩٨٨.

٤-ئیسلام: رەخنەو ئیجتیهاد، ١٩٩٠.

٥ -ئیسلام،/ ئەوروپا، خۆرئاوا، ١٩٩٥.

٦ -ئاقاری مرۆگەری لە فیپکری عەرەبیدا، ١٩٩٦.

٧-چــەند مەســەلەیەك دەربــارەی رەخنــەگرتن لــە ئــەقلی ئایینی، ١٩٩٨.

## هاشم سالح

*سالی ١٩٥٠ له پاریزگای (لاذقية ) له سوریا له دایك بووه.

*سالی ١٩٧٣ لیسانسی له ئەدەب و زمانی عەرەبیدا له زانكۆی دیمەشق وەرگرتووه.

*له هەمان زانكۆ سالی ١٩٧٥ بروانامەی ماستەری پێدراوه.

سالی ١٩٨١ بروانامەی دكتۆرای له زانكۆی سۆربۆن وەرگرتووه، كارنامەی دكتۆراكەشی لەسەر "ریبازەكانی رەخنەی ئەدەبی نوێ" بووه.

*به دریژایی ئەم بیست ساله له پال وەرگیرانی زۆربەی زۆری كارەكانی "محەمەد ئەركۆن"دا بۆ سەر زمانی عەرەبی، چەندین وتار و لیكۆلینەوەو كتیبی لەسەر فیكری ئەوروپی تازه پیشكەش به كتیبخانەی عەرەبی كردووه.

## پێرست

* پێشەکی...
بۆچی دەبێت عەلمانی بین؟ ........................... ٥
*دیاردەی فیندەمینتالیزم........................... ١٥
*ئاینو عەلمانییەت ................................ ٣٠
*عەلمانییەتو ئیسلام ............................. ١١٢

## سەرچاوەكە بە زمانی عەرەبی:


- الفكرالاسلامي (نقد ءاجتهاد)- دار الطليعة، بيروت_ الطبعة الاولى، ١٩٩٩
- قضايا في نقد الفكر الدينى (كيف نفهم اسلام اليوم)- دار الطليغة، بيروت- الطبعة الاولى، ١٩٩٨.